# کورد و تورکمان
# رابردوویەکی پڕ لە قەیران
# داهاتوویەکی تەماویی و نادیار

موعتەسەم نەجمەدین
munaa_2020@yahoo.com

مرۆڤەکانی کەرکوك دەبێت هەمەجۆری ئەم شارە لە هۆکارێك بۆ ناکۆکیی و شەڕ و پێکهەڵپژانەوە بگۆڕن بە هۆکارێك بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی زۆر جوانتر و تەباتر و ڕەنگینتر لەوانیتر.

لە نیوەی دووەمی ساڵی 2007دا کە چەند مانگێك ماوەی کۆتایی لە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری هێورکردنەوەی باری ئەمنی کەرکوك و گەڕاندنەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئاسەواری ڕاگواستن و بەعەرەبکردن لە کەرکوکدا مابوو,لە هەفتەنامەی هەواڵدا ئەم بابەتە بڵاوکراوەتەوە ,لەو ڕۆژانەدا بە هەمان شێوەی بارودۆخی ساڵی 1959 کەرکوك لە دۆخێکی نائارام و ناجێگیردا دەژیا و ڕۆژ بە ڕۆژ ئاگری شەڕ و ناکۆکی و تیرۆر لە زیادبووندابوو و ئایندەیەکی زۆر ترسناك چاوەڕێی کەرکوکی دەکرد.ئەمڕۆ لەدوای ڕوداوەکەی 28/تەموزی 2008جارێکی تر ئەم نوسراوە بە شێوەی کتێب بە دەستکاریەکی کەمەوە دەخەمە بەر دیدەی خوێنەر بە هیوای خزمەتکردن بەدۆزی ئاشتی و پێکەوە ژیان نەك قوڵکردنەوەی برینەکان, هیوادارم خوێنەر بەوردی و بەنیەتی خزمەتکردن بە بەرژەوەندی گشتی و پێکەوە ژیان ولێکتێگەیشتن سەفەر بە نێو ئەم باسەدا بکات,تابتوانین سود لە مێژوو ببینین و وانەیەك لەو ڕوژە ڕەشانە بۆ ئایندە هەڵکرێنین .

ئەوەی مایەی نیگەرانیە پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان مێژوویەکی دورودرێژو زەویەکی خوێناوی بە یەکیانەوە دەبەستێت ، ئەم دوو نەتەوەیە لەسەر ئەرزی واقع تا ئەمڕۆ بەرژەوەندیەکی هاوبەشیان بۆ دروست نەبووە ، بەڵکو هەریەکەیان لە ئاوازێك . دەخوێنێ‌و ئەوی تر ئیستیفزاز دەکات

لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا سیاسەتی تەتریك‌و تەرحیلکردنی کورد ، یەکەم بەردی بناغەی عەقڵیەتی دژایەتی‌و ناکۆکی نێوان نەتەوەکانی کەرکوکی دروستکرد ، لەو سەردەمەدا دەیان خێزانی کورد بوون بە تورکمان‌و ئەمڕۆش هەندێك لەوانە چونەتە پاڵ تورکمانە توندڕەوەکان و دەستی باڵایان هەیە لە کێشەو گرفتەکان ، بەڕوخانی دەسەڵاتی عوسمانی‌و بەدرێژایی ماوەی دەسەڵاتی پاشایەتی ، تورکمان لە عێراقدا نەیانتوانی هیچ حیزبێ یان ڕێکخراوێکی سیاسی دامەزرێنن‌و هیچ سەنگێك‌و چالاکیەکی سیاسیان نەبوو ، بەدارمانی دەسەڵاتی پادشایەتی لەسەردەمی قاسمدا لەژێر چەتری لاوازی دەسەڵات‌و ناجێگیری سیاسیدا ، بە پاڵپشتی تورکیا‌و بەهاوکاری شۆڤێنێتی عەرەبی پایەی سیاسی خۆیان لەسەر دژایەتی کوردو دەسەڵاتی قاسم بنیات نا ، بەدارمانی دەسەڵاتی قاسم‌و هاتنە سەر حوکمی بەعس جارێکی تر تورکمانە موتەتەریف‌و ئاژاوەچیەکان پەڕو پارچەو بوخچەی خۆیان پێچایەوە ، تا سەرەتای نەوەتەکان ، بەدەرکردنی بەعس لە کوردستان لە

سێبەری لایەنە سیاسیە کوردیەکاندا ، لە کوردستان کەوتنەوە دامەزراندنی ئەحزاب و ڕێکخراوی سیاسی تورکمان، بە دارمانی بەعس و لاوازبوونی دەسەڵاتی سیاسی ناوەندو دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نوێی نیمچە دیموکراسی و مەدەنی لە عێراقدا ، تورکمانە موتەتەریفەکان جارێکی تر هاتنەوە مەیدان بۆ دژایەتی کردنی کورد, هەر لە سەرەتاوە دەستیان لەگەڵ . شۆڤێنیی عەرەبی و بەرەی تیرۆر تێکەڵ کرد

ئەم راستیانە ئەوە دەسەلمێنن کە تورکمانە موتەتەریفەکان بەردەوام لەبەرەی دژ بەگەل و نیشتمان و دەسەڵاتی دیموکراسی و مەدەنیدا بوون ، هاوشانی دەسەڵاتە شۆڤێنی و موتەتەریفەکانی عەرەب ، تورکمان لە دژی بەرژەوەندی گشتی کاریان کردووە .

بە چڕکردنەوەی باسەکە تورکمان لە کەرکوکدا لەدوو سەردەمدا توانیویەتی رۆڵی سیاسی هەبێت ، سەردەمی (عبدالکریم قاسم ) و سەردەمی دوای دەسەڵاتی بەعس یان عێراقی نوێ ، ئەم دووسەردەمە جگە لەوەی لێکچوونێکی زۆریان هەیە ، . هاوکات رووداوو بەسەرهاتەکانیشیان زۆر لەیەك دەچن

من لێرەدا بەمەبەستی بەرچاوڕونی هەندێك لەو راستیانە دەخەمەڕوو ، بۆ ئەم مەبەستەش هەڵسەنگاندن و شیتاڵیەکی سەرپێیانە بۆ هەردوو رێپێوانەکەی 14ی تەموزی ساڵی 1959 و 28ی تەموزی 2008 دەکەم

سەرەتای دەستپێکردنی رێپێوانەکان

لە 14ی تەموزی 1959دا بۆ ساڵیادی کودەتاکەی قاسم و دامەزراندنی دەسەڵاتی کۆماری لە عێراقدا، کوردو شیوعیەکان لە کەرکوك لەلایەك بۆ پاڵپشتی دەسەڵات و سەپاندنی ئاشتی کە ئەوکات زیاتر شیعاری دەسەڵاتی نوێ و کوردو شیوعیەکان بوو ، بڕیاریاندا رێپێوانێکی ئاشتی بکەن ، ئەوکات وەك ئەمڕۆ تورکمانە موتەتەریفەکان بە رۆڵی کوردو شیوعی قەڵس دەبوون ، بۆیە زۆر هەوڵیانداو هەڕەشەیان کرد کە ئەو رێپێوانە نەکرێت ، بەڵام شیوعیەکان ئەوکات بەمەبەستێك و قاسم و داروەستەکەی بەمەبەستی نانەوەی ئاژاوەو لێدانی شیوعیەکان لەلایەکی تر سوور بوون لەسەر ئەنجامدانی رێپێوانەکە ، ئاپۆڕەی خەڵك ئەوکات لەقەڵاوە بەپردی نزیك گەراجی حەویجەدا رووی لە بازاڕی ئەوبەری پردەکە کرد بەرەو ئەحمەد ئاغا بەشەقامی ئەتڵەسدا ، کە چەند جێگایەکی کۆبوونەوەی تورکمانە موتەتەریفەکانی لەخۆ دەگرت ، لەوانە گازینۆکەی عوسمان کە خاوەنەکەی پیاوێکی موتەتەریفی تۆرانی بوو

لەوێ تورکمانە تۆرانیەکان کەوتنە نەخشە و پلان دانان بۆ تێکدانی رێپێوانەکە ، ئەوکات لەسەر کازینۆکەوە تەقە بەچڕی و عەشوایی کرایە ناو ئاپۆڕەی خەڵکەکەوەو ئاژاوە کە دروستبوو,دەیان کەس بریندار وشەهید کرا.

لە 28ی تەموزی 2008دا کاتێك کە کوردەکان بۆ پاڵپشتی یاساو پێشێلنەکردنی دەستوورو سەپاندنی مافە رەواکانیان بە رێگای ئاشتی و مەدەنیانە رێپێوانێکیان دەستپێکرد لەم کاتەدا بەهەمان شێوەی 14ی تەموزی 1959 تورکمانە موتەتەریفەکان و پاشماوەکانی بەعس کەوتنە هەڕەشەو گوڕەشەو نانەوەی فیتنە بۆ تێکدانی رێپێوانەکە , کە ئاپۆڕەی خەڵکی سپی ئاشتی خواز گەیشتنە نزیك پارێزگای کەرکوك پلانەکەی موتەتەریفەکان بە هاوکاری رێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە بە کردەوەیەکی خۆکوژی دەستپێکرد ، لەو کردەوەیەدا زیاتر لە 25 هاوڵاتی بێ چەك و بێ دیفاعیان شەهید کرد ، لەگەڵ ئەمەشدا موتەتەریفەکانی تورکمان لەسەر بارەگاکانی خۆیان و لەلایەن هەندێ لە پۆلیسی تورکمان و عەرەبەوە تەقە کردن

لەخەڵك دەستپێكردو چەندین كەسیان شەهیدو بریندار كرد.لەمەش زیاتر هەندێك لە موتەتەریفەكان واباس لەم كردەوە تیرۆرستیە دەكەن كە تۆڵەكردنەوەی رووداوەكەی ساڵی 1959 یە .

میحوەری ئەم دوو رووداوە تەواو دووبارەبوونەوەی مێژووە ، لێرەدا رەنگە بوار نەبێ بە چڕی قسە لەسەر ئاكارو هۆكارەكانی ئەم دوو رووداوە بكرێت ، بۆیە من تەنها رووداوەكان بە سادەیی و بەرووتی دەخەمە بەر چاوی خوێنەر.

لەساڵی 1959دا ، بەرپەرچدانەوەی شیوعیەكان بۆ تەقەو كوشتو بڕی توركمانە تۆرانیەكان و تۆڵە كردنەوە لێیان، عەزێتدان و كوشتنی 27 توركمانی لێكەوتەوە

لەتۆڵەی ئەمەش دا ، قاسم بەهەلی زانی دەستی خۆی لە شیوعیەكان و كورد بوەشێنێ ، بەم ئاكامە جگە لەوەی بالأنسی شیوعیەكان زۆر بەرەو داكشان چوو هاوكات بو بە هۆكاریك بۆ لێدانی كوردو قەزییەكەی ، ئەوكات راستەوخۆ قاسم بڕیاریدا بە ناردنی سوپا و ئەفسەرە شۆڤینیەكان بۆ كەركوك ، بەگەیشتنی ئەم سوپایە لەگەڵ دەستپێكردنی رەشە كوژی خەڵكی بێ دیفاعی كورد چەندین كەسایەتی چالاكی شیوعیەكان دەستگیر كران دواتریش سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندرا ، ئەو روداوە رۆژێكی رەشی لێكەوتەوە بۆ كورد ، بۆیە لێشاوی دەركردن و تەرحیل كردن و هەڵهاتنی كورد لە كەركوكدا گەیشتە زەروەو تاك و تەرا لە گەڕەكە كوردنشینەكاندا خەڵك و ماڵی كوردت دەبینی ،جل و بەرگی كوردی و ناسنامەی كوردایەتی وەك تلیاكیان لێ هات و قاچاغ بوون.

لەچەند رۆژی پێش 28 ی تەموزی 2008 بەرەی توركمانی و هاوسۆزانی كەوتنە خۆئامادە كردن بۆ رێگرتن لە ئەنجامدانی رێپێوانەكە وبە هەڕەشەو پلان و موئامەرە پێشوازیان لە رێپێوانەكە كرد,لەدوای رووداوەكەش توركمانە موتەتەریفەكان و عەرەبە شۆڤینەكان سەرەڕای كوشت و بڕی كورد ، بەردەوامبوون لەسەر ئیستیفزاز كردنو سیاسەتی ئاژاوە نانەوە تا جارێكی تر كورد بەو هەڵەیەدا بەرن كە چەند توركمانێك بكوژێت و ئەزێت بدات بۆ ئەوەی هەمان مێژووی رەش وەك خۆی جارێكی تر دووبارە ببێتەوە ، شۆڤێنیەكان ئەمجارەش وەك 14ی تەموزی 1959 دەیانویست سوپای شۆڤێنی عەرەبی بنێرنە كەركوك و ئەم شارە داگیربكەن و بكەونە لێدان و ئەزێتدانی كورد.

ئەوەی جێگای دڵخۆشیە كورد ئەمجارە نەكەوتە كەمین و چاڵی ئەوانەوەو توانی خۆ راگر بێت و پەنا بۆ یاساو دادگا بەرێت بەم كردەوەیەش شۆڤێنی و موتەتەریفەكان زۆر سەغڵەت بوون و كەوتنە بەرپاكردنی پڕوپاگەندەو پلان و بانگەشەی هاتنی سوپای عەرەبی شۆڤێنی و سوپای توركیا,بەبیانوی ئەوەی كورد بەنیازە تۆڵەی خۆی لە توركمان بكاتەوە ,بەلأم ئەوەی باری بەرەی توركمانی و شۆفێنیەكانی شلوق كرد ئەوە بوو دەزگا ئەمنیەكانی شاری كەركوك توانیان ناسنامەی خۆكوژە تیرۆرستەكە كە كەسێكی توركمان بوو بدۆزنەوەو بڕێك لەو ئەفسەرانە دەسگیربكەن كە لەو رۆژەدا تەقەیان لەخەڵق كردبوو ,ئەمانەش لە كەناڵەكانی راگەیاندنەوە ئەوەیان ئاشكراكرد كە ئەمان بە فەرمانی هەندێك لەسەرانی بەرەی توركمانی تەقەیان لە خەڵك كردوە.

لەم دوو رووداوەدا هەموو ئاكارو هۆكارو عەقڵەكان یەكبوون تەنها كورد نەبێت توانی ئاكامەكەی بەدروستی بگۆرێت ونەیەڵێ خەونە سواوەكانی ناحەزانی دیموكراسی و پێكەوە ژیان بێتە دی ، بۆیە من پێموایە ئێمە لەگەڵ زیانی گیانی و تەعداكردنلێمان زیانمان نەكردوە ، شەهیدەكانمان دەبێت وەك شەهیدانی سەنگەری خەبات و رزگاری مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت رێزیان لێبگیرێت و قەرەبویان بكرێتەوە,چونكە ئەوانە دەبنە پێشمەرگەی سەنگەری سەردەمێكی نوێ.

لەم ڕووداوەدا تورکمان بەتەقەو ڕاگەیاندنی چەواشە شەڕانگێزیو عەرەبیش بەتەقینەوە ویستیان کارەسات و قەسابخانەکەی ساڵی 1959 دووبارە بکەنەوە ، لەرۆداوی 28ی تەموزی 2008 ئەگەر ئاراستەی خەڵك ڕوەو ناوچە تورکمانیەکان بچووبایەو (سەد) تورکمانێك بکوژرایە ، ئایا ئێستا ئاکامەکە چی دەبوو ، ئایا ئێستا ئەو بیانووە بەدەستەوە نەبوو کە سوپای عەرەبی لەبەغداوە بێنە کەرکوك ؟ هاتنی سوپا چ کارەساتێکی بۆ کورد لیَ دەکەوتەوەو بەعەقڵ و باوەڕی کیَ جارێکی تر ئەو سوپایە کەرکوکی جێدەهێشت ! ئەمانەو دەیان پرسیاری تر دەبێت کورد بەوردی بیانخاتە ناو مەودای بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەکانیەوەو بەوردی شیتاڵکاریان بۆبکات.

لەسەردەمی قاسمدا شیوعیەکانو تورکمانە موتەتەریفەکان چەقۆیان لەیەك دەسوو ، ئەمڕۆ لایەنێکی کوردیو بەرەی تورکمانی دان لەیەك جیڕ دەکەنەوە

لەسەردەمی قاسمدا موتەتەریفەکانی تورکمان داوایان دەکرد کەرکوك بخرێتە سەر تورکیا ، بەلاَم ئەمڕۆ داوا دەکەن نەخرێتە سەر هەرێمی کوردستانو بخرێتە سەر کیَ گرنگ نیە ئەگەر ئەو وڵاتە چینیش بێت.

لە سەردەمی قاسمدا تورکمانە موتەتەریفەکانو عەرەبە شۆڤینیەکان لە تورکیا و سوریا و میسرەوە پاڵپشتیو هێزو ڕێنمایو عەقڵیان وەردەگرت ، ئەمڕۆ شۆڤێنیو موتەتەریفەکان سەرچاوەکانی هێزو بیریان لە ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانو تورکیاوە وەردەگرن.

لە ساڵی 1959دا قاسم لە کەمیندا بوو بۆ لێدانی کوردو شیوعیەکان ئەمڕۆش دەسەڵاتی شۆڤێنی عەرەبی لە کەمیندایە بۆ لێدانی کوردو دەرکردنی لە کەرکوك.

لەم دوو ڕووداوەدا لایەنێك بەردەوام سوورە لەسەر ڕێپێوانەکەو یادکردنەوەو لایەنێك سوورە لەسەر تێکدانی ڕێپێوانەکەو کوشتنی ئاشتی خوازان

بۆیە حوسنی کەلام من پێموایە ناحەزانی کورد ئەمڕۆ وەك مەگەز لە سەنگەرو کەمیندان تا کەلێنێك بۆ چونە ناو لەشی کورد بدۆزنەوەو گەرای شەڕو مەرگی تیادا دانەن ، لەبەر ئەمە بەهێزترین وەڵامدانەوەو تۆڵە کردنەوە لە شۆڤێنیو موتەتەریفەکان لە کەرکوکدا، خۆڕاگرتنی کوردە لە بەرامبەر ئەو کردەوە تیرۆریستانە.

لێرەدا تاڵترین ڕاستی ئەوەیە لەدوای هەموو ئەم کارەساتەو لە دوای ڕوداوە خوێناویەکەی 28/ی تەموزیش هێشتا هەردوو گەلانی عەرەب و تورك ئامادەنیین دان بە مافەکانی کورد لەم شارەدا بنێن, عەرەب وەك ئەوەی کاریگەری پاشماوەی شۆڤێنێتی عەرەبی و بەعسیزمی لەسەرماوە, گەڕانەوەی کەرکوك بۆ کوردستان بەترسێکی گەورە لەسەر ئەمنی قەومی عەرەبی دەزانێت و هەندێك جاریش ئەم بیرۆکەیەی عەقڵی شۆڤێنی عەرەبی لەوەش تەجاوز دەکات و دەڵیَ بە گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئیسرائیلیێکی تر دژی عەرەب دروست دەبێت, چونکە بە گەڕاندنەوەی بۆ باوشی دایکی, کەرکوك دەبێتە ناوکی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی, ئەمەش لای عەرەب وتورك تا ئەمڕۆ بە هیچ شێوەیەك جێگای ڕەزامەندی نییە و لە سەرجەم ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تورکی و عەرەبیدا ڕەتدەکرێتەوە,وەك تورکیاش کە بەبەردەوامی فتیلە شەڕو ئاشوبی کەرکوك بووە سورە لەسەر دەستتێوەردان و نانەوەی فیتنە و شەر وتێکدانی پەیوەندی نێوان گەلانی کەرکوك و دژایەتی کردنی کورد .

تورکمان وەك پێکهاتەیەکی ئەم شارە, بوون بە دووبەشەوە, شەقامی تورکمانی بەلایەك وبەرەی تورکمانی بە لایەکی تر, بەرە تا ئەمڕۆ تەنها تێڕوانینی ئەوەیە کەرکوك نەدرێت بە کورد, لێرەدا لەگەڵ ئەوەی تورکمان لە کەرکودا ئازادە لەسەر ئەوەی چی دەوێت و چۆن بیردەکاتەوە, چونکە ئەم ئازادی بیرکردنەوە و تێڕوانینە یەکێ لە گرنگترین سیمای شارستانیەتی نوێیە و دەبێت کورد زۆر بە دڵ فراوانییەوە قبووڵیبکات, ئەگەر چەندێك دژی بێت, بەڵام بیرکردنەوەی بەرەی تورکمانی لەم شارەدا, نە بۆ بەرژەوەندی تورکمانی عیراقە و نەخزمەت بەگەلی تورکمان لە کەرکوك دەکات, تەنها رەنگدانەوەی خەونێکی کۆنی دەسەڵاتی عوسمانی و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی تورکیایە کە بەردەوام تورکمانی عیراق و کەرکوکیان کردووەتە قوربان بەرژەوەندییە باڵاکانی حکومەتی تورکی,بۆیە دبینرێت بەرەی تورکمانی رۆژ بە رۆژ زیاتر ناماعقوڵیەت لەتێڕوانین و ناڕاستی لە هەڵسو کەوتی دەردەکەوێت و نیەتە خراپەکانی ئاشکرا دەبن ,بەتایبەتی لەو کاتانە کە رق وکینەیان ئەوەندە قوڵدەبێتەوە ئیتر ناتوانن روی ناحەزانەو دوژمنکارانەیان بشارنەوەو بەئاشکرا دەڵێن ئێمە پێمان باشە کەرکوك بچێتە سەر چین نەك بگەرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ، ئەمانەو دەیان نمونەی تر مەتڵەبی تورکیای ئەتاتورکین ,نەك گەلی تورکمانی کەرکوك ,هەموو داواکاریەکانیان تەنیا بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتی تورکیایە و بە زیان بۆ هەردوو گەلی کوردو تورك لە کەرکوك دەشکێتەوە ,بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانیە بەشێك لەتورکمانی ئەم شارە کەوتونەتە داوی ناحەزان و بوون بە ماشەی دوژمنانی کوردو تورکمان .

تا ئەمڕۆش بە گشتی تورکیا تورکمانی کەرکوك بەکاردێنێت بۆ دووئامانجی دیاریکراو:

یەکەم: بەمەبەستی گوشار دروستکردن لەسەر عیراق و کورد بۆ بەردەوامبوون لەسەر هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك لە رێگای تورکیاوە بۆ بەندەری جیهان, کە ئەمە بۆخۆی داهاتێکی دارایی مەزن بۆ دەوڵەتی تورکیا دابین دەکات و بەشێوەیەکی سەرەکیی سوودی لێ دەبینێت.

دووەم: تورکیا گوشار بۆ کوردی عیراق دێنێت, بۆ ئەوەی کیانێکی کوردی لە باکوری عیراق دروست نەبێت, چونکە ئەمە بە هەوێن دەزانێ بۆ دروستکردنی کیانێکی کوردی لە تورکیا, کە تا ئەمڕۆش زیاتر لە سی ملیۆن کورد لە تورکیا دەژین و بە تورکە شاخاوییەکان ناودەبرێن و کەمترین مافی چارەی خۆنووسینیان نییە, تەنانەت مافی دەرهێنانی ناسنامەی کوردایەتی و قسەکردنیشیان بە زمانی کوردی نییە.لێرەدا سەیرو سەمەرە لەوەدایە کەتا ئەمڕۆ لەسەرەتای هەزارەی سێیەم عەقڵیەتێکی سیاسی ئینسانی وامابێت ,یان عەقڵیەتێك تا ئەمڕۆ بەشێوازی سەدەی نۆزدە بیربکاتەوەو هەموو ئەو گۆڕانکاریە مەزنانەی دونیا کاری تێنەکات ,لە خەیاڵ زەمەنێك بۆخۆی دروست بکات هیچ پەیوەندیەکی بە دونیای واقیعەوە نەبێت , لە هەمان کاتیشدا بیەوێ لە سیستمێکی جیهانی گەورەی وەك یەکێتی ئەوروپا بەشدار بێت.

لە دوای داڕمانی رژێمی بەعسەوە کورد لەم شارەدا زۆر بە هێمنی کار بۆ دەستخستنی مافەکانی خۆیدەکات و زۆر بە لێبووردەییەوە کارەکانی رۆژانە بەڕێوەدەبات, ئەگەر چی هەندێك لاوی کوردی خوێنگەرم هەن ئەم سیاسەتەی ئیدارەی کوردی بە هەڵە دەزانن و پێیانوایە دەبێت کورد لەوە زیاتر قبوڵی زوڵم و خیانەتی هاوڕێیانانی نەکات و ئەویش دەستبکات بە کاری تیرۆریستی و تۆڵەسەندنەوە, بەڵام لە راستیدا کورد بە هەڵبژاردنی رێگای ئاشتی و سیاسی بۆیەکلایکردنەوەی کێشەکان و گرتنەبەری رێبازی دڵفراوانی و لێبووردەیی دەتوانێ خۆی بگەیەنێتە هاوشانی گەلانی هاوچەرخ, ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کورد دەستبەرداری کەرکوك دەبێت, بەڵکو کورد کەرکوك بە بەشێکی دانەبڕاوە کوردستان دەزانێت و بە هیچ

شێوەیەك ئامادەنیە دەستبەرداری بێت. نەك ئێستا بگرە بە درێژایی مێژووی خەبات و رزگاری بەردەوام گرفتی لەگەڵ حكومەتە ناوەندەكاندا لەسەر كەركوك بووە و چەندین جار شۆڕش و ورۆڵەكانی كردووەتە قوربانی ئەم مافەی خۆی.

ئەمڕۆ بە گشتی, هەر دوو دەسەلاتی توركمانی و عەرەبی ناتوانن لەو راستییە بگەن,  كە هەزارەی سێیەم سەردەمێكی جیاوازە لە سەدەی بیستەم و جارێكی تر زەمەن ناگەڕێتە دواوە, ئەمڕۆ جیهان و مرۆڤایەتی  بیر وتێڕوانینی خۆیان لەسەر ئایدیا و بیرێكی تەواو جیاواز دامەزراندووە, زەمەنی دەسەلاتی دیكتاتۆری بەسەرچوو, ئەوانی ماویشن وەك ئێران و توركیا و سوریا دەبێت چاوەڕوانی كۆتایی ژیانی خۆیان بن, جا بە هەر شێوەیەك بێت. لەم سەردەمەدا مرۆڤایەتی ئایندەی خۆی لەسەر بنەماكانی رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و دیموكراسیەت و داڕمانی تەرسانەی چەكسازی و چەكی كۆمەڵكوژ دادەمەزرێنن.

زۆرجار باس لە كەركوك دەكرێت كە بچووككەرەوەی عیراقێكی گەورەیە,  بۆیە ئەم شارە سەرجەم گرفتو  كێشەكانی عیراق لە خۆدەگرێت, بەڵكو لەمەش زیاتر كەركوك خاڵی رووبەڕووبونەوەی ناكۆكی نێوان گەلان و ئاینەكانی عیراقە, بەمەش كەركوك دەبێتە نمونەی پێكەوە ژیان یان هۆكارێك بۆسوتانی هەموان.

ئەمڕۆ لەسەر زەوی كەركوك نەتەوەكانی كورد و عەرەب  توركمان و ئاشووری دەژین, ئەمە جگە لە چەندین ئاین و مەزهەبی جیاواز لەوانە ئیسلام و مەسیحی و سووبی و كاكەیی و شیعە و سوونەو و ....هتد. لەم هەمەجۆرییەدا  بۆ ئەوەی بتوانین  پێكەوە هەڵكەین وبژین و تەبابین دەبێت مرۆڤی نموونەیی و بالاّ بین, مرۆڤەكانی كەركوك دەبێت هەمەجۆری ئەم شارە لە هۆكارێك بۆ ناكۆكیی و شەڕ و پێكهەڵپڕژانەوە بگۆڕن بە هۆكارێك بۆ دامەزراندنی كۆمەڵگایەكی زۆر جوانتر و تەباتر لەوانیتر.

گەلانی كەركوك چۆن دەتوانن ببن بە داردەستی بێگانە و دوژمنان و ببنە مادەی سەرەتایی شەڕ و پوشی ئاگری یەكترکوژی,لە بری ئەمە دەتوانن ببنە فاكتەرێك بۆ دنیایەكی زۆر جوان و نموونەیی, زۆرجار لە مێژووی پەیوەندییەكانی ئەم گەلانە وێنەی زۆرجوان دەركەوتووە, لە كاتی موناسەباتی خۆشی و ناخۆشیدا جیرانەكان بیّ جیاوازی نەتەوە , ئایین , رەگەز ,بیرورا٬ بوونەتە برای یەكتر و یارمەتی یەكیان داوە ,لە بازاڕ و گەڕەكەكاندا زۆر جار ئەو وێنەیە دەبینرێت كە دەگمەنە لە هیچ شوێنێكی تری ئەم دونیایە بەم شێوەیە هەبێت, كە دوو كەس پێكەوە دەدوێن و هەر سیّ زمان تێكەڵدەكەن و  جوانترین تەشكیلەی لیّ دروستدەكەن.

لەگەڵ ئەوەی كە  ئەمڕۆ رۆشنبیرانی كورد زیاتر هەوڵی دروستكردنی گیانی پێكەوە ژیان و تەبایی نێوان گەلانی كەركوك دەدەن, بەلاّم هەندێك جار بۆ ئەم مەبەستە راستییەكان دەشێوێنن,  بە تایبەتی بە مەبەستی رازیكردنی توركمان تا لە پاشماوەی ئەو رقە ببێتەوە كە رۆژگاری رەشی دەسەلاتە دیكتاتۆرییەكان لە مێشكیاندا چاندوویەتی, بە بیّ لێكدانەوە و دیراسەكردن دەكەونە پاڵپشتی توركمانو كورد بەوە تاوانبار دەكەن كە نەیتوانیوە توركمان بەلای خۆیدا راكێشێت, لە بری ئەوەی بیكاتە دۆستی خۆی, كردوویەتی بە ناحەزی خۆی,  بەلاّم ئەمە راستیەكی ناتەواوە, چونكە مەرجەكانی شەڕ و ناكۆكی مێژوویەكی زۆر كۆنتر وقوڵتری هەیە , هاوكات هەندێك رووداوو كارەسات دووبارە بوونەوەی هەمان ئەو رۆژە رەشانەن كە لە ساڵی 1959دا تەڕ و وشكیان پێكەوە سووتان, ئەمڕۆ بە هەمان شێوەی رۆژانی پێش رووداوەكەی 14ی تەمووزی  ساڵی 1959 كە كارەساتی كوشتار و شەڕ و نارەحەتی بۆ هەردوو نەتەوە دروستكرد, ئێستا كۆمەڵێك دروستبوون بەهەمان ئاراستە وعەقڵیەتی ئەوكاتە هەڵسوكەوت دەكەن و رۆڵێكی بالاّیان هەیە لە دووبارە كردنەوەی ئەو رۆژە رەشە, ئەمڕۆ

گەر بەخێرایی بە هەندێك هەڵسوكەوتی هەندێك لەو توركمانە تۆرانیانەدا بچینەوە, كە تا ئەمڕۆش بە عەقڵیەتی سەردەمی عوسمانی بیردەكەنەوە و وادەزانن ئێستاش عەهدی بائیدە,دەبینین  بە ئیعازی توركیا و عەقڵیەتی پاشماوەی تۆرانچێتی هەڵسوكەوت دەكەن.

ف1:

## توركمانە موتەتەریفەكان پوشی شەڕ دادەنێن

لە ماوەی دوای رووخانی رژێمی سەدام, واتە لە ساڵی 2003ەوە بەمەبەستی تێكدانی باری ئەمنی ئەم شارەو نانەوەی شەڕو ئاشوب  وخوڵقاندنی فاكتەر و هۆكاری تێكدانی پەیوەندی نێوان گەلانی كەركوك بۆبەرژەوەندی وڵاتانی دەوروبەر ، چەندین گروپ و لایەن  لەژێر چەندین ناودا دامەزران ,بگرە دەیان رێكخراو و دامەزراوەی  بەناو مەدەنی و خزمەتگوزاری دامەزران ,بەڵام لەراستیدا ئەرك وەمهامی ئەمانە تەنیا كاری سیخوری و پێگەی ئامادە كردنی كردەوەی تیرۆرستی و ئاژاوەنانەوە بوون , لێرەدا بەمەبەستی زیاتر تێگەیشتن و بەرچاوڕونی مشتێك لەو پلان و كردەوە قێزەونانە دەخەمە روو ,ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆرێك لەو فیتنەو ئاشوبانە لە لایەن كەسێكەوە  یان لایەنێكەوە ئەنجام دەدرێت, چەندێك دژی كوردە, زیاتر دژی بەرژەوەندی گەلی توركمان و پێكەوە ژیانی گەلانی كەركوكە , ئەمەش زیاتر بە مەبەستی پەردەهەڵماڵین لەسەر راستییەكان, نەك بە مەبەستی نانەوەی شەڕ و پشێوی.

لێرەدا  ئەوەی زۆرمایەی نیگەرانیە هەندێك لایەنی سیاسی توركمان بوون بە سیخوڕی توركیاو بە هەمان شێوەی ساڵی 1959 كەوتوونەتەكار بۆ نانەوەی شەڕ و ئاژاوە و نا ئارامیی,  ئەم لایەنە بوون بە دووبەشەوە,  بەشێكیان بە رێگای سیاسیی و لە ناو ئیدارە و دەسەڵاتدا بەردەوام گرفت و كێشە دروستدەكەن و بەشێكیشیان چوونەتە پاڵ بەرەی تیرۆر و ئاژاوەچییەكان و عەرەبە موتەتەریفەكانی سوونە و شیعەوە و رۆڵێكی بەرچاویان لە دروستكردنی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ئەمڕۆی كەركوك هەیە.

ئاژاوە چییەكانی بەرەی  توركمانی و هاوبیرەكانیان لە دوای رووخانی بەعس بە ئیعازی دەزگا هەواڵگرییە سیخوڕییەكانی توركیا سەنگی چالاكییەكانیان بردە شاری كەركوكەوە,بە هەمان شێوازی ساڵی 1959 لەگەڵ عەرەبە تیرۆریستە موتەتەریفەكاندا دەستیان تێكەڵ كرد وكەوتنە خۆشكردنی ئاگری شەڕو بە پێچەوانەی گەلی توركمان و بەرژەوەندییەكانی هەڵسوكەوت دەكەن, كەسانی تۆرانی چ وەك گروپ, یان تاك داژایەتیكردنی كورد و گەلی توركمانیان كردووەتە بەرنامە و ئیستراتیژیەتی كاركردنیان, بۆ نموونە  لە راپۆرتی دەزگا هەواڵگریەكان  رۆژانە چەندین حاڵەت تۆمار دەكرێت لەم رووەوە, بۆ نموونە....  –لە یەكێ لە راپۆرتەكاندا باس لە كەسێكی توركمان دەكات بە ناوی (ن)ەوە كە لە رێگای بەغداد نیشتەجێیە و یەكێكە لە ئەندامانی حەرەكەی وەهابی , ئەركی سەرەكی ئەم كەسە كڕینی چەك و تەقەمەنیی و بۆمبە بە ناوی جیهادەوە بۆ تیرۆریستان.

– لە 2003/12/12دا پارێزگاری كەركوك و جێگرەكەی و سەرۆكی ئەنجومەن و چەند ئەندامێكی ئەنجومەن و كابتن (میڤل) دەچنە گوندی بەشیر, بەمەستی جێبەجێكردنی ئەو رێكەوتنامەیەی كەلە 2003/9/7 دا بە مەبەستی گەڕانەوەی ئەو عەرەبانەی كە بەعس لە دیالەوە هێنابوونیە گوندی بەشیر و دەوروبەری و لە جێگای توركمانە شیعەكان بە مەبەستی تەعریب كردنی ئەو ناوچەیە جێنشینكرابوون و گەڕانەوەی توركمانەكان بۆجێگاو زێدی خۆیان , بەڵام ئاژاوە چییەكانی بەرە

دەچنە پاڵ عەرەبە شۆڤینیەکان و ناهێڵن ئەم ڕێکەوتنە سەربگرێت ,بۆیە (قەنبەر) نوێنەری شیعەی تورکمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە عەشیرەتەکەی چەکداران و لە مرۆ بەدواوە هێز بەکار دێنن بۆ وەرگرتنەوەی ناوچەکەیان.

– لە کۆتایی ساڵی 2003ەوە ئاژاوەچی و ئیستفزازکەرانی تۆرانیی و عەرەبە موتەتەریفەکان بەردەوام لە زیادبووندابوون , ڕۆژانە دەیان پلان ونەخشەی دوژمنکارانەی نوێیان بە بەرگ وشێوەی هەمەجۆرەوە دادەهێنا وپلانی پێشکەوتوو وداهێنانی مەزنتریان دەدۆزیەوە,تا ئەو فەزایە بخولقێنین کە براکانی ئەم شارە بکەونە یەکتر کوشتن و شکاندنی یەکتر و سوتاندنی هەموو جوانی و پیرۆزیەکانیان .

– لە 2003/12/12دا لە دوای نوێژی هەینی لە حوسینیەی پشت فەرمانگەی رەگەزنامە لەشەقامی ئەتڵەس ڕێپێوانێک بە بەشداری لایەنگرانی (مقتدی الصدر) و عەرەبەکانی حەویجە و تورکمانەکانی تازە ڕێکدەخرێت, ئەوکات بەڕێوەبەری نووسینگەی (صدر) لە کەرکوک کە(عبدالفتاح الموسوی)بوو , لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان ڕێکدەکەوێت بەوەی ئەوان تەئمینی پارێزگاری وپاراستنی ئەو ڕێپێوانە بکەن, بەڵام دواتر (عبد الفتاح) ڕێگا دەدا بە خۆپیشاندەران چەک لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرن و ڕێپێوانەکە دەبێتە ڕێپێوانێکی چەکداریی و کۆتاییەکەی بە تەقەکردن و نانەوەیپشێوی دێت, لەم ڕێپێوانەدا بەشداربووان داوای ئازادکردنی بەندکراوە تیرۆریستەکانیان و گەڕانەوەی فەسڵکراوە بەعسییەکان دەکەن بۆ فەرمانگەکانی حکومەت .

– لە داوای گۆڕینی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە موزەکەرە وخۆپیشاندان داوای دەرکردنی پۆلیسە کوردەکانی کەرکوک دەکەن و داوای سڕینەوەی ناسنامەی کوردایەتی کەرکوک دەکەن .

– لە 2003/12/24 دا بەرپرسەکانی بەرەی تورکمانی درۆیەک دەخولقێنن, سەرجەم بارەگاکانی خۆیان لە کەرکوک لەوە ئاگادار دەکەنەوە کە کوردەکان بە نیازن هێرش بکەنە سەریان, بۆیە بڕیارێک تەعمیم دەکەن بەوەی هەر کەسێک چەک هەڵگرێت بۆ شەڕی کورد لە جەژنی قورباندا ئەوە بڕی (100) دۆلار خەڵات و بڕێک خۆراك وەردەگرێت و هاوکات دەتوانێ لەسەر حسابی بەرەی تورکمانی سەفەرێك بۆ تورکیا بکات.

– لە هەمان ڕۆژدا بە فیتی بەرەی تورکمانی (150) خوێندکار و هاوڵاتی لە بەردەم پارێزگای کەرکوکدا کۆدەبنەوە و شیعاراتی دژ بە عەمیدی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەڵێنەوە, لەوکاتەدا هەندێك لە ئەندامانی بەرەی تورکمانی هەوڵدەدەن ئەم نارەزایەتییە بکەنە قەیران و ئاگر و شەڕی ناکۆکی داگیرسێنن, هاوکات هانی نەتەوەکانی تری کەرکوک دەدەن بۆ دژایەتیکردنی کورد و نانەوەی شەڕ و ئاژاوە لە ناو پەیمانگەکە, بە مەبەستی تێگەیشتن لەم گرفتە دوای ئەو خۆپیشاندانە دەزگا هەواڵگرییەکانی کەرکوک چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەمیدی پەیمانگاکەدا ئەنجام دەدان, عەمید (مح) لە وەڵامدا دەڵێت.. من کۆمەڵێ بەڵگەنامە و سیدیم لایە, کە ئەم خوێندکارانە چۆن بۆ بەرژەوەندی بەرەی تورکمانی و لایەنە تیرۆرستیەکان کاردەکەن و ئاژاوە دەنێنەوە و هەوڵی دروستکردنی دووبەرەکی لە نێوان خوێندکارە کورد و تورکمانەکان و عەرەبەکان دەدەن و چەندین نامەی هەڕەشە و جنێویان بۆ من ناردووە.ئەم نمونەیە دووبارە بوونەوەی هەمان ڕوداوی خوێندنگای موسەلاّیە کەلە ساڵی 1959 لەلایان تۆرانیەکانەوە دروستکرا .

–عەرەبە موتەتەریفەکان وعەرەبە هاوردەکانی کەرکوک وتورکمانە تۆرانیەکان پلانێك دادەنێین بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان و ڕێپێوانێك, بە مەبەستی دژایەتیکردنی فیدرالیەت, بۆ ئەم مەبەستە لە 2003/12/31دا کۆمەڵێك لە بەرەی تورکمانی لە بەرگی

هاوڵاتیدا ڕێپێوانێك سازدەكەن, لەوكاتەشدا ژمارەیەكی زۆر لە شێخەكان و عەرەبی حەویجە و دەورووبەری بە بەرنامە دەگەنە كەركوك بۆ بەشداری لەو ڕێپێوانە ,عەرەبەكان بە ئیعازی (ش.و.ع)بەشداری دەكەن, توركمانەكانیش لە لایەن بەرەی توركمانیەوە ڕێنمای‌و ئیعاز وەردەگرن, دواتر چەندین كەسی تیرۆریست و موتەتەریفی ئیسلامیی دێنە ڕێپێوانەكەوە و بە تەواوەتی ئاراستەكەی دەگۆڕن, بەرەی توركمانیش بۆ زیاتر قووڵكردنەوەی قەیرانەكە ژمارەیەك چەكدار دەخاتە نێو ڕێپێوانەكەوە و ئاراستەی بەرەو بارەگای یەكێتی نیشتیمانی كوردستان دەبات و تا دەگاتە بەردەم بارەگاكە و هەندێك چەكدار دەستدەكەن بە تەقەكردن لە بارەگاكە, بەڵام دواتر مەفرەزەیەك لە هێزەكانی (KBI) خۆپیشاندانەكە لەو جێگایە دووردەخەنەوە و كۆتایی پێدێنن.

– لە 2004/1/5 كۆمپانیایەكی توركی بۆ دروستكردنی مۆبایل دەیەوێت بێتە كەركوك و لە ناوچەی پیشەسازی بەشێك بكاتەوە, ئەم كۆمپانیایە لە ڕێگای مونەسقێكەوە بە ناوی (ئە)كە توركمانی كەركوكە و پێشتر لە دەزگای هەواڵگری توركیا كاریدەكرد سەرپەرشتی دەكرێت. بۆئەم مەبەستە سەردانی پارێزگای كەركوك دەكەن و جێگری پارێزگا ئیسماعیل حەدیدی دەبینن, بەڵام دواتر دەردەكەوێت كە ئەم كۆمپانیایە ئەوەندەی ئامانجی سیاسی وسیخوڕی و نانەوەی ئاشوبی لە پشتەوەیە, ئەوەندە بە هۆكاری بازرگانی نەهاتوون, بۆیە هەوڵەكانی شكست دەخوات‌و ڕێگایان پێنادرێت لە كەركوك بارەگا بكەنەوە .

لە هەمان ڕۆژدا دەزگا هەواڵگرییەكانی كەركوك ئەو زانیاریانەیان پێدەگات كە لە گوندی (ساری تەپە) كە دووكیلۆمەتر لە كەركوكەوە دوورە, بڕێك ڕاجمە و موشەك لە ژێر زەویدا شاردراوەتەوە و دواتر دەزگا ئەمنیەكانی كەركوكی لێ ئاگادار دەكرێتەوە و دەست بەسەریدا دەگیرێت.

– لە 2004/1/8دا كۆمەڵێ لە ئەندامانی ڕێكخراوی تیرۆرستی (انصار الاسلام) لەگەڵ گروپێك لە توركانەكمان لە قەڵا لە ماڵێكدا كۆدەبنەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە كوشتنی سەربازەكانی هاوپەیمانان و ئەوانەی هاوكاریان دەكەن حەڵاڵە و جیهادە.

شایەنی باسە, ئەو ماڵە موڵكی كەسێكە كە ناوی (ج) توركمانە و لە 2003/12/31 بە واتا لە ڕۆژی خۆپیشاندانەكەدا,وردتر لەدوای تەواوبوونی كۆمەڵێ چەك و تەقەمەنی دێنێ بۆ ئەو ماڵە.

– لە كەركوك كۆمەڵێ لە دەوڵەمەندەكانی توركمان بە هاوكاری عەشائرە عەرەبەكانی عوبێد و هەندێك لەموتەتەریفە نەتەوەییەكان بڕیار دەدەن بەرەیەك پێكبهێنن بۆ دژایەتی كورد و نانەوەی شەڕ و ناكۆكی لە نێوان كورد و عەرەبدا, هاوكات هاوكاری و پاڵپشتی ڕەوتە ئیسلامییە توندڕەوەكان بكەن و یارمەتی دارایی و چەكیان بۆ دابین بكەن, لەسەر ئەم دۆخە یەكێ لە سەرانی تۆرانیەت دەڵێت... (ئێمە ئەگەر لە بەرامبەر عەرەبدا شكستمان هێنابێ, بەڵام دەبێت لە بەرامبەر كورد سەركەوین, چونكە بەرژەوەندی وڵاتی دایك (توركیا) ئەمڕۆ وای دەوێت, ئەمەش بۆ ئێمە ئەركێكی نیشتیمانی و نەتەوەییە),لێرەدا نیەت و تێڕوانینی ئەم گروپە چۆن دەردەكەوێت ,كەسانێك توركیا بەوڵاتی دایكی خۆی بزانێت ,دەبێ سیفەتی لەعێراقدا چی بێت ,ئایا دەكرێ بڵێین وتەكەی تاریق عزیز ڕاست دەركەوت ,كە وتی توركمانی عێراق هاوڵاتی توركیان و لای ئێمە میوانن.

–لە ڕۆژی 2003/8/23 ئەندامانی بەرەی توركمانی خۆپیشاندانێك ئەنجام دەدەن, لەو ڕۆژەدا ئۆتۆمبیلێكی جۆری (بی, ئێم, دبلیو) دێت و لە بەردەم تەلاری چادرچی نزیك تەلاری پارێزگا, دەست دەكات بە دابەشكردنی چەك بەسەر خۆپیشاندەراندا, ئەمە جگە لە چەند كۆگا و دوكانێك كە خاوەنەكانیان سەر بە بەرەی توركمانین و لەو جێگایەدان و لە

دوكانەكانیانەوە چەك و تەقەمەنی بەسەر خۆپیشاندەراندا دابەشدەكەن, لەوانە (خ.ئا) و كوڕەكەی

. دواتر تەقە دەست پێدەكات, ئاژاوەچییەكان رووی تفەنگەكانیان دەكەنە پاسەوانەكانی پارێزگا و دەزگای (هەواڵ) بۆ رۆژنامەوانی.

شایەنی باسە,دەزگای راگەیاندنی (هەواڵ) ئەوكات تەنها یەك پاسەوانی چەكداریشی نەبوو, بۆیە دەرگاكە لەسەر خۆیان دادەخەن تا سوپای ئەمەریكا و پاسەوانەكانی پارێزگار دێن بە فریایان دەكەون و ئاژاوەچییەكان راودەنێن.

زۆرێك لە كردەوەكانی بەرەی توركمانی دووبارەكردنەوەی هەڵسوكەوت و هەمان سیاسەتی تۆرانیەكانی ساڵی 1959یە, ئەمڕۆ بەرە دەیان رێكەوتننامە و گرێبەستی ئاژاوەگێڕی بۆ تێكدانی پەیوەندی برایەتی نێوان كورد و عەرەب و توركمان لە كەركوكدا ئەنجام دەدا و بەردەوام هەوڵی پڕچەككردنی ئاژاوەچێتی و سیخوڕەكانی بێگانە دەدات, یەكێ لەو رێكەوتنامانە سەفقەی كڕینی چەك و تەقەمەنی بوو لە توركیا كە بە رێكەوتن لە نێوان بەرەی توركمانی و عەشیرەتی عوبێد لە كەركوك بە سەرپەرشتی توركمانێكی كەركوك بە ناوی (ش)ەوە و دوو ئەفسەری توركمان بەڕێوە دەچێت.

لایەنگرانی بەرەی توركمانی و تۆرانیەكان بە مەبەستی نانەوەی ئاژاوە وناكۆكی هەموو جۆرە كردەوەیەك دەكەن, بە بێ شەرم و دوودڵی, ئەگەر كەسێك رۆژانە گوێ لە كەناڵەكانی راگەیاندنی بەرەببێت, ئەوە بۆی دەردەكەوێت, ئەوانەی من دەیڵێم زۆر كەمترە لە راستی ئەو كردەوانە.

تۆرانیەكان لە پاڵ ئەنجامدانی كردەوەی تەخریبی و فیتنە, ماوەیەكە دەستیان داوەتە رووخانی گۆڕی توركمانەكان خۆیان , بە مەبەستی تاوانباركردنی كورد, ئەمە جگە لەوەی بۆ تاوانباركردنی كورد گروپێكیان پێكهێناوە بۆ دزینی ئۆتۆمبیلی دەوڵەمەندەكانی توركمان‌و دروستكردنی رووداو و گرفت لە نێو خوێندكارە كورد و توركمانەكان لەو قوتابخانانەی كە منداڵانی كورد و توركمان پێكەوە دەخوێنن.

- لە 2003/11/17 دا كۆمەڵێ خوێندكاری توركمان لە ئامادەیی كەركوك بە مەبەستی ئیستیفزازكردنی خوێندكارە كوردەكان, هەڵدەستن بە نووسینەوەی لەوحەی ناوی قوتابخانەكە بە زمانی لاتینی, بۆیە خوێندكارە كوردەكان داوادەكەن ئەو لافیتانە داگرن و نووسینەوەی ناوی قوتابخانەكەیان بە لاتینی بسڕێتەوە و دواتر لە رۆژی دوایدا لە 2003/11/18 سەرۆكی بەرەی توركمانی (فاروق عبدالرحمن) دێتە ئامادەیی كەركوك بە مەبەستی چارەسەركردنی كێشەكە وەك ئەوەی كاك فاروق بەڕێوەبەری پەروەردەی كەركوك یان بەرپرسێكی پۆلیس یان ئاسایش بێت ,بەڵام كێشەكە قوڵتر دەبێت و دواتر زۆر بە ناڕەحەتی ئاگری ناكۆكیەكە دەكوژێتەوە .

ئەم رووداوە هاوشێوەی رووداوەكەی شەڕی نێوان مامۆستا و خوێندكارە توركمانەكانی قوتابخانەی( موسەلا) بوو كە لە ساڵی (1959) نێوان چەند خوێندكارێكی تۆرانی و مامۆستا (سەنیە جەباری)دا لەئاكامی فیتنەو پلانی تۆرانیەكانی ئەو كاتەدا دروست بوو.

-(س. ح. ق) كە پێشتر ئەندامی فەرماندەیی فیرقەی حزبی بەعس بوو, ئەمڕۆ بەیەكێ لە سەرانی تۆرانچێتی دادەنرێت و بەردەوام خەریكی نانەوەی ناكۆكیی و فیتنەیە لە نێوان كورد و توركمان و چەندین پلان و نەخشە بۆ دژایەتیكردنی كورد و ئەمەریكا بەڕێوە دەبات, لەوانە لە ماوەی پێشوودا دەچێتە خورماتو و ناحیەی دوبس و لەوێ بە نهێنی چاوی بە چەندین سەرەك عەشیرەتی عەرەبی دەكەوێت و هەوڵدەدات كە قەناعەتیان پێبكات, عەرەبە هاوردەكان كەركوك بە جێ نەهێڵن و

نەگەڕێنەوە بۆ جێگاو شوێنی خۆیان و داوایان لێدەکات لە کەرکوکدا بمێننەوە و لەگەڵ تورکمانەکاندا یەك ریزیەك دروستکەن بۆ لێدانی کورد و دەرکردنیان لە کەرکوك. هەروەها لە کۆبوونەوەیەکدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە داوایان لە تورکیا کردووە هێز و پاڵپشتی دارایی و چەك بۆ تورکمانەکان دابینبکات و تورکیاش پەیمانی هاوکاریان پێ دەدات و دواتر (س) بەشێوەیەکی نهێنی سەردانی ناوچەکانی ئاڵتونکۆپری و تاوخ و تازە و حەویجە و ریاز و لەیلان دەکات و بانگەشە بۆ هەمان مەبەست دەکات.

- لە شەوی 15-2003/11/16 کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە ماڵی (م. ص. ك) ی خاوەن کۆمپانیای (سم تك)ی تورکی رێکدەخرێت, ئەم کۆنفرانسە کە لە کاتژمێر (7)ی ئێوارەوە دەست پێدەکات و کاك فاروقی بەرپرسی بەرەی تورکمانی و وەلید ناوێك کە بازرگان و بەڵێندەرە لەگەڵ (خ. ئا) و (م)برای (م. ص. ك) و (ف. ق) و (ص) خاوەن دەرمانخانەی (ص) تیایدا بەشدار دەبن.

لەم کۆبوونەوەیەدا چەندین باس دەخرێتە بەر گفتوگۆ و باسکردن, لەوانە:

1-باسی (صباح قره التون): لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداران باسی ئەو چالاکیانە دەکەن کە بۆ گەڕانەوەی صباح ودژایەتیکردنی کوردەکان ئەنجامیانداوە لە بەرامبەر دوورخستنەوەی صباح لە پۆستەکەی, هەروەها بڕیاردەدەن کە رێپێوانێك ئەنجامبدەن لە 2003/11/16 بۆ ئەو مەبەستە.

2- باسی دەعوەتنامەی جۆرج: گفتوگۆکردنی ئەو باسەی کە پەیوەستە بە دەعوەتکردنی جۆرجەوە لە رێگای (ع. ص) بۆ تورکیا, بە ناوی بازرگانییەوە. لەمبارەیەوە سەرۆکی بەرەی تورکمانی فاروق لە دانیشتنەکەدا دەڵێ:( ئەگەر ئەم سەفەرە سەرکەوێت, ئەوا کۆنترۆڵی ئابووری کەرکوك دەکەین, هەروەها دەیبەینە لای بەرپرسانی تورك و بەبڕێك پارە ئیغرای دەکەین, بۆ ئەم مەبەستەش گلۆپی سەوزمان لە تورکیاوە بۆ هەڵکراوە).

3- بڕیار لەسەر دروستکردنی نەخۆشخانەیەك لە رێگای مانگی سووری تورکییەوە دەدرێت. ئەم نەخۆشخانەیە وەك پرۆژەیەکی خێرخوازی ئەنجام دەدرێت, بەڵام ئەرکی سەرەکی بۆ چاودێری و سیخوڕی و ئەنجامدانی کاری نهێنی وتێکدەرانە دەبێت لەدژی نەتەوەکانی کەرکوك و بۆ بەرژەوەندی وڵاتی دایك (تورکیا).

ئەمانە و چەندین باسی تر لەم کۆبوونەوەیە لەلایەن بەشداربوانەوە قسە و گفتوگۆی لەسەرکرا, بەڵام سەرجەمیان بۆ مەبەستی تێکدانی باری ئەمنی و سیاسی کەرکوك بوو لە دژی حکومەتی نوێ و گەلانی کەرکوك.

دواتر لە کاتژمێر (9)ی شەودا کۆتایی بەدانیشتنەکەیان دێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی بەردەست کەوتون ئەمانە و دەیان کردەوەی نادروست و موئامەرە رۆژانە لە دوای ئەنجامدانی دەکرێنە راپۆرت و کۆپیەکی لێ بەرز دەکرێتەوە بۆ دەزگا ئەمنی و هەواڵگریەکانی تورکیا و فەرمانگەی باڵای ئیستخباراتی سەربازی تورکیای لێ ئاگادار دەکرێتەوە .

لەو راپۆرتانە کە لەرۆژانی سەرەتای رووخانی رژێمی بەعس و رزگار بوونی شاری کەرکوکەوە لە لایەن سیخوڕانی تورکیا و ئاژاوەچییەکانەوە نووسراو و بەرزکراوەتەوە, لە 2003/4/10 واتا تەنیا لە دوای چەند رۆژێك لە پرۆسەی رزگاری عێراق, راپۆرتێك لە لایەن نوێنەری بەرەی تورکمانییەوە دەدرێتە سەرۆکی بەرە و دواتر کۆپیەکی لە رێگای ئەوەوە دەدرێتە دەزگای هەواڵگری و سەربازی تورکیا و دەزگا ئەمنیەکانی باڵای حکومەتی تورکی, لەو راپۆرتەدا چەندین

زانیاری چەواشەکاری و نا دروست دەخەنەڕوو و کە سەرجەمیان بۆ خۆبردنە پێشەوەیە لە تورکیا و وەرگرتنی پارەو پاڵپشتیە.

ئەمڕۆ لە چاوەڕانی دیاریکردنی چارەنووسی کەرکوك، هەندێك تورکمان و عەرەب گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ،ناتوانن لە ڕێگای ئیستفتا و یاساوە ڕێگا لە گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگرن، بۆیە بە زۆری پەنا بۆ کاری ئاژاوەگێڕی یان گوشاری سیاسیی دەبەن، هەندێك جاریش گروپە تیرۆرستی و توندڕەوەکان پەنا بۆ کردەوەی زۆر نائینسانی لەدژی خەڵکی هەژار و مەدەنی دەبەن.

ئەمە ڕاستییەکی تاڵە کە بە گشتی تێڕوانینی بەرەی تورکمانی و عەرەبە موتەتەریفەکانە دژ بە بەرژەوندییەکانی کورد، ئەمە لەکاتێکدایە کورد ئەوەندەی تورکمانی بەلاوە گرنگە، ئەوەندە تێڕوانینی گەلانی تری بەلاوە گرنگ نییە، چونکە تورکمان بەشەریك و دۆستی نەك تەنها رابردوو و ئێستای دەزانێ، بەڵکو بۆ ئایندە و هەتاهەتایە دەبێت ئەم دوونەتەوەیە لەم شارەدا پێکەوە بژین، بەلاّم بە پێچەوانەوە بەشێك لە برا تورکمانەکان بوونی کورد و پێکەوە ژیانیان لەگەڵیاندا بە ناڕەوا و نا دروست دەزانن، هاوشانی ئەم قەناعەتە هەندێك لایەنی سیاسیی تورکمان وەك بەرەی تورکمانی کە تەنها لە سێبەری کورددا دەتوانن ژیانی سیاسی خۆیان بگوزەرێنن و داوای مافە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و کلتووری و ڕۆشنبیریەکانی تورکمان بکەن، کەچی کەوتوونەتە لێدانی کورد و بەرژەوندیەکانی و بە ڕاست و چەپدا بە هەموو چەکێك لێیان دەدەن و بەردەوام سوورن لەسەر ئەو درۆ و پڕوپاگەندە بە مەبەستی شێواندنی ڕاستی ڕێژەی کورد و تورکمان لە کەرکوکدا،و بوونی کورد لەم شارە نابینن و بەشارێکی تورکمانی ناوزەد دەکەن.لێرەدا سەمەرە لەوەدایە کە ئەو تورکمانانە ئەوەندە کورت بین بن درك بەوە نەکەن ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لەئاستێکدایە رەنگە سڕینەوە یان کوشتنی تاکە کەسێك ئاسان نەبێت ,یاخود کوشتنی ڕۆژنامەنوسێك ببێتە مایەی گرفت و کێشە بۆ وڵاتێك ,کەچی ئەوان بیانەوێ ناسنامەی سەدان هەزار کەس بسڕنەوە و ئینکار لە بونی نەتەوەیك بکەن، کە هەموو ڕوژە سەختەکانی سەدەی شەڕ وناعەدالەتی سەدەی بیستەمی بەڕێخست بێو کۆتای نەهاتبێت ,لەڕاستیدا ئەمە خۆگێلکردن نیە بەڵکو ئەمە گێلی تەواوە.

لە دوای دەرکەوتنی ئاکامی دەنگدانەکەی ساڵی (2005 ) کە ڕێژەی تورکمان تەنها ( ) بوو، تەنها ( ) کورسی لە ئەنجومەنی پارێزگا بەرکەوت. ئەمە لەو کاتەی کە بۆ تورکیا شۆکێك بوو ,لایەنە سیاسیە تورکمانیەکانیشی توشی ئیحراجی کرد , هاوکات هۆکارێکیش بوو، بۆ ئەوەی تورکیا بە دروستی قسە نادروستەکانی ئەمان بگات و تێڕوانینێکی تری هەبێت و ئیستراتیژیەتی مامەڵەکردنی خۆی لەسەر هەمان سیاسەتی پێشووی نەهێڵێت و بگۆڕێت، بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا لە بازنەی دژایەتیکردنی کورد دەرنەچوو، لە دوای دەرکەوتنی ئەم ڕاستیانە بەرەی تورکمانی کەوتە پڕوپاگەندە و گلەیی ئەوەی کە ڕێژەی پلە و پایەی تورکمان لەم شارەدا زۆر لە قەبارەی خۆی کەمترە و کورد هەموو پۆستە گرنگ و ناوەند و بچووکەکانی بۆ خۆی قۆرخ کردووە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم بیانووە ناڕاست و شەڕانگێزییەی بەرەی تورکمان، ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونکردنەوەکانی دوایی بەوردی وەڵامی دروستی دەدەنەوە:

| نەتەوە – پلە | عەرەب | کورد | تورکمان | ئاشووری | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| ئیدارەی گرنگ و هەستیار | 7 | 15 | 1 | 1 | 19 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ٪5 | ٪10 | ٪50 | ٪35 | |
| 46 | – _ | 8 ٪17 | 30 ٪66 | 8 ٪7 | ئیدارەی ناوەندە ئاسایییەکان |
| 39 | 2 ٪5 | 19 ٪49 | 10 ٪26 | 8 ٪21 | ئیدارەو نووسینگە لاوازەکان |
| 105 100 ٪ | 3 ٪3 | 9 ٪27 | 50 ٪48 | 23 ٪22 | کۆی گشتی |

ئەمەش ناوی ئەو کەس و پۆستانەیە کە تورکمان لە کەرکودا هەیانە .

1-بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک تورهان عبدالرحمن

2-یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی د. نجدت دمیرجی

3- راگری کۆلێژی زانست د. عباس حسن نقی

4- کۆلێژی ئەندازیاری د. موئەیەد قاسم

5- بەڕێوەبەری ڕێگاوبان و پردی کەرکوک قاسم حمزە احمد

6- فەرمانگەی خەزنەی نیشتەجێکردن فیض الله محمد صالح

7-بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منالاًن د. ازل مهدی

8- بەڕێوەبەری ژینگەی کەرکوک علی عبدالرزاق عبدالوهاب

9- بەڕێوەبەری هەئیەی خدمات و مەوادی نەوتی باکوور ئەکرم فوئاد

10- بەڕێوەبەری هەئیەی ئیدارە و یاسای نەوتی باکوور جودت جرجیس مستەفا

11- بەڕێوەبەری پەیوەندیکردن و بەریدی کەرکوک عادل عبداللە علی

12- بەڕیوەبەری هێڵی ئاسنی کەرکوک شاکر محمود شکری

13- بەڕێوەبەری شوێنەواری کەرکوک ئەیاد فازیڵ

14- بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای کەرکوک یالچین مهدی رشید

15- بەڕیوەبەری ئاماری کەرکوک عدنان رضاء بابا

16- سەرۆکی بحوسی کشتوکاڵی عدنان فتح الله

17- بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکوک شن عمر مبارك

18- بەڕێوەبەری خوێندنی تورکمانی فاروق فوئاد

19- بەڕێوەبەری وقفی شیعیی حبیب سمین علی

20- بەڕێوەبەری تەختیتی عمرانی ئەیاد سلیمان عەلی

21- بەڕێوەبەری کۆمپانیای تەئمین شکرة عمر

22- بەڕێوەبەری بانکی رافدین / رئیسی شکیبه عبدالعزبز

23- بانکی رافدین / جمهوری موعتەسەم وهاب

24-بەڕێوەبەری بانکی رافدین / الذهب الاسود غانم رشاد

25- بانکی رشید / ئەتڵەس تاهیر محمد عبدالله

26- بانکی رشید / باباگرگر یاقوت شکر

27-بانکی رشید / عرفه محمد اصفر یوسف

28- مصرف رشید / حزیران عدنان عبدالرحمن

ئەم ڕێژەیە دەکاتە 27٪ی ئیدارییەکانی کەرکوك بە هەر سێ پلەکەیەوە, گەر بە پێی ڕێژەی دەنگدان بێت, ئەوا تورکمان ئەوەندەی بەرناکەوێت و یەکێ لە گرنگترین و هەستیارترین پلە و پایەی کەرکوك کۆمپانیای نەوتی باکوورە کە کورد لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی رەهایە لەم شارە, بەڵام بەقەد خوێی چێشتێك بوونی نییە لێیدا.

لە هەئیەی مفەوزیەی باڵای هەڵبژاردنەکاندا, تورکمانەکان لەسەرجەم ئیدارە و لیژنەکاندا بوونی دیاری هەبووە لەئیدارەی گشتیدا, کە لە سێ کەس پێکهاتبوو, بەڕێوەبەرێکی کورد بە ناوی (فرهاد مجید) و دوو هاوکار یەکێکیان بە ناوی(_ئیبراهیم یونس تورکمان) ئەویتریان بەناوی (نهاد عباس), لە شوعبە ئەمنیەکان سەرۆکی بەشەکە تورکمانە بە ناوی (محمد حمد زینل) و جێگرەکەشی هەر تورکمان بوو بەناوی (نهاد محمد کمال)ەوە, لەم لیژنەیە تەنها یەك کوردیش نەبووە لە ئیدارە و بەڕێوەبردنیدا.

لە رووی لۆجستییەوە سەرۆکی ئەم بەشە (لوجستی) عەرەب بوو و جێگرەکەی تورکمان بوو, لە بواری راگەیاندندا بەشی راگەیاندن سەرۆکەکەی کورد بوو, بەڵام هەردوو هاوکارەکەی بە ناوی تیمور عبدالله و نهاد ئەکبەر تورکمان بوون.

لەمەڕ پێکهاتەی ئالیاتی پۆلیسی کەرکوك جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگا لیوا تورهانە کە تورکمانە و بەڕێوەبەری پۆلیسی بەلدەی کەرکوك (السید الحاج برهان)ە تورکمانە و بەڕێوەبەری حرکاتی نەژدە کە ئامر قاتعی دوزە رائد عباس پیاوێکی تورکمانە.

بەڕێوەبەری ئالیاتی پۆلیس عەقید جەمال, تورکمانە, ئەمانە و دەیان ئەفسەری پلەدار و ئەفسەری ئاسایی تورکمان رۆڵی کاریگەریان هەیە لە بەڕێوەبردنی کەرکوك, بەڵام جێگای نیگەرانییە بەشێکی زۆر لەو ئەفسەرانە توجیهیان لەبەرەی تورکمانی و تورکیاوە وەردەگرن, نەك لە گەورە بەپرسانی پۆلیسی کەرکوك و بەغدادەوە و بەردەوام لە بەرەی دژ بە ئاسایش و ئارامی کەرکوك هەڵسوکەوت دەکەن و هەندێکیان بە ئاشکرا دژایەتی هاوڵاتییە کوردەکان دەکەن و چەندین

شەڕ و ناکۆکی دامەزراوە, لەبەر ئەوەی کاروباری هاوڵاتیە کوردەکان لەو فەرمانگەیانەی ئەوانی لێیە جێبەجێناکرێت یان دوادەخرێت یان ون دەکرێت و هەندێکجار هاوڵاتیانی کورد رووبەڕووی ئیهانە و سووکایەتی پێکردن دەبنەوە.

من باسکردنی ئەم راستیانەم بۆ ئەوەنییە کە دژایەتی و ناکۆکی لە نێوان کورد و تورکماندا دروست بێت یان زوڵملێکراوان بچن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە, بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو راستیە دەرکەوێت کە هەر ئەم هۆکار و مەرجانە بوون کە شەڕ و کوشتارەکانی ساڵی 1959ی دروستکرد, کە تا ئەمڕۆش ئێمە هەردوو نەتەوە پێکەوە زەرەمەندبووین تیایدا, بگرە ئەمڕۆش هەر ئێمە باجەکەی دەدەین و بێگانە و دوژمنانی گەلانی کەرکوک بەرهەمەکەی دەخۆن و سوودی لیٚ دەبینن.

ئەمڕۆ پەیوەندییەکانی کورد و تورکمان و عەرەب لەم شارەدا لەسەر رۆشنایی بنەماکانی رابردوو بنیات دەنرێت, ئەم رابردووەش تا ئەمڕۆ کەم باس و لێکۆڵینەوەی دروستی لەسەرە, بۆیە ئەمڕۆ هەمەجۆری کەرکوک لە بری ئەوەی کە پێویستە ببێتە ئامرازێك بۆ یەکتر قبووڵکردن و خوێندنەوە, دەبێتە ئامرازێك بۆ شەڕ و ناکۆکیی و ناجێگیریی.

لە پێناو شکاندنی بەستەڵەکی ئەم قەناعەتە نادروستەی کە ئەمڕۆ بووەتە پێشینەی شەڕ و نائارامیی و یەکتر نەخوێندنەوە, پێویستە سەرلەنویٚ مێژووی پەیوەندی گەلانی کەرکوک هەڵبوەشێتەوە و خوێندنەوەی نوێی و دروستی بۆ بکرێت هەر لایەنێك پێش گلەی کردن لە بەرامبەرەکەی پێویستە بە خۆیدا بچێتەوە و رابردوی خۆیبخاتە ناو تەرازوی ویژدانیەوە بە دەرس وەرگرتن لە رابردوو هێڵەکانی پەیوەندی ئاراستەی ژیانی ئایندەی دیاریبکات.

ف/2

ناسنامەی کەرکوك و سیاسەتی تەتریك

بە درێژایی مێژووی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کەرکوك , گەلانی ئەم شارە ئامرازێك بوونە بۆ شەڕی داگیرکەران و دەسەڵاتە دیکتاتۆر و بیانییەکان, لە مێژووی کۆنیدا کەرکوك چەندین دەورو و زەمانی بە خۆیەوە بینیوە, زۆربەی هەرە زۆری مێژوونووسان و بیرمەندانی بواری جوگرافی و ئاسەوار پێیانوایە شاری کەرکوك ئەمڕۆ هەمان شاری (اربخا)ی کۆنە, هەر بۆیە شارەوانی کەرکوك ناوێکی مێژوویی گەڕەکێکی نوێی کەرکوك کە بۆ کارمەندان و فەرمانبەرانی کۆمپانیای نەوت دروستکرا بە ناوی (ارفا) واتە عەرەفە (1)ەوە دیاریکرد.

بۆ زیاتر پاڵپشتی لەم راستییە هەمان ناوی (اربخا) بۆ دیاریکردنی کەرکوك لە کتێبی (فاتحة انتشار المسيحية في امبراطورية الايرين ميسوبوتاميا و ايران 100-537) هاتووە. (2)

بەڵام مێژوونووسی بەناوبانگ توفيق وهبی پێیوایە ناوی کەرکوك لە وشەی (کرك) بە واتا قەڵا یان قەلعەوە هاتووە.(3)

لە فەرهەنگی(المدائن)ی عیراقیدا واپێناسیەی کەرکوك دەکات کە قەڵایەکە لەسەر زەوییەکی بەرین دروستکراوە و هەموو شار دەکەوێتە ناو سنووری قەڵاکەوە و پاشاکانی شارەزووری تیادا نیشتەجێن . (4)

ئەمانە ودەیان راستی مێژوویی تر کە کوردبوونی کەرکوك دەسەلمێنیٚ, هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئەمڕۆ, بەڵام هاوکات هەندێك نووسەری شۆڤێنی هەن دەیانەویٚ راستییە مێژووییەکان بشێوێنن و خەڵکی چەواشە بکەن , جەواد لەسەر کەرکوك دەڵێت: ئەم ناوە لە بنەمادا لە وشەی (کرك)ەوە هاتووە, ئەم ناوەش لە ئەسڵدا ناوی شاخێکی لوبنانییە و (کرك)

ناوی قەڵایەکە لەسەر رێگای شام, هەروەها لەسەروشەی باباگڕگڕ دەڵێت: ئەم وشەیە بەئەسڵ تورکمانیە, بڕگەی یەکەم واتا وشەی بابا بە واتای باوك دێت و وشەی گڕگڕ لە تورکیدا بە واتای رۆشنایی ئاگردێت. (5)

ئەم لێکدانەوەیە لەگەڵ ئەوەی هەر بە تەماشاکردنی سەرپێیی بۆت دەردەکەوێت کە لێکدانەوەیەکی زۆر نامەعقووڵو ساویلکانەیە توانای قەناعەتکردنی کەسی نیە, چونکە نەك راستی مێژوویی بگرە زمانیش دەشێوێنێ, کەسپك نییە نەزانێ کە وشەی باباگوڕگوڕ وشەیەکی کوردی پەتییە, هەر لەسەر ئەم ئاوازە لەسەردەمەکانی کۆندا پێش دۆزینەوەو دەرکەوتنی نەوت لەم ناوچەیە کورد ئەم ئاگرەی بە رووناکیەکی پیرۆز زانیوە, بۆیە ژنانی کورد بۆ داواکردنی منداڵ دەچوونە سەری, هەر لە دوورەوە بە گۆرانی دەیانووت... (باباگوڕگوڕ بە گوڕ هاتین, بۆ کوڕ هاتین), هاوکات بە تێڕامان لە نووسەرانی ئەم فەرهەنگەش زیاتر ئەو راستییە روون دەبێتەوە کە مەبەست لە تێکدانی چییە, هەر سێ نووسەر (سليم مطر, علي ثويني, نصرت مردان)لە ناو نەك تەنها بیرمەندانی کورددا, بەڵکو لە نێوەندە عیراقی و عەرەبییەکانیشدا بە کەسانی شۆڤێنی و باوەڕپێنەکراو ناسراون و بەردەوام هەوڵی شێواندنی راستییەکان دەدەن.

ئەمڕۆ کاڵفامی هەندێك نوسەری شۆفینی لەوەدایە کەدەیانەوێ زۆر بە ئاسانی عەقڵی سوك گێلی ونەشارەزای و بەزۆرە ملێ راستی و مێژوی کۆنی دەیان ساڵە بشێوێننو هەموو ئەوبەڵگە نامە مێژوی وزانستیانە ونکەن کە دەیسەلمێنێ کەرکوك لە ماوەی سەدەکانی دوایدا بەشێك بووە لە ئیمارەتی ئەردەلأنی کوردی. ئەو کات سوڵتان موڕادی سێیەم ئەمیری موکریان تەکلیف دەکات لە ساڵی 1853 بە ئیدارەدانی ئالیەی شارەزوور کە ئەوکات کەرکوك ناوەندی ئەو ئالیەتەبووە, لە کۆتایی سەدەی حەڤدە کەرکوك دەچێتە سنووری موڵکەکانی ئیماراتی بابانەوە و جێگای ئیمارەتی ئەردەلأن دەگرێتەوە.

لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی دوا ئیمارەتی کوردی (ئیمارەتی بابانی) لە ساڵی 1851 لە ئاکامی سیاسەتی نوێی (الباب العالی) لە کوردستان کە مەبەست لێی دوورخستنەوەی کار و بڕیارەکان بوو لە دەسەڵاتی سەرکردە ناوچەییەکان کە بە گشتی کوردبوون, هاوکات بڕیاردەدات بە راگەیاندنی تەبەعیەت بۆ سوڵتان, بەمەش دەبێت لە خوتبەکانی هەینیدا باس و وەسفی سوڵتان بکرێت و هاوکات سەرباز بنێرن بۆ شەڕ, ئەمە جگە لە ناردنی دیاری و پارە ساڵانە بۆ بیلأتی عوسمانی.

بە داڕمانی ئیمارەتی بابانی دەرگای داگیرکردن راستەوخۆ بۆ عوسمانییەکان دەکەوێتە سەر پشت و رۆژ بە رۆژ زیاتر خۆیان لەم ناوچەیەدا دەسەپێنن و لایەنگرو مورید بۆخۆیان پەیدا دەکەن, بە تایبەتی کەسانی ئاغاو دەرەبەگ و شێخیان بەناوی ئایینەوە رادەکێشا و لە بەرامبەریشدا لە تەنیشت پاڵپشتیکردن لێیان پارە و زەوی جوتیارانیان پێدەبەخشین.

کەرکوك لە سەردەمەکانی ئەمەوی و عەباسی و ئەیوبیدا بە ناوی ئیسلامکردنەوە شاڵاوی بە عەرەبکردنی بەسەردا سەپێندراوە, لە ماوەی سەدەی چواردەدا چەند عەشرەتێکی تورکمانی بە مەبەستی دابینکردنی بژێوی ژیان هاتوونەتە کەرکوك, دواتر لە سەدەی شازدەدا کەرکوك کەپێکهاتەی ئیداریی وئابووری هەرێمی شارەزوور بوو بەستراوەتەوە بە دەوڵەتی عوسمانییەوە و بەپێی رێکەوتننامەیەك لەگەڵ ئێراندا سنوورەکانی بۆدیاریکرا.

عوسمانییەکان بەهاتنە سەر حوکمیان و دەسەڵات گرتنە دەستی ئەم ناوچەیە بە حوکمی زمان وکەلتووری هاوبەش لە تورکمانەکان نزیك بوونەوە و تورکمان بوون بە حاکمی ئەم شارە و بەشێکی گرنگی داورودەستەی دەسەڵاتی عوسمانیان پێکهێنا, لەوکاتەوە سیاسەتی تەتریکیان دەستپێکردو کەوتنە نزیکبوونەوە لەوکەسانەی کەناسنامەی خۆیان دەگۆڕی و زمانی تورکمانیان دەزانی, ئەمە جگە لەوەی شاڵاوێکی دەرکردنی کوردیان لەم شارەدا بەرپاکرد, عوسمانییەکان کەوتنە

عەزیەتدانی عەشیرەتە کوردەکان, لەوانە عەشیرەتی شێخ بزێنی لە ناوچەی شوان کە دەکەوێتە باکووری شاری کەرکوکەوە و بە تەواوەتی راگواسترانەوە بۆ ناوچەی (قونیە) لە باشووری ئەنکەرە و ناوەڕاستی ئەنازۆڵ, ئەم عەشیرەتە تا ئێستاش بە لەهجەی کوردی ناوچەی کەرکوك قسەدەکەن, هەروەها کەوتنە راگواستنی بە هەزاران کەس لە عەشیرەتی هەمەوەند بۆ ناوچەکانی ماردین و اورفە لە ناوەندی ئەنازۆڵ ,وە هەندێکیشیان گواسترانەوە بۆ وڵاتانی لیبیا و جەزائیر (8)

بە زیاتر کۆنترۆڵکردنی کوردستان و کەرکوك لە لایەن عوسمانییەکانەوە سیاسەتی تەتریك و راگواستن و عەزێتدانی کوردانیش زیاتر دەبوو, بۆیە هەندێ لە شێخ و پیاوە ئاینییەکان و کورد پەروەرەکانی ئەو سەردەمە رووبەڕووی ئەم سیاسەتە بوونەوە و هەوڵی دامەزراندنی ناوکی یەکەم بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیان دا, لەم بازنەیەدا شێخ محمد بارزانی بەیەکێ لە رائیدەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە عیراق دادەنرێت.

لە ساڵی 1907 بۆ یەکەمجار بەشێوەیەکی رێکخراو ودیار شێخ محمد کۆمەڵێ داواکاریی سەبارەت بە ژیانی گەلی کورد و مافەکانی خستەبەردەم دەسەلاتی عوسمانی, بەلام عوسمانییەکان لە بری ئەوەی بیر لە چارەسەری کێشەی کورد بکەنەوە و بەشێوەیەکی مرۆڤایەتی وعادیلانە وەلامی کورد بدەنەوە, بەپێچەوانەوە کەوتنە دانانی بەرنامە بۆ لێدانی کورد وبزاوتە سیاسیەکەی‌و شالاوێکیان بۆ سەرکوتکردنی شێخ محمد بارزانی دەستپێکرد. دوای بەندکردنی رەوانەی بەندیخانەی (بەدلیس)لە کوردستانی باکوور کرا و هەر لەوێدا مایەوە تا مردنی, لەدوای ئەمیش شێخ عبدالسلام کوڕەگەورەی شێخ محمد کەوتە خۆی بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی حەرەکەی کوردی ، لەم بازنەیەشدا پەیوەندی لەگەڵ چەندین رێکخراودا دروستکرد لەوانە (جمعەیە تعالی و ترقی کورد)هەروەها لەوکەسایەتیانەی کە شێخ سلام پەیوەندی پێوەکردن شێخ محمودی نەمر و شێخ عبدالقادری نەهری و ئیسماعیل ئاغای سمکۆ.

لە دوای ئەم هەنگاوانە شێخ سەلام بەشێوەیەکی وردتر لە موزەکەرەکەیدا بۆ حکومەتی عوسمانی کە چەندین داواکاریی پەیوەست بەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی لە خۆگرتبوو خستەڕوو, لەوانە:

1. دانانی زمانی کوردی بە زمانێکی رەسمی لە کوردستان.
2. کردنی خوێندن بە زمانی کوردی و کردنەوەی قوتابخانەی پێویست.
3. دامەزراندنی کەسانی ئیداریی لە ناوچە کوردییەکان لە فەرمانبەرانی کورد.

بە هەمان شێوەی پێشوو وەلامدانەوەی عوسمانیەکان بۆ ئەم داواکارییە سەرەتاییانەش هەمان بەرگی پێشووی لەبەرکرد و راستەوخۆ جەنراڵەکانی تورك کەوتنە خۆئامادەکرن بۆ لێدانی شێخ عبدالسلام و هاوڕێکانی و سوپای عوسمانی هێرشێکی توندیان کردە سەر ناوچەی بەرزان و کەوتنە داڕمان و سووتانی ناوچەکە و کوشتن و راگواستنی خەڵکەکەیی و توانیان شێخ عبدالسلام و خێزانەکەیی و منداڵێکی سێ ساڵانی (مەلا مەستەفا) رەوانەی سجنی موسڵ بکەن, دواتر لە ساڵی 1915 لە لایەن دەسەلاتی عوسمانییەوە شێخ سەلام لە سێدارەدرا.

عوسمانییەکان بەم دەرکردن و بە تالانبردنەی ماڵی کوردان و قەتلوعامکردنەشەوە نەوەستان, شالاوی تەتریکیان بۆ کەرکوك و ناوچە کوردنشینەکان زۆر بە فراوانی دەسپێکرد . لە کتێبی (المسالك و الممالك)دا (ابن خردازبە) دەڵێت: والی خۆراسان عەبدوڵلای کوڕی تاهیر ساڵانە (2000) تورکی لەسەرجەم شارەکانی تورکستانەوە رەوانەی عیراق دەکرد, ئەمەش بە پێی فەرمانێك بوو لە خەلیفەوە دەردەچوو. (84)

ئەم تورکمانانە بەشێکی زۆریان دەهاتنە ناوچەی کەرکوک, لە لایەك بە مەبەستی کارکردن لەو شارە و لە لایەکی تر سیاسەتی عوسمانییەکان وایدەویست کە تورکمانەکان لە ناوچەکانی کەرکوك و دەوروبەری جێگیربکات, ئەمەش نەك بە تەنیا لەبەر ئەوەی سیمای دۆزینەوەی نەوت لەم شارەدا بەدەرکەوت, بەڵکو بەمەبەستی پاراستنی ئەو ڕێگا بازرگانییەی کە لە ئەنادۆڵەوە بۆ ناوەڕاستی عیراق بە کەرکودا شۆڕ دەبووەوە کۆنترۆڵبکات.

عوسمانییەکان بە تەواوی شوێن پێی خۆیان لە کەرکوك گیرکرد بە تایبەتی دوای ئەوەی هێزێکی سەربازییان لە کەرکوك جێگیرکرد, بە مەبەستی لێدانی دوژمنانی دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان, ئەوانەی لە دەسەڵاتی تورك یاخی دەبوون ونا ڕازیبون.

عوسمانییەکان لە کەرکوکدا باوەشیان بۆ ئەو هەموو کوردو عەرەبانەش دەکردەوە کە ناسنامەی خۆیان دەگۆڕی بۆ تورکمان و هاوشانی ئەمەش تورکمانەکان پلە و پایە و دەسەڵات و یارمەتی دارایی زۆریان وەردەگرت, لە هەردوو بواری مەدەنی و سەربازیدا, چەندین دەرەبەگ و ئورستکراتیان لیَ دروستکردن.

بۆ زیاتر سەپاندنی پلان و سیاسەتەکانیان, عوسمانییەکان چەندین قوتابخانەیان لەم شارەدا بە زمانی تورکی کردەوە, تا ئەو ئاستەی خوێندن بە شێوەیەکی گشتی لە کەرکوکدا بوو بە زمانی تورکمانی.

عوسمانییەکان لە سەرەتای دەسەڵاتیانەوە کەرکوکیان کردە پێگەیەکی خۆیان بۆ ئامادەکردنی فەرمانبەر و کادری تورکمانی, بەم مەبەستەش چەندین قوتابخانەیان بە زمانی تورکی لەم شارەدا کردەوە. لەوانە:

1. قوتابخانەی شاغازی لە قەلاَ.
2. قوتابخانەی (السراء) موتەسریفیەتی کەرکوك لە ساڵی 1049ی کۆچی لە گەڕەکی خانەقا دایانمەزراند.
3. قوتابخانەی (الایوبی احمد باشا)کە موتەسەریف ئەحمەد باشای ئەیوبی زادە لە ساڵی( 1715) زاینی دایمەزراند.
4. قوتابخانەی (القوتیە) ساڵی (1759 زاینی.
5. قوتابخانەی پیشەسازی (الصناعە) 1819 زاینی.
6. قوتابخانەی (الحاج احمد) 1884 زاینی.
7. قوتابخانەی المیدان.
8. قوتابخانەی سەرەتایی (الرشیدیە) 1868 زاینی.
9. قوتابخانەی (ابراهیم باشا) 1819 زاین.

ئەم سیاسەتەی عوسمانییەکان تا دەرکردنیان لە عیراق بەردەوام بوو, وڵاتە هاوپەیمانەکان دوای سەرکەوتنیان لە شەڕی جیهانی یەکەم کەوتنە دابەشکردنی میراتی پیاوە نەخۆشەکە (ئیمبراتۆریەتی عوسمانی) لە نێوان خۆیاندا.

- لە 1918/4/7 ئینگلیز توانی شاری کەرکوك داگیربکات, بەڵام لە 24ی مانگی حەوتدا کشایەوە و جارێکی تر لە 28ی ئابی هەمان ساڵدا, واتا چەند ڕۆژێك پێش مۆرکردنی هودنەی مودروس لە نێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی عوسمانیدا, دەستی گرتەوە بەسەر کەرکوکدا.

- لە 1918/10/30 سنووری ناوچەی کەرکوك لە نێوان زێی بچووك تا ڕووباری دیالە لە باشوورو لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە تا سنووری ئێران و تورکیا دیاریکرا.

به ئاشکرابوونی نەوت لە کەرکوك بەو شێوە زۆرەی کە هەیەتی و هاوکات  دەرکەوتنی گرنگی نەوت لای بەریتانییەکان وبڕیاردانی بە گۆڕینی وزەی سەرجەم ئامێرەکانیان لە خەڵوزەوە بۆ نەوت, وای لەئینگلیزەکان کرد کە سیاسەتێکی تریان هەبێت بۆ کەرکوك و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی خۆیان, ئەوان دەیانویست سەرجەم ناوچە بەپیتەکانی خۆیان بەیەکەوە ببەستنەوە, وەك عیراقیش بێگوێدانە جیاوازی نەتەوایەتی نێوان کورد و عەرەب, کوردستانیان خستە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزیەوە .

کوردەکان ئەوکات لەگەڵ ئەوەی دژی هاتنی سوپای ئینگلیز بوون, بەڵام بێزاریی و زوڵمی دەسەڵاتی عوسمانی وایکردبوو کە پێشوازییەکی گەرم لە سوپای ئینگلیزەکان بکەن, سەرەتای سیاسەتەکانی ئینگلیز لەکەرکودا وایکرد کوردەکان دژی گەڕانەوەی تورکمانە هەڵاتووەکان بوەستنەوە, چونکە عوسمانییەکان لە تۆڵەی ئەو بارەی بەسەریداهاتبوو لە کاتی کشانەوەیدا لە کوردستان کەوتنە وێرانکردنی ماڵ و کشتوکاڵی گوندنیشینەکان و بەتاڵانبردنی ئەوەی بەردەستیان کەوتبایە لە ئاژەڵ و پارە و پوول و کەرەستە.

لەمبارەیەوە, دادوەری مەدەنی گشتی بەریتانی لە عیراق لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1918 نووسیویەتی بارودۆخەکە لایەنێکی زۆرخراپی لە خۆگرت بە هۆی ئەو کردەوانەی سوپای تورك کە لەکاتی کشانەوەیاندا بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە لەکورد بەهۆی مەوقیفیان لە عوسمانی و پاڵپشتیکردنیان لە ئینگلیز کردبویان, تورکەکان ئەوکات سیاسەتێکیان بەرپادەکرد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان, بەردەوام لە هەوڵی نانەوەی ناکۆکیی وشەڕ و پشێویدا بوون لە نێوان  ئەو گەلانەی دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتیانەوە, ئەوان ڕۆڵێکی مەزنیان بینی تا توانیان ناحەزیی و ناکۆکیی بخەنە بەینی کورد و ئەرمەنەوە, ئەمەش بەمەبەستی داڕمانی ئەرمەن و مەحرومکردنی کورد لە دەستخستنی مافە نەتەوایەتیەکانی و لە دەستدانی هەلێکی لە بار بۆ وەرگرتنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد. (18)

ف/3

### کورد و تورکمان لە سەردەمی پادشایەتیدا

تورکمانەکان لە پاش دەسەڵاتی عوسمانی دژی دۆخی سیاسیی تازەبوون, ئەوان دەیانویست بورهانەدینی کوڕی سوڵتان عبدالحمید بکرێتە پادشای عیراق, بەڵام ئەو هەوڵ و داوایەی ئەوان لە لایەن ئینگلیز و هاوپەیمانانەوە نەك هەر ڕەزامەندی لەسەرنەکرا, بەڵکو بە داوایەکی زۆر نامەعقولیشیان دەزانی, بۆیە تورکمانەکان دەنگیان بە کاندیدەکەی ئینگلیز فەیسەڵی کوڕی شەریف نەدا.

کوردەکان لەم بارودۆخەدا بوون بە دووبەشەوە, هەندێکیان پێیانوابوو دەبێت  هەوڵی سیاسیی و گوشاری مەدەنی  بخرێتە سەر ئینگلیز و دەسەڵاتی نوێی عیراق  بۆ وەرگرتنی مافەکانی کورد,  هەندێکی تر پێیانوابوو ئینگلیز  لە بەرامبەر کورددا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ عوسمانیەکاندا نییە, بۆیە دەبێت کورد خەباتی چەکداریی و شەڕی ڕزگاری خۆی دەستپێبکات.

لەم زەمەنەوە تورکمانەکان هیچ وەزنێکی سیاسیان نەما تەنها لە پاشکۆی گەلی عەرەبی عیراقدا دەیانویست  ڕۆڵی خۆیان ببینن, بەڵام گەلی عەرەب و دەسەڵاتی عیراق هیچ سەنگێکیان بۆ تورکمانەکان دانەنا, چ بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە لە سەردەمی عوسمانیدا دەیانبینی بۆ دژایەتی  کردنی دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عیراق و وەستانەوە لە دژی مەلیك فەیسەڵ,  چ وەك

ئەوەی ژمارەی تورکمانەکان بە بەراورد بە عیراق  کە 2٪ی عیراقیەکان زیاتر پێك ناهێنن  عەرەب هیچ سەنگێکی بۆیان دا نەدەنا.

لە لایەکی ترەوە لە سەردەمی دامەزراندنی حکومەتی نوێی عیراق بە فیت و  پاڵپشتی دەسەڵاتی عوسمانی هەوڵیاندا بۆ گەڕانەوەی ولایەتی موسڵ بۆ ژێر دەسەڵاتی عوسمانی,  بۆیە هەر ئەوکات کەوتنە تەزویرکردن و فرت  و فێڵ بۆ شێواندنی دیمۆگرافیای ناوچەکە وبەردەوام ژمارەی دانیشتوانی  کوردیان کەمدەکردەوە و لە بەرامبەر زیادکردنی ژمارەی خۆیان, تورکمانەکانی عیراق نەیانتوانی ئەم  داوایەشیان بەدەست بهێنن, چونکە ئەوان ئەوکات و تائەمڕۆش لەو خەیاڵەدا دەژین پێیانوایە گۆڕینی ناسنامەی شارێك کە بەشی هەرە زۆری کوردە, بەئاسانی دەگۆڕدرێت و تەزویردەکرێت, ئەمە راستییەکی تاڵە, بەڵام ئەوان مەنتیقی بیرکردنەوەیان بەشێوەیەکی ترە و جیاواز ودور لە عەقڵی هاوچەرخە.

ئەم عەقڵیەتە بەگشتی زەرەرو زیانێکی زۆری لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی و سیاسیی وئابووریی تورکمان لە عیراق داوە.بۆیە تا دارمانی رژێمی پادشایەتی لە عیراقدا ئەمان نەیانتوانی هیچ سەنگێکی سیاسیی وهیچ پێگەیەکیان هەبێت لە هاوکێشەی سیاسیی عیراقدا.

لە ساڵی 1926دا بە بڕیارێکی کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم)ولایەتی موسڵ کرایە سەر عیراق, ئەمەش دوا بزمار بوو درا لەتابووتی ویستەکانی تورکمان لە عیراق و تورکەکان بە تەواوەتی نائومێدبوون,  بۆیە لێرەوە تا رووخانی رژێمی پادشایەتی تورکمانەکان نەیانتوانی لە گۆڕەپانی سیاسیی عیراق وکەرکودا هیچ رۆڵ وگوشارێکیان هەبێت.

ئینگلیزەکان لە سەردەمی شەڕی جیهانی یەکەمدا زۆر بەوریاییەوە توانیان دەسەڵاتی خۆیان  لە ناوچە بەپیتەکانی رۆژهەڵاتدا بچەقێنن. لە رێکەوتنامە نهێنیەکەی سایکس – بیکۆدا لە ساڵی 1916 کە لە نێوان هاوپەیمانانی شەڕی جیهانی یەکەمدا بەسترا, کەرکوك  لە بەشی فەرەنسادا بوو, بەڵام دوای دۆزینەوەی نەوت و ئاشکرا بوونی بەو زۆرییەی کەهەیەتی, ئینگلزەکان توانیان ولایەتی موسڵ لە فەرەنسا وەرگرنەوە لە بەرامبەردانی هەندێك ئیمتیازاتی نەوتیدا.

لەم رێکەوتنەدا عوسمانییەکان دانیان بە جیاکردنەوەی باشووری کوردستان لە دەوڵەتی عوسمانی نەنا بەو بیانووەی کە بەشێکی ئەم ناوچەیە لە دوای مۆرکردنی هودنەی نێوانیانەوە داگیرکراوە, ئەمە خەیاڵێکی مردووی دەوڵەتی عوسمانییە  تا ئەمڕۆش بە تەواوەتی دەستبەرداری نەبووە.

ف/4

سەرهەڵدانی کێشەی ولایەتی موسڵ

و دەستپێکردنی قۆناغی یەکەمی سیاسەتی تەعریب

لە سەردەمی  سەرهەڵدانی کێشەی موسڵدا, لایەنە ناکۆکەکانی گۆڕەپانی سیاسی ئەو کاتەی ناوچەکە هەریەك کەوتنە خۆیان بە پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی موڵکایەتی بۆ سەلماندنی ئەحەقیەتی مافی خۆی لەم وڵاتە.

پێکهاتەی دیموگرافی ولایەتی موسڵیش  کە پێکهاتووە لە کورد و تورکمان و عەرەب و ئاشووری کەوتنە ناو بازنەی ویستەکانی ئەو وڵاتانەوە, هەر لایەنێك لەمانە ژمارەی دانیشتوان و دابەشبوونی لە نێوان نەتەوە و ئاینەکان بەشێوەیەك دەخستەڕوو کە لە بەرژەوەندی خۆیدابێت, ئینگلیزەکان راپۆرتی خۆیان بەو شێوەیە دایە لیژنەی عسبەت ئەلئومەم کە

ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك بەپێی دابەشبوونی نەتەوایەتی و ئاینی لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم بەم شێوەیە بوو: کورد (45000)چل و پێنج هەزارکەس, تورك (35000)سی و پێنج هەزار کەس, عەرەب (10000)دە هەزار کەس و مەسیحیی (600)شەش سەد کەس و جولەکە(1400) هەزار و چوار سەد کەس, بەمەش ژمارەی لیوای کەرکوك دەکاتە (92000)نەوەد و دوو هەزار کەس, بەڵام لایەنی تورکی ژمارەی دانیشتوانی بە دووئەوەندە خستەڕوو کە دابەشکرابوون بە (97000)نەوەد وحەوت هەزار کەس کورد و(79000) حەفتا و نۆ هەزار تورکمان و(8000)هەشت هەزار عەرەب, ژمارەی گشتیش(184000) سەد و هەشتا وچوار هەزار کەس. (9)

ئەوکات تورکمانەکان لە پاڵ ئەم تەزویرکردنەش بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە کوردەکان زیاتر لە تورکەوە نزیکن و دەبێت بە تورکمان هەژماربکرێت, گەلی کورد لە نێو ئەم دوو ئیمبراتۆرەدا لە دوو لاوە زوڵمی لێدەکرا, لە لایەك تورکمانەکان, وەك ئەوەی لە پاشماوەی دەسەڵاتی عوسمانییەوە بۆیان مابووەوە, کە زۆربەی هەرە زۆری فەرمانبەرانی کەرکوك تورکمان بوون, لە راپرسیەکاندا غەدریان لە کورد دەکردو چەندین خێزانی کوردیان بە تورکمان ناونووس دەکرد, هاوکات لە راپرسییەکەدا دەسەڵاتی عەرەبی لەبەر ئەوەی کۆتایی ژمارەکان لە لای ئەوان کۆدەبۆوە و ئەوانیش بەلای بەرژەوەندی عەرەبدا ژمارەی دانیشتوانی کوردی کەرکوکیان کەم دەکردەوە لە بەرامبەر زیادکردنی عەرەب لەم شارە.

یەکێ لە گرفتە سەرەکییەکانی ئەم شارە, ئەوەیە کە بەردەوام ئەم باجی ناکۆکی وناڕێکی وڵاتانی دەورووبەری عیراق دەدات بە تایبەتی تورکیا و وڵاتە عەرەبییە قەومیە موتەتەریفەکان.

ئەوکات کورد لەم شارەدا بێدەسەڵاترین و بێ زمانترین بوونەوەر بوو, نەك وڵاتانی نزیك و هاوسێ, بگرە وڵاتە مەزنەکان و وڵاتانی سەرمایەداری داگیرکەران و وڵاتانی کۆمەنیستی کەوایان رادەگەیاند پشت وپەنای بێکەس و بێدەرەتانەکانن, کەسێکیان قسەیەکی خێریان بۆ کورد نەدەکرد, هەموو بەدەستێك چمکێکی کەوڵی کوردیان گرتبوو و بەدەستەکەی تر مساوەمەیان لەسەردەکرد.

لە 20 کانونی یەکەمی ساڵی 1930دا شارەوانی کەرکوك هەستا بە ئامارکردنی سنووری شارەوانی کەرکوك و ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارەی بە (35000)سی و پێنج هەزار کەس دیاریکرد, لەمە (12000)دوازدە هەزار کەسیان کورد بوو, (7000) حەوت هەزار تورکمان,(2000) دووهەزار مەسیحیی و(2000) دوو هەزار تەیاریین و(500) پێنج سەد ئەرمەنی و (2500)دووهەزار و پێنج سەد جولەکە, رێژەی دانیشتوانی لیواکەی لەسەربنەمای نەتەوایەتی بەم شێوەیە خستەڕوو: 51٪ کورد و 21.5٪ تورکمان و 20٪ عەرەب و 7.5٪ نەتەوەکمانی تر.

لەم سەردەمەدا ئەوەی پاڵپشتی لە کورد دەکرد, هیچ لایەنێك نەبوو, بەڵام زۆری ژمارەی کورد خۆی خۆی دەسەپاند بۆیە نەدەلوا دوژمنانی لەوە زیاتر ژمارەیان کەمبکەنەوە, یان نکوڵی لە بوونیان بکەن.

نەتەوەکانی کەرکوك لە کورد و عەرەب و تورکمان رۆژانە لەم شارەدا رووبەڕووی یەك دەبوونەوە, ناکۆکیی و بەرژەوەندی لایەنە تورکمانەکان بە رێنمایی و تەعلیمات و یارمەتی دەوڵەتی تورکی سنگی خۆیان دەرپەڕاند و دژایەتی ئەوانی تریان دەکرد, عەرەبەکانیش بە پاڵپشتی عیراق و وڵاتانی تری عەرەبی بەزۆر بوونی خۆیان وەك خاوەنی تەنیای شار دەسەپاند, کورد هیچ پشت و پەنایەکی نەبوو, وەکخۆشی لەناو بیری ئایدیۆلۆژیدا توانا هێزی لاوازی خۆیەتیشی خنکاندبو بۆ بەرژەوەندی سۆڤێت و بیری مارکسیەت نەك کورد, لەم دۆخەدا زۆرجار عەرەبەکان و تورکمانەکانیش رووبەڕووی یەك

دەبوونەوە, عەرەبەکان دەیانوت تورکمان لە کەرکودا نییە, ئەوانە هەندێك خەڵکی کۆچەرن هاتوونە وهیچ مافێکیان بە عیراقەوە نییە, تورکمانەکانیش عەرەبیان لەم شارەدا بە میوان لە قەڵەم دەدا, سەرچاوە تورکمانییەکان بەمشێوەیە باس لە نیشتەجێکردنی عەرەب لە کەرکوك دەکەن.

عەرەب لە رێگای هێنانی چەند عەشیرەتێکەوە هاتوونەتە کەرکوك بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1- عەشیرەتی عوبێد کە بە دوو قۆناغ هاتوونەتە کەرکوك.

أ- قۆناغی یەکەم: لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لە ئاکامی دروستبوونی شەڕ و ناکۆکی لە نێوان عوبێد وعەشیرەتی شەمەر لە ناوچەی زمار, عوبێدیەکان لە دەست زوڵم و شەڕی شەمەر هەڵهاتن و هاتنە ناوچەی حەمرین و نیشتەجێبوون ، دواتر بەشێکی زۆریان بە دوای نان و کەسابەتدا شۆڕبوونەوە بۆناو کەرکوك لەگەڵ کوردەکاندا تێکەڵبوون .شایانی باسە ئەم عەرەبانە بەئیستیغلالکردنی سۆز و رەوشتی کورد کەلەخوو رەوشتیدا رێزگرتنو یارمەتیدانی میوان بەئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێ توانیان ببن بە هاولاتی ئەم شارە.

ب- قۆناغی دووەم, کۆچی عوبێد بۆ رۆژهەلاتی حەمرین لەساڵی 1936, بە فەرمانی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی عیراق یاسین هاشمی کە پیاوێکی شۆڤێنی عەرەبی بوو, هەرئەوکات سەرەتای بنەمای سیاسەتی تەعریب و گۆڕینی ناسنامەی کوردی داڕشت. بەدەرکەوتنی گرنگی کەرکوك عەرەبە شۆفینیەکان کەوتنە کار بۆ دەرپەڕاندنی کورد لەکەرکوك ,سەرەتا سەرانی سیاسی عێراق بیریان لە تەعریبکردنی دەوروبەری کەرکوك کردەوەو پلانەکانیان بۆنیشتەجێکردنی عەرەب لەناوچەکانی حەمرین و حەویجەوە دەستپێکرد .

2- جبور, لە ساڵی 1936 بە پاڵپشت و هاندانی وەزارەتەکەی یاسین هاشمی کە عەشیرەتی جبور وەك سیاسەتێکی تەعریب هێنرانە بەری رۆژهەلاتی رووباری زێی بچووك و ناوچەی حەویجە, ئەمەش لە رێگای دانی چەندین ئیمتیازاتی جۆرا و جۆر لە ناوچەی کەرکوك وئاسانکاری هاوکاری تەواو کران تا بە تەواوەتی جێگیرکران.

3- حەمدانییەکان, ئەم عەشیرەتە لە ساڵی 1950 لە ناوچەی دوبس و دەورووبەری جێگیرکران و بەمەبەستی هاندان و یارمتیدانیان لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە مۆڵەتیان بۆ وەرگیرا لە کۆمپانیای نەوتی بیانی لە دوبس و بای حەسەن کاربکەن ودواتریش لە وێ نیشتەجێکران.

4- نعێم, لە رۆژانی کۆتایی سوڵتان عبدالحمید چەندین خێزانیان لە گەڕەکە جۆراوجۆرەکانی کەرکوك بە هۆکاری ئاینییەوە نیشتەجێکران, ئەم عەشیرەتە ساداتن و بە زۆری تەکیێ و بارەگای ئاینییان لە کەرکوك کردەوە.شێخەکانی نعێم زیاتر لەوانی تر توانیان تێکەڵ بە کورد بن , چونکە ئەمانە بە زۆری پیاوی ئاینی بوون , لەرێگای ئاینەوە توانیویانە دزە بکەنە ناو عەقڵی کوردەوە, ئەمە راستیەکی دڵتەزێنە کە بەدرێژای مێژووی سیاسی ئاین وەك چەکێکی زبر وکاریگەر بۆ لێدانی کورد بەکارهاتوە .

5- حدیدیەکان, ئەم بنەماڵەیە پێنج خێزان بوون لە ساڵی 1915دا هاتنە کەرکوك و لە ناوچەی پیشەسازی ئێستادا نیشتەجێبوون, بە دوای رزقدا هاتوون و کەس نەیانی هێناوە. (10) ئەم بنە ماڵەیە ئێستا بە سەدان خێزانیان لێکەوتوەتەوە و خۆیان بە خەڵکی رەسەنی ئەم شارە دەزانن .

ف5/

## بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد

## لە سەردەمی دەسەلاتی ئینگلیز وپادشایەتیدا

بە بێبەشکردنی کورد لەم سەردەمەدا جارێکی تر حەرەکەی رزگاریخوزای کورد کەوتەوە جووڵە, شێخ ئەحمەدی کورە گەورەی شێخ سەلام بوو بە رابەری هێزە بەرهەڵستکارەکانی کورد و بەسەدان لاوی کورد رویان کردە ناوچە سەخت وشاخاویەکان.

سوپای ئینگلیز بە مەبەستی کۆنترۆلکردنی ناوچەکەو دامەزراندنی مەخفەری پۆلیس و بنکەی سەربازیی, هێزێکی سەربازی گەورەیان رەوانەی ناوچەی بارزان کرد, ئەمە بووە هۆی دروستبوونی شەڕ و پێکدادانی توند لە نێوان لایەنگرانی شێخ ئەحمەد و هێزەکانی عیراق .

لە 9ی کانوونی یەکەمی 1930 پشکۆی شۆڕش گڕیگرت و هێزە کوردییەکان توانیان زیاتر لە پەنجا سەربازی حکومەت بکوژن و لە ناوچەکە وەدەریاننێن, بەمەش بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردی توانی بچێتە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە , رۆژ بە رۆژ لایەنگرانی شۆڕشی رزگاری کورد زیاتر لە فراوانبوون و بەهێزتردابوو.

لە ئاکامی ئەم رووداوە حکومەت بە هاوکاری سوپای ئینگلیز بڕیاردا بە بەرپاکردنی هێرشێکی سەربازیی گەورە بۆ لەناودانی شێخ ئەحمەد و هاوەڵەکانی, لە مانگی نیسانی 1930دا بە پاڵپشتی هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا هێرشێکی بەربلاویان کردەسەر چەکدارە یاخیبوەکانی کورد.

لەو ماوەیەدا حکومەتی تورکی پاڵپشتی هێزەکانی مەلا ئەحمەد و بەرهەڵستکارانی کوردیان ئەکرد بۆ لێدانی ئینگلیز, لە 22 ی حوزەیرانی 1931دا شێخ ئەحمەد ناچارکرا بە هەلاتن بۆ تورکیا و تەسلیمبوون بە دەسەلاتی تورکیی, ئەوکات دەسەلاتی تورك مەلا ئەحمەد و هاوڕێکانیان گواستەوە بۆ ناوچەی (ادرنە) لە سنووری بولگاریا, بەلام ئەوەندەی پێنەچوو هێنایانەوە ناوچە سنوورییەکانی عیراق.

لە 30 تشرینی یەکەمی 1935 حکومەتی تورکی بەرێکەوتننامەیەك سنوورەکانی خۆی لەبەردەم بەرهەڵستکارانی کورددا داخست و سوپایەکی زۆری لە سنوورەکانی عیراق حەشاردا بۆ یارمەتیدانی حکومەتی عیراقی بە مەبەستی شکستهێنان بە و بزوتنەوەیەی کورد.

لە ئابی 1945جارێکی تر شۆڕشی کورد لە ناوچەی بارزانەوە دەستپێدەکاتەوە, هەر ئەوکات هێزەکانی حکومەتی عیراقی و هێزەکانی بەریتانیا هێرش دەکەنە سەر بنکە و بارەگاکانی شۆڕش و کۆنتڕۆڵی سەرجەم ناوچەکە دەکەن و بارزانی ناچار دەبێت بە خۆیی و 560 پێشمەرگە و سەدان خێزانی کوردەوە بچێتە دیوی ئێران و پەیوەندی بە کۆماری مهاباتەوە بکات, بە سەرۆکایەتی تێکۆشەری ناوداری کورد شەهید قازی محمد.

لە دوای رووخانی کۆماری مهابات بارزانی بە خۆیی و ئەو560 سەربازەوە روویانکردە سنوورەکانی یەکێتی سۆڤێەت و لەوێ مانەوە تا رووخانی رژێمی پادشایەتی و کودەتاکەی عبدالکریم قاسم.

له ئاكامی ئەو گۆڕانكاریه مەزنانەی لەبواری ئابوری و نەوتدا رویدا ,هەلی كار و سەرچاوەی نان پەیداكردن كەوتە نزیك چاڵە نەوتیەكان,ئەمە جگە لەسیاسەتمەداران خەڵكێكی زۆر چاویان بڕیە كەركوك ,لەم شارەش دوای پێشكەوتنی پیشەسازی نەوت خەڵكێكی زۆر رویان كردە دەورووبەری چاڵە نەوتەكان وەك عەرەفە و باباگڕگڕ كە دەكەونە دووری دوومیل لە باكووری رۆژئاوای چەقی شار,بە ئاشكرابوونی ئەوەی كە ئەم كێڵگانە لە دەوڵەمەندترین و بەپیتترین كیڵگە نەوتییەكانی جیهانە لە سەدەی بیستەم بڕێكی زۆر لە ململانێ سیاسیەكان دەستیان خستە كاروباری كەركوك و كەوتنە تێكدانی باری ئاسایشی ئەم شارە , ژمارەیەكی زۆر لەدانیشتوانی قەلاَش كۆچیان بۆ دەرەوەی قەلاَكە كردو لە نزیك ئەو ماڵانە جێگیربوون كە كۆمپانیای نەوتی بیانی بۆ كارمەندان و فەرمانبەرانی كۆمپانیای نەوت لەسەر شێوازی كلاسیكیی ئەوروپی دروستیكردبوو ,ئەو گەڕەكانە ئەو كات لە هەموو گەڕەكەكانی تر زیاتر سیمای شارستانیەتی پێوە دیار بوو. (11)

بە دامەزراندنی ئەم گەڕەكە و پێشكەوتنی ئابووری و شارەوانی كەركوك بە تایبەتی بە هۆی ئەو خەڵكە بیانییە زۆرەی كە بۆ كاركردن و ئیدارەكانی كۆمپانیای نەوت لە كەركوك نیشتەجێدەبوون,

باری سیاسیی ودیموگرافی وكۆمەڵایەتی خەڵكی شار گۆڕانێكی زۆری لە خۆگرت, بەشێكی زۆری خەڵك بۆ نزیكبوونەوە لە شارستانیەت ماڵەكانیان گوێزایەوە بۆ نزیك ئەو گەڕەكە تازەیەو دەورووبەری كە دواتر ناوی كەركوكی نوێیان لێنا.

زۆربەی مێژوونووسان و پیاوە بە تەمەنەكانی ئەم شارە كە ئەو رۆژەیان لە یادە, باس لەوەدەكەن لە دوای ئەوەی كۆمپانیای نەوتی عیراق (ای.بی.سی) دستیكرد بە دەرهێنانی ئەو مادە شلۆكەیە لە ژێر زەوی, سیمای شار گۆڕا, فەرمانبەر و كرێكاری ئینگلیز بە شێوەیەكی بەرچاو زیادیانكرد, كەسانی بیانی لە رێگا وبان و كازینۆكاندا لە زیادبووندابوون, شێوازی ژیان كەمە كەمە لە گۆڕاندا بوو (12).

بەهۆی ئەم زیاد بوونەی خەڵكی بیانی هەندێك جار تێكەڵ بە خەڵكی سادە و دەسەلاَتدارانی ئەم شارە لە كورد و عەرەب و توركمان دەبوون, بەلاَم ئەمان خوورەوشتێكی جیاوازیان هەبوو, بەشێكی زۆر لە خەڵك كە پابەندبوون بە ئاینی ئیسلامەوە ئەمانەیان بە كافر و بێ دین باس دەكرد و نەیاندەویست لێیان نزیك ببنەوە. توركمانەكان خۆشییان بەچارەی ئینگلیز نەدەهات, چونكە بە دوژمنی دەوڵەتی عوسمانیان دەزانی, كە ئەوان تائەمڕۆ بە ولاَتی دایكی ناو ئەبەن, دواتر لە دژی دەسەلاَتی قاسم زۆر لە سیخوڕەكانی كۆمپانیای نەوت و ئینگلیزەكان نزیكبوونەوە, ئینگلیزەكان دوژمنی سەرسەختی كوردبوون . بەردەوام سوپای ئینگلیز هاوشانی سوپای عیراق دژی یاخیبووە كوردەكان دەجەنگان, عەرەبەكان لە سەرەتاوە زیاتر لە هەموو كەس لە ئینگلیزەوە نزیكبوون, بەلاَم دواتر تێڕوانینیان گۆڕا.

ف6/

## قەتلَ و عامی گاورباغی

یەكێ لەو رووداوانەی كە تا ئەمڕۆش پاشماوەی لە بیری نەوەیەكی كەركوكدا ماوە, رووداوی خوێناوی گاورباغییە, لە سەرەتای ساڵی 1946دا لە ئاكامی سیاسەتی رووخاندنی كۆمپانیای نەوتی عیراق كە هەموو ئیمتیازێكی بە فەرمانبەرانی ئینگلیز دەدا لە بەرامبەریشدا كەمترین مافی فەرمانبەرە كەركوكییەكانی نەدەدا, دەنگی ناڕەزایی لە دژی ئەم سیاسەتە پەیدابوو, سەرەتا كرێكارانی كۆمپانیای نەوت لە رێگای موزەكەرەیەكەوە داواكاری خۆیان بۆ بەڕێوەبەرانی كۆمپانیا بەرزكردەوە و دواتر بە مەبەستی گەیشتن بەچارەسەر چەندین دانیشتن و كۆبوونەوەیان ئەنجامدا, بەلاَم نەگەیشتنە

چارەسەر, داواکانی کرێکارانی نەوت, زیادکردنی کرێ بوو لە هەشتا فلسەوە بۆ دووسەد و پەنجا فلس و داننان بە مافەکانیان بۆ دامەزراندنی سەندیکای تایبەت بەخۆیان وداخڵکردنی سیستمی تەئمینات لە دژی نەخۆشیی و پیری و وکەمئەندامبوون و دانانی سنوورێك بۆ دەرکردنیان بە بێ هۆ و بەشێوەیەکی تەعەسووفی.ئەم نارەزاییە

بە نەخشە و پلانی حزبی شیوعی عیراقی لە 3ی تەمووزی 1946 بوو بە موزەکەرەیەك ,و دواتریش نزیکەی پێنج هەزار کرێکار رەزامەندی خۆیان دەربڕی بە سازدانی خۆپیشاندانێك بە مەبەستی گوشار خستنە سەر دەسەڵاتدارانی کۆمپانیا تا وەڵامی داواکارییەکانیان بدنەوە .

لە 12ی تەمووزی 1946 کرێکارانی کۆمپانیای نەوت روویانکردە باخچەی گاورباغی بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتیەکانیان, بەڵام هێزەکانی پۆلیس دەوریان دان و بەشێوەیەکی عەشوائی زیاتر لە دە کەسیان لیٚ شەهیدکردن و بیست و حەوت کەسیشیان بریندار کرد.

سەرچاوە تورکمانییەکان ئەم رووداوە بە موڵکی خۆیان دەزانن و دەڵێن ئەوانەی لەوێدا شەهیدبوون تورکمان بوون و ئەو تاوانە موئامەرەیەك بوو لە دژی تورکمان ئەنجام درا , لە کاتێکدا ئەم رووداوە وەك ئەوەی سەرجەم سەرچاوە مێژووییەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە بە هاندان و لەسەرداوای حیزبی شیوعی دروستبوو, لە هەمانکاتدا تورکمانەکان ئەوە رەتدەکەنەوە کە تورکمان شیوعی بێت و شیوعییەکان بە دوژمنی سەرسەختی دەوڵەتی دایك دەزانن و دەڵێن ئێمە گەلێکی ئیمانداریں, بەڵام ئەوان کافر و بیٚ دینن, بۆیە دەگمەنە رێژەیەکی بەرچاو لە تورکمان بدۆزیتەوە شیوعی بن, حکومەتی پادشایەتی هیچ گرنگییەك یان وەزنێکی بە بەعسییەکان و قەومییە عەرەبەکان نەدەدا, بەڵکو چاوی لە چالاکییە سیاسیەکانیان دەپۆشی و هەندێك جاریش بە ناڕاستەوخۆ یارمەتی دەدان بۆ دژایەتیکردنی شیوعییەکان (13).

ئەوکات بیری شیوعیەت لە دونیادا لە برەودابوو, تەنانەت لە پاڵ دەسەڵاتە پادشایەتییەکان لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا شیوعیەت وەك حیزب سەنگێکی زۆری هەبوو, بەڵام بیری نەتەوایەتی شۆڤێنییەت بە پاڵپشتی ئیمپریالیەتی جیهانی بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا دەرۆیشت بەڕێوە ودەبووژانەوە و یارمەتی دەدەران, ئەمەش لە بنەڕەتدا بۆ دژایەتی شیوعییەکان و بەرگرتن لە زیادبوونی نفوزی یەکێتی سۆڤێت بوو, بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سەرمایەداری بە سەرچاوەی ئابووری ئایندەی خۆی دەزانیٚ.

ف7/

## شەری تورك و ئەرمەن لە کەرکوك

لەگەڵ ئەوەی کە سەرجەم سەرچاوە تورکمانییەکان لە دەسەڵاتی سیاسیی و سەربازی و رێکخراوە مەدەنی و حکومییەکان, تا ئەمڕۆش دان بەوەدا نانێن کە کوشتوبڕی ئەرمەنییەکان بە دەستی سوپای تورك لەسەردەمی کمال ئەتاتورکدا ئەنجامدراوە, هاوکات ئیفرازاتی ئەم کێشەیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گەیشتە شاری کەرکوك و شەڕ و ناکۆکییەکی لە نێوان ئەرمەنییەکان و تورکمانەکاندا لێکەوتەوە, لە راستیدا چەندین هەوڵ بۆ شێواندنی راستییە مێژووییەکان لەلایان هەندێك تورکمانی موتەتەریف دەدرێت ,بەڵام بەهۆی نادروستی وبیٚ بەڵگەیی و نامەنتقیەتی باسەکانیانەوە هەموو ئەو هەوڵانە دەبنە کەڤ سەر ئاو و تەمەنیان زۆر کورت دەبێت .

کێشەی نێوان تورك و ئەرمەن کێشەی ئەو ڕۆژەی کەرکوك نەبوو, کە لە ئاکامی شەڕی سەربازێك و گۆشتفرۆشێکی تورکمانەوە هەڵگیرسا, بەڵکو ڕەگی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1375ی زاینی کە دەکاتە مێژووی ڕووخانی مەملەکەتی ئەرمەنی, بەدەستی تورك و ڕوسیا و فارس, لەو ڕۆژەوە تورکەکان بەردەوام کوشت و بڕی ئەرمەنییەکانیان کردووە بۆ سەرکوتککردن و کوشتنی گیانی ڕزگاری خوازیان, لە ساڵی 1854 – 1896 عوسمانییەکان زیاتر لە سیٚ سەد هەزار ئەرمەنییان کوشت.

لە ساڵی 1915دا جارێکی تر بارودۆخی نێودەوڵەتی ئەو هەلەی بۆ تورکیا ڕەخساند کە مستەفا کەمال بتوانیٚ گەلی ئەرمەن بە تەواوەتی کوشت وبڕبکات, هەندێك لە سەرچاوە ئەرمەنییەکان دەڵێن ئەوکات تورکەکان بە بڕیاری ئەتاتورك زیاتر لە یەك ملیۆن و نیو ئەرمەن و سیٚ سەد هەزار کوردیان کوشت, لە یادەوەریەکانی (انفیر) پاشا کە یەکیٚ لە سەرکردەکانی کوشت و بڕکەبووە هاتووە و دەڵیٚ پیاوەکانمان بە گولە دەکوشت بە لێدان لەسەریان و منداڵەکان بەچەقۆ و ژنانیش بە تەعدای جنسیی و تەرمەکانم بە زۆری دەخستە ڕووباری خابوورەوە.

تەنازوولکردنی روسیای بەلشەفی لەسەر ئەو زەویانەی داگیری کردبوو بۆ تورکیا لە پەیماننامەی (بریس لیتۆفیسك) لە 3ی ئازاری 1918 تورکەکانی زیاتر هاندا بۆ بەردەوام بوون لە کوشت و بڕی ئەرمەنییەکان.

تورکمانەکانی کەرکوك ئەوکات تا ئەمڕۆش تورکیا بە وڵاتی دایك دەزانن, هەر دژایەتیکردنیٚ بۆ دەوڵەتی تورکیا ئەمان بەدژایەتیکردن لەسەر خۆیانی دەزانن, بۆیە دوای ئەوەی لە شەڕی جیهانی یەکەمدا بە هۆی هاوکاری ئەرمەنییەکان بۆ سوپای ڕوسیا کە مەبەستی داگیرکردنی ئەستەمبولٚ هاتبوون, دوای شەڕ کەوتنە بەرلەعنەتی تورکیا, ئەمەش وای لە تورکمانەکانی کەرکوك کردبوو کە ڕق لە ئەرمەنییەکان هەڵگرن و بۆ بیانوویەك بگەڕێن بۆ ڕووبەڕبوونەوەی ئەرمەنیەکان لە کەرکوك.

ڕۆژانی پێش جەژن لە 4ی ئایاری 1924 ژمارەیەك سەربازی سوپای لیڤی بە جل و بەرگی سەربازیی و کڵاو و پەڕی سوورەوە کە ئەوکات لیڤییەکان دەیانپۆشی لە بازاڕی شاری کەرکوکدا پیاسەیان دەکرد, بە مەبەستی کڕینی هەندێك پێویستی, خەڵکی بە گشتی سەرقاڵی کڕینی پێوستییەکانی جەژن بوون لەو ڕۆژەدا یەکیٚ لەو شمەکانەی کە ئەزمەی دەکەوێتە سەر گۆشتە, چونکە خەڵکی موسڵمان کە زۆرینەی خەڵکی کەرکوك پێکدێنن, ڕوودەکەنە بازاڕەکان بۆ کڕینی گۆشت, قەسابەکانیش چەندین ڕۆژ لەوەو پێش خۆیان بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە دەکەن, گەلێك جار شەڕ و ناکۆکی دەکەوێتە نێوان قەساب و کڕیاری گۆشتەوە, لەو ڕۆژەدا هەواڵی ئەوە بڵاودەبێتەوە کە شەڕ لە نێوان گۆشت فرۆشێك و سەربازێکی سوپای لڤیدا دروستبووە و گۆشت فرۆشەکە چەقۆیەکی کردووە بە سکی سەربازەکەدا, ئەمە بۆ خۆی ڕەنگە حاڵەتێکی زۆر سەیرو سەمەر نەبێت وەك باسمان کرد, بەڵام دواتر ڕەگی ئەم کێشەیە زۆر دادەبەزێتە خوارەوە و دەبێتە کارەساتێك تا ئەمڕۆ نەوەکانی کەرکوك بەگشتی لەبیریان نەکردووە, سەربازەکان دەگەڕێنەوە بۆ بارەگاکانیان وکۆمەڵیٚ سەربازی تر لەگەڵ خۆیاندا دێنن و شەڕ قووڵدەبێتەوە و جارێکی تر شەڕی تورکمان و ئەرمەن دەستپێدەکاتەوە, بەڵام ئەمجارەیان جیاواز لەوانیتر تورکمانەکان دەبنە قوربانی, یان بە واتایەکی تر تورکمانەکان شەڕێکی دۆڕاو دەخولقێنن و خۆیان تیایدا زەرەرمەند دەبن, ئەم شەڕە کە ئەوان بۆ دەوڵەتی تورکیای دەکەن بە هیچ شێوەیەك سوپای تورکیا فریایان ناکەوێت و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کەرکوك نەك هەر تورکمان, بگرە کوردو عەرەب و ئاشووریش دەکوژرێت, سوپای لیڤی ڕووی چەکەکانیان دەکەنە

خەڵك و شەڕ دەستپێدەكات و توركمانەكانیش چەكە شاراوەكانیان لەماڵەكانیان دەردێنن و دەكەونە شەڕ, بەڵام بەرامبەر لیڤییەكان خۆیان ناگرن و زۆریان لێ بریندار دەكرێت و دەكوژرێت, دواتر سەربازەكان هێرش دەكەنە سەر جێگای كۆبوونەوەی خەڵكی كەركوك لە بازاڕ و مزگەوت و جێگا گشتییەكان و دەكەونە لێدان وكوشتن و تەعدا كردن لە خەڵك, لەبەر ئەوەی كوردەكان لە كەركودا ژمارەیان زۆرینە بووە, بۆیە ئەم شەڕەیان كوردیشی گرتەوە . هەندێك رۆشنبیر و مێژوونووسی توركمان دواتر دەیانویست ئەم راستیە بشێوێنن و ئەم كێشەیە بخەنە سەر كورد . یەكێ لەو شەڕانە هێرشی سوپای لیڤی بوو كە بە مەبەستی شكاندنی ئابڕوی خەڵكی كەركوك كرایە سەر گەرماوێكی ژنان بەناوی (جووت حمام) لە بازاڕی گەورە, بەڵام ئەوكات دوو پیاوی كەڵەمێردی ئەم شارە كە هەردووكیان كوردبوون و ناسراوبوون لەم شارە, ئەم پیاوانە (عەلە بەستێ) و (قالەی نحەی جەباری) بوو لێیان دێنە دەست و رووبەڕووی سوپای لیڤی دەبنەوە و چەند كەسێكیان لێ بریندار دەكەن و دەكوژن , ئەم دووپیاوە بەرگری دەكەن تا هەمووئەوژنانە هەڵدێن و دواتر بەچەند رۆژێك سوپای بەریتانیا و سەربازەكانی سوپای لیڤی كێوماڵی كەركوك دەكەن و بە دوای ئەو دوو پیاوەدا دەگەڕێن, بەڵام نایان دەدۆزنەوە, بەریتانییەكان كە لەم شارەدا باڵادەست دەبن, دەكەونە خۆیان بۆ كوژاندنەوەی ئەم ئاگرە و چارەسەری گرفتەكە, هەر ئەو رۆژە دەكەونە ئاگاداركردنەوەی خەڵك و داوایان لێدەكەن كەدان بەخۆیاندا بگرن وسوپای بەریتانیا تاوانباران و سەرپێچیكەران لە هەرلایەنێك بێت سزا دەداو مافی ماف خوراوان وەردەگرێتەوە.

ئەوكات موتەسەریفی لیوای كەركوك (فتاح باشا) دەبێت مەندوبی سامی بەریتانی بەهۆی ئەو كێشەیەوە لە پۆستەكەی لایدەبات و لە جێگای سەرۆكی شارەوانی ئەوكات (عبد المجيد اليعقومی) دەكاتە موتەسەریف. پۆلیس و سوپای ئینگلیز بۆ دەستگیركردنی سەرپێچیكەران دەكەونە گەڕان بەدوای ئاژاوەچی و تاوانبارەكاندا, بەفعلیی چەند توركمانێك, لەوانە (حسین اغانفتچی و سلیمان بەگ و دەرویش و خێراللە حسن ئەفەندی) و چەند كەسێكی تر دەستگیردەكەن, دواتر بە مەبەستی لێكۆڵینەوە و سزادانی تاوانباران دادگایەك پێكدێنن بە سەرۆكایەتی (المستر ريچارد) ی بەریتانی و بە ئەندامێتی (عمر نەزمی) توركمان كە بە ئەسڵ خەڵكی قەزای كفری بوو لەگەڵ (حاكم سليم عبد الكريم الكركولی) و ئەفسەرێك لە سەرۆكایەتی فرۆكەوانی بەریتانی و كەسایەتیەكی ئاشووری بەناوی (المار شەمعون)ەوە و سزای تاوانباران و سەرپێچیكەران دەدەن.

قوربانییەكانی ئەم رووداوە, تا ئەمڕۆ تەمومژاوییە و سەرچاوەكان ژمارەی دروستیان لانییە, تەنها چەند سەرچاوەیەكی كەم نەبێت لەوانە (جرجيس فتح الله) دەڵێت ژمارەی كوژراوەكان 56 كەس بوون بریندارەكانیش بە 110 كەس هەژماردەكات, كە لە نێویاندا چەند كەسێكی ئاشووریش هەبوون, (15) بەڵام عبدالرزاق الحسنی لە (تأريخ الوزارت العراقيه) دا ژمارەی كوژراوەكان بە200 كەس دەخەمڵێنێ.

لە راستیدا توركمانەكان لە ئەرمەنییەكان بەبیانوو بوون لەسەر ئەوموقف و دوژمنكاریانەی ئەرمەنیەكان بۆ دەوڵەتی توركیا هەیان بوو , توركمانەكانی كەركوك ئەو كاتیش دەوڵتی توركیایان بە وڵاتی رەسەن دایكی خۆیان دەزانی .

ف8/

## رووخانی رژێمی پادشایەتی
## و دامەزراندنی كۆماری عیراق

له 14 تەمووزی ساڵی 1958دا بە کودەتایەکی سەربازیی کۆتایی بە دەسەڵاتی پادشایەتی لە عیراقدا هات و لە جێگای دەسەڵاتێکی کۆماری بەسەرۆکایەتی زەعیم عبدالکریم قاسم دامەزرا.

لەم سەردەمە نوێیەدا پەیوەندییەکانی نێوان کورد و تورکمان زۆر ئاڵۆزتربوو, لە لایەك ئەمە بەهۆی ئەوەی کێشە وگرفتە ناوخۆییەکانی عیراق کە پێکهاتەیەکی هەمەجۆری هەیە بە تایبەتی لە رووی ئاینی و نەتەوەییەوە , لەلایەکی تر بەهۆی نەش ونماکردنی هەردوویبری سۆسیالیستی وبیری عەرەبی شۆڤێنی. بۆ زیاتر ئاشنابوون و تەفسیرکردنی رووداوەکانی ئەم سەردەمەی کەرکوك و بارودۆخەکە بە گشتی وحەقیقەتی پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان بە تایبەتی, پێوست وادەخوازێت سەفەرێك بە مێژووی دروستبوونی بەرهەڵستکارانی رژێمی پادشایەتی و شێوازی پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری بکەین, بە وردبوونەوەیەك چەند وێنەیەك لە کودەتاکەو شێوازی تەسفیەکردنی حیساباتە سیاسییەکان, رۆشناییەکی زۆر دەدا بە راستی و دروستی ئەم باسە . بەتێرامان لە مێژووی سیاسیی عیراق ,راشکاوانە ئەو راستییە دەکەوێتەڕوو کە لە عیراقدا قاتوقڕی و کوشت و بڕی وابەستەی مێژوی ئەم وڵاتەیە , دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کە عیراق لە مێژووی دروستبوونییەوە لە کۆی نۆ شا وسەرۆك تەنها یەك کەسیان نەکوژراون , هەشتەکەی تریان بە شێوازی نامرۆڤایەتی و ناڕەوا دوور لە رەوشت و ویژدان دەکوژرێن نەك بەیاسا لە سەر تاوانەکانیان دادگاییبکرێن‌و سزای رەوا بە سەریاندا بسەپێت , دەوڵەتی عیراق لە دوای دروستبوونییەوە لە لایەن ئینگلیزەوە و بە دانانی شا فەیسەڵ بە شای عیراق, لە وکاتەوە تا زەمەنی سەدام حوسێن,ئەم وڵاتە ساتێك ئارامیی و بێشەڕ و موئامەرە ی بەخۆوە نەبینیوە.

لە بەیانی رۆژی 14ی تەمووزی ساڵی 1958دا قاسم نەخشەکەی بۆ لەناودانی شا فەیسەڵی دووەم دەستپێدەکات,ئەوکات فەوجێکی سوپای عیراق روودەکەنە کۆشکی پادشایەتی (کۆشکی رەحاب) لە ناوچەی حارسییە لە بەری کەرخ لە بەغداد و فەرمان بەخێزانی پادشایەتی دەدەن کە لە کۆشك بێنە دەرەوە .

مەلیکە عالیەی خێزانی شاغازی دایکی شافەیسەڵی دووەم لە ژێر تۆپباران وقەسفکردندا هاتە دەرەوە قورئانێکی کردبووە سەر شا فەیسەڵی دووەم و داوای کرد لە سەربازەکان کە نەیکوژن, چونکە کوڕەکەی هێشتا مێرد منداڵە و لە نەوەی (پێغەمبەر)ە (د.خ) و هیچ تاوانێکی لە دژی گەلانی عیراق ئەنجامنەداوە, لەو کاتەدا وەڵامی مەلیکە عالیە بە فیشەك وتەقە دەدرێتەوە و سەرجەمیان دەکوژرێن وکۆشکی پادشایەتیش دوای بەتاڵانبردن دەسووتێنرێت و پەیکەری شاش بەهەمان شێوەی پەیکەرەکەی سەدام دەرووخێنرێت لە شەقام وشۆستەکان رادەکێشرێت, بەهەمان شێوەش وصی عبداله ونوری سعید و سەباحی کوڕیشی دەکوژرێت.

دواتر لە کودەتایەکی تردا بەعسییەکان وقەومییەکان عبدالکریم قاسم بە دڕاندانەترین شێوە دەکوژن و لە دوای ئەمیش بە موئامەرەك عبد السلام عارف دەکوژرێت و تەنها کەسێك لە کورسی دەسەڵاتی عیراق بە زیندوویی رزگاری بووە وهەڵهاتووە (عبدالرحمن عارف) بوو, دوای ئەویش احمد حسن بکر لە لایەن سەدامەوە دەکوژرێت وسەدامیش بەیاسا لەسەر تاوانەکانی لە سێدارە دەدرێت.

لەگەڵ ئەوەی کودەتاکەی قاسم بە هەمان رێچکەی کودەتاکانی جمال عبدالناصری میسر کەلە تەمووزی ساڵی 1952 ئەنجامدرا و کودەتاکەی ساڵی 1948ی یەمەن لەدژی دەسەڵاتی پادشایەتی ئەنجامدرا و کاریگەری ئەوانی لەسەربوو بەڵام شێوازی حوکم و ئایدیای لە وان زۆر جیاواز بوو.

بەهەمان شێوە یەکێ لە هۆکارەکانی دروستبوون وهاندانی ئەم کودەتایە  شکستهێنانی سوپای عیراق بوو لەفەلەستین .ئەفسەرانی عێراق ئەو شکستەیان  بە موئامەرەیەك دەزانی کە لەلایەن سەرۆکەکەیانەوە بە مەبەست ئەنجام دراوە  بەمە بەستی شکستهێنان ودارمانی سوپا, ناوکی ئەم کودەتایە لە کۆمەڵێ ئەفسەرەوە دەستپێکرد و سەرەتا ئەو ئەفسەرانە بەسەرۆکایەتی رائد (رفعت الحاج السري الدين) لە شێوەی گروپێکدا دروست بوون . لە دوای ساڵی 1952ەوە بە سەرکەوتنی کودەتاکەی جمال عبدالناصر, ئەم بزووتنەوەیەش چووە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوەو شێوەی رێکخراوەی لە خۆگرت .

ئەوکات بەرهەڵستکاران دووبەرە بوون, هەندێکیان باوەڕیان بە گۆڕینی دەسەڵاتی پادشایەتی بە دەسەڵاتی کۆماری هەبوو, هەندێکی تریان باوەڕیان وابوو کودەتایەك لە شێوەی کودەتاکەی بەکر سدقی یان راپەڕینەکەی رەشید عالی گەیلانی پێویستە بێئەوەی شێوازی حوکم بگۆڕێت بۆ کۆماری.

لە هاوینی ساڵی 1956دا ئەم زانیارییانە تەسەروب دەکات ودەگاتە بەڕێوەبەرایەتی ئیستخباراتی سەربازی پادشایەتی, دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ ( رفعت الحاج السری الدین) و هەندێك لە هاوەڵانی تۆمەت ساغ نابێتەوە بەڵام سری دوور دەخرێتەوە بۆ جێگایەکی دوور لە دەسەڵات و هەندێکیان دەکرێن بە پاشکۆی باڵیۆزخانەکان لە دەرەوەی وڵات, بۆیە سەرکردایەتی ئەم رێکخراوە دەگواسرێتەوە بۆ فەریق (نجیب الربیعی) و دوای دوورخستنەوەی ئەمیش دەگواسرێتەوە بۆ عبدالکریم قاسم, بەڵام وەك شەریکەکەی قاسم لە کودەتاکە کە عبدالسلام عارف بوو,  ئەم پیاوە لە مارسی 1941 پەیوەندیکرد بە تەمەرودەکەی رەشید عالی گەیلانییەوە و دواتر لە ساڵی 1957 پەیوەندی بە رێکخراوی ئەفسەرە ئازادەکانەوە کرد.

عبدالسلام عارف, عبدالکریم قاسم کاندید دەکات بۆ سەرۆکی رێکخراو,  هەر ئەو کاتە دەڵێت بە هاوڕێکانی (لا زعیم الا کریم), ئەوکات قاسم فەرماندەی لیوای نۆزدە بوو, عبدالسلام فەرماندەی لیوای بیست بوو,  لە سەرەتای تەمووزی ساڵی 1958دا لەگەڵ دەرچوونی بڕیارێك بۆ ناردنی سوپا بۆ شەڕی فەلەستین, ئەم دوولیوایە لە ناوچەی دیالە جێگیردەبن, بۆ گواستنەوەیان بۆ ئەردەن, دەبوو بەشاری بەغدادا تێپەڕن, ئەمەش هەلێکی باش بوو بۆ ئەوان کە پلانەکەیان جێبەجێبکەن.

دوای سەرکەوتنی کودەتاکە عبدالسلام عارف یەکەم بەیانی بەناو کۆماری عیراقەوە خوێندەوە, عبدالکریم قاسم بوو بە سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگری و سەرۆکی گشتی هێزی چەکداری و عبدالسلام عارفیش بوو بە جێگری و وەزیری ناوخۆ.

عبدالکریم قاسم وعبدالسلام عارف و هاوڕێکانی دوو عەقیدەی زۆر جیاوازبوون, بۆیە قاسم بە گەیشتنی بۆ دەسەڵات درکی بەوە کردبوو کە هاوەڵەکانی لەژێر کاریگەری جمال عبدالناصر دان و دەیانەوێ عیراق بە ئاراستەیەکی تردا بەرن, بۆیە هەر زوو, لە دوای چەند مانگێك لە گرتنەدەستی دەسەڵات, زۆربەی ئەوانەی لە دەسەڵات دوورخستەوە, بەتایبەتی عبدالسلام عارف و رفعت الحاج السری ونجیب الربیعی و ناظم تەبەقچەلی  و شەواف و احمد حسن بکر و چەند ئەفسەرێکی تر.

قاسم هەر لە سەرەتاوە درکی بە نیەت خراپی ئەفسەرانی هاوڕێی کردبوو بۆیە زیاتر لە شیوعییەکان نزیك بووەوە, ئەوەی عبدالکریم قاسمی گەیاندە ئەوەی کە دەسەڵاتی تاکرەوی خۆی پیادەبکات,  جگە لەوەی کە وەك خۆی  زۆر موعجیب بوو بە ئەزموونی یەکێتی سۆڤێت و کاریگەری کەسانی شیوعی لە بنەماڵەکەی خۆی لەسەر بوو, لە هەمان کاتدا درکی بەو موئامەرەیەش کردبوو کە لە میسرەوە بۆی ئامادە دەکرا بۆیە بەپێویستی دەزانی کە سۆزی سۆڤێتیەکان بە لای خۆیدا پەلکێش بکات .

شێوازی کوشتنی خێزانی پادشایەتی بەو شێوە دڕندانە و خوێناویەی کەروویدا پێشتر نە لە لایەن قاسمەوە و نە لە لایەن رێکخراوی ئەفسەرە ئازادەکانەوەکانەوە هیچ پلان ونەخشەیەکی بۆ دانەنرابوو,بۆیە ئەمە بۆ قاسم زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بوو لە خووڕەوشتی کودەتاچییەکان و ئەفسەرەکانی هاوڕێی.

ئەمە وای لە قاسم کرد کە رۆژ بە رۆژ زیاتر دەسەڵاتەکانی لە دەست خۆیدا کۆکاتەوە , تا گەیشتە ئەو ئاستەی کەبڵێت: (من گەلی عیراق بە یەکەیەکی سەربازی دائەنێم, گەل سەربازەکانیەتی و منیش فەرماندەی).

عبدالسلام عارف لەو ماوە کورتەی کە لەگەڵ قاسمدا بوو بۆ پاڵپشتی خۆی و بنکەنکردنی دەسەڵاتی قاسم رێگای خۆشکرد بۆ دامەزراندنی چەند حیزبێکی بەرهەڵستکار, لەوانە حزبی ئیسلامی عیراقی و حزبی دعوی, بەڵام دواتر قاسم ئەم حزبانەی هەڵوەشاندنەوە وتەنها رێگای بە حزبی شیوعی دا کە لە حکومەتدا بەشدار بن.

لە رۆژانی سەرەتای دەسەڵاتی کۆماریدا ئەو راستییە بە روونی دەرکەوت کە قاسم و عبدالسلام دووبەرەی ناکۆکن و محاڵە بتوانن بەیەکەوە هەڵکەن, عبدالسلام دەیویست عیراق بکات بە بەشێك لە ولاتی عەرەبی وئیسلامیی, قاسمیش دەیویست سەربەخۆیی عیراق راگرێت.

دوای کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات بە تەواوی لە لایەن قاسمەوە ,توانی عیراق لە رژێمێکی قەبەلییەوە بگوازێتەوە بۆ سیستمێکی هاوچەرخ و لەو ماوە کەمەی دەسەڵاتیدا چەندین کاری گەورە ئەنجامبدات, لەوانە دارِمانی رژێمی دەرەبەگایەتی و دانانی یاسای (الاصلاح الزراعی)و چاکسازی لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستیو بیناسازی ,هەموو ئەمانەش بەگشتی بۆ بەرژوەندی چینی خوارەوە و هەژاری گەلی عیراق بوون, بۆیە ئەم پیاوە لای هەژاران وکەم دەرەتانان پیاوێکی خۆشەویست بوو بەو ماوە کورتە توانی سۆزی زۆرینەی گەل بەلای خۆیدا راکێشێت, بەڵام داواکردنی قاسم بە گەڕاندنەوەی کوەیت بۆ عیراق لە نامەیەکدا کەلە 1961/6/20 بلاوی کردەوە,تیایدا ئاماژەی بە هەڵوەشاندنەوەی رێکەوتننامەکەی ساڵی 1899 ی نێوان بەریتانیا و کوەیت کرد.عێراقی بوونی کوەیت لای قاسم وزۆربەی عێراقیەکان راستیەکی حاشا هەڵنەگر بوو ,بۆیە گەلانی عێراق پاڵپشتی ئەم بڕیارەی قاسمیان زۆر بە توندی کرد,ئەویش زۆر بە باوەڕەوە رایگەیاند کە کوەیت بەشێکە لە عیراق .

بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کۆبوونەوە و موناقەشە و راگۆڕینەوە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ئەنجامدرا ,بەڵام ئە بڕیارە کۆمەڵێ گرفتی بۆ قاسم دروستکرد, لەوانە لە لایەك عەرەبەکان بە تایبەتی میسر و سوریا وئەردەن, کە ئەم کارەی قاسمیان ئیستغلالکرد بۆ بەرپاکردنی دژایەتیەکی جادەی عەرەبی لە دژی قاسم ولە لایەکی تر بەریتانییەکان کەتا ئەوکاتەش خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر گەورەی پشت پەردە بوون لە ناوچەکە بەم ویستەی قاسم قەڵسبوون و زیاتر کەوتنە خۆیان بۆ گۆڕینی رژێمەکەی ولە ناودانی داروەدەستەکەی . بۆ رووبە رووبونەوەی ئەو موئامەرانە قاسم هەندێك رێگا و جێگای گرتە بەر لە وانە لە رووی ناوخۆییەوە شلکردنی جڵەو بۆ شیوعییەکان و ملیشیا چەکدارەکانی کە ئەوکات بە هێزی (المقاومە الشعبیە) ناسرابوون . وەستانەوەی جامعەی عەرەبی لە دژی داواکەی قاسم بە فیتی جمال عبدالناصر بووە هۆی ئەوەی عیراق تووشی گۆشەگیری بێت لەلایەن ولاتە عەرەبی وئیسلامییەکانەوە, بۆیە قاسم پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا وئێران و ولاتە شیوعییەکانی ئەو کات بە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤێت پەرەپێدا.

کودەتاکەی قاسم لە ساڵی 1958 هەر لە سەرەتاوە سۆزی بەلای سۆسیالیزمدا هەبوو بەڵام دواتر ئاراستەی سۆسیالیستی بە واقعی گرتەبەر, قاسم بەوەی کە لە خێزانێکی هەژار وکەمدەرامەتەوە دروست بووبوو, دەیویست یارمەتی هەژاران بدات و خزمەتی چینی هەژار و ژێردەستەکان بکات و هاوکات دژایەتیکردنی دەرەبەگ وسەرمایەداران وداگیرکەران بوو بووە بەشێك لە پێکهاتەیی و لەژێر هیچ بیانوویەکدا نەیدەویست لەگەڵیاندا پێکبێت.

سەرکەوتنی کودەتاکەی قاسم تورکیا و تورکمانی بردە قۆناغێکی ترەوە لە لایەك بەوەی کە قاسم دانی بەوەدانا لە عیراقدا تەنها دوونەتەوە هەیە ئەویش کورد و عەرەبە, هاوکات لە دەستووری کاتیشدا لە مادەی سێ ئەوە چەسپا کە کورد و عەرەب هاوبەشن لە نیشتیمانی عیراقدا, ئەمە تورکمانی بە تەواوەتی سەغڵەتکرد, بەڵام دواتر تێکچوونی نێوان پەیوەندی نێوان قاسم و جیهانی عەرەبی و ئیسلامیی و ناچاربوونی بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ تورکیا و ئێران دەرگایەکی بۆ تورکمانەکان کردەوە بۆ جارێکی تر خۆیان بخەنەوە کۆش تورکیا و هاوکات دەوڵەتی تورکیش ئەمان بۆ ئامانجی تایبەتی خۆی بەکاربێنێت, لە لایەکی ترەوە تورکمانەکان هەر لە سەرەتاوە نەیانتوانی لەگەڵ دەسەڵاتی قاسمدا هەڵکەن, بۆیە خۆیان دایە لۆی بەعسییەکان و قەومیە موتەتەریفەکانەوە.بە تایبەتی لە کەرکوك ,تورکمانەکان بەوەی کە بە درێژای ماوەی دەسەڵاتی پادشایەتی لە عیراقدا نەیانتوانیبوو هیچ پێگەیەکی سیاسیی بەرچاویان هەبێت, بۆیە زیاتر خویان دابووە بازاڕ و کەسابەت و زۆربەی کەناڵەکانی بەرهەمهێنان و بازرگانیان بۆخۆیان قۆرخکردبوو, بەشێکی زۆر لە سەرمایەدار و بازرگان و دەوڵەمەند و دەرەبەگەکانی ئەو سەردەمەی کەرکوك لە تورکمان بوون, بەم ئاراستەیەش سەد لە سەد لەگەڵ قاسم و شیوعییەکاندا ناکۆك بوون و خۆیان بە دوژمنی ئەم دەسەڵاتە دەزانی.

بۆ زیاتر سەپاندنی خۆیان و دژایەتیکردنی کورد لە کەرکودا, تورکمانەکان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عەرەبە موتەتەریفەکان و ئەفسەرە عەرەبە شۆڤێنییەکان لە لایەك و دەزگا سیخوڕیەکانی کۆمپانیای نەوت و باڵیۆزو نوێنەرەکانی بەریتانیا لە لایەکی تر دروستکردبوو, زۆرجار لە کاتی کۆبوونەوە و گفتوگۆ لە نێوان سیخوڕەکانی کۆمپانیای نەوت و ئەفسەرە عەرەبە شۆڤێنییەکانی کەرکوك دانیشتنەکانیان لە ماڵە تورکمانە دەوڵەمەند و دەست ڕۆکان ئەنجامدەرا.

لە پێنجی تشرینی یەکەمی ساڵی 1958 بە واتا دوای سێ مانگ لە سەرکەوتنی کودەتاکەی ,قاسم بە بڕیارێك عبدالسلام عارفی لە پۆستی جێگری سەرۆك وەزیران لابردو کردی بەباڵیۆزی عیراق لە بۆن, ئەم ردوواوە جێگای دڵخۆشی شیوعییەکان بوو, بۆیە زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێکرد و بە خۆپیشاندان و ڕێپێوان و بە هوتافی بڕوخێ بەعس و مەرگ بۆ بەعسیەت, وەڵامی بڕیارەکەی قاسمیان دایەوە, ئەمەش جێگای خۆشحاڵی بوو بۆ قاسم.

لە هەمانکاتدا ئەم ڕووداوە وایکرد دوژمنەکانی قاسم زیاتر یەکبگرنەوە, لەبەر ئەوەی ئەوکات کوردیش بەلایەنگری قاسم لەقەڵەم دەدرا, بۆیە ئەم دۆخە کورد و شیوعییەکانی بردە بەرەیەکەوە, لە بەرامبەر بەعسییەکان و تورکمانە تۆرانیەکان و عەرەبە قەومییە موتەتەریفەکان, لێرەوە سەرەتای قووڵبوونەوەی ناکۆکیی وشەڕی نێوان ئەم دوو لایەنە لە کەرکوك پەرەیسەند.

کورد لە ڕێگای چەند ئەفسەرێکی باڵاوە بەشداری کودەتاکەی قاسمی کرد بوو, ئەمە جگە لەوەی ڕۆشنبیرانی کورد لەنەخشەدانان بۆ کودەتاکە بەشداربوون, بۆیە سەرکردایەتی نوێی کورد پێیانوابوو کە کێشەی کوردی بەشێکە لە بزاوتی نیشتیمانی عیراق, لە بەرامبەر ئەمەشدا لە دامەزراندنی ئەنجومەنی سیانی سیادەدا یەکێ لەو سێ کەسە عەقید خالد

نەقشبەندی بوو وەك نوێنەری كورد, ئەمە جگە لەبەشداریكردنی كورد لە حكومەت ودانانی ئەفسەرێكی كوردی لە دادگای سەربازی باڵای تایبەت.

مەلا مستەفای بارزانی گەڕایەوە بۆ عیراق و لە لایەن حكومەتی عیراق و حزبی شیوعییەوە لە ئۆكتۆبەری 1958 بە گەرمی پێشوازی لێكرا, قاسم یەكێ لە كۆشكەكانی دەسەلاّتی پادشایەتی بەخشیە بارزانی تا تێیدا نیشتەجێ بێت, ئەم كۆشكە پێشتر (نوری سعید و وصی عبدالله)ی لێ دادەنیشتن.

توركمانەكانی كەركوك بە پاڵپشتی ئەفسەرە شۆڤێنییەكان كەوتنە ئیستفزازكردنی كورد و شیوعییەكان. لە راستیدا كورد و شیوعیەكان لە یەك ئیستراتیژدا نەبوون, بەڵام توركمانە تۆرانییەكان لەبەر ئەوەی بە ئیعازی توركیا هەڵسوكەوتیان دەكرد, دەبوو دژی كوردبن و هاوكات لەبەر ئەوەی شیوعییەكان لە قاسمەوە نزیك بوون و بەشداری دەسەلاّتی نوێی عیراق بوون, ئەوان هەردوو ئەم لایەنەیان كردبووە یەك بەرەوە.

زاڵبوونی زمانی توركمانی لە فەرمانگە و بازاڕەكانی كەركوك ئەوكات لەگەڵ ژمارەی بوونی توركمان لەو شارەدا هاوسەنگ نەبوو زۆربەی فەرمانبەرو كارمەندەكانی حكومەت توركمان بوون, بۆیە پرۆسەكانی ئاماركردنی ساڵی 1957 بە شێوەیەكی زۆر فراوان وبەرچاو حاڵەتی تەزویری لە خۆگرت ,بەسەدان خێزانی هەژار و نەخوێندەواری كورد بە توركمان ناو نوسكران, ئەم راستییەش لە ساڵی 1959 بە ئاشكراكردنی ئاكامی ناوونووسەكە ئاشكرابوو بە تایبەتی كە كاتێك هەندێ خێزانی كورد سەردانی دائیرەی رەگەزنامەیان دەكرد و بۆیان دەردەكەوت كە بە توركمان تۆمار كراون, هەندێك لەو خێزانانە دواتر رێگای دادگایان گرتەبەر بۆ چاككردنی ناسنامەی نەتەوەییان كە فەرمانبەرە توركەكان بە تەزویر و فێڵ كردبوویان بە تورك, (16) لەگەڵ ئەو هەموو تەزویرەشدا لە ئامارەكە كورد هەر زۆرینە بوون, رێژەی كورد 48٪ ی تۆماركرد و ئەمە دابەزینێكی لە خۆگرت لە چاو ئاماری ساڵی 1947 كە رێژەی كورد كە 51٪ ی كەركوك بوو لەم ئامارەدا توركمانەكان بە رێژەی 21.5٪ بوون عەرەبیش بەرێژەی 20٪ و سەرجەم نەتەوە و گەلانی تریش بڕی تەنها 7.5٪ یان بەركەوت.

دەركەوتنی ئەم راستییە بۆخۆی ئیستفزازكردن و بێ متمانەیی دژایەتی توركمان لە بەرامبەر كوردا زیاتر باڵا و ئاشكراكرد. شێوازەكانی ئیستفزازكردن لە نێوان توركمان وشیوعییەكاندا پەرەی سەند تا گەیشتە ئەو ئاستەی لە جادە وبازاڕەكان ركەبەرایەتی یەكتر بكەن.

دەگێڕنەوە دەڵێن: لە یەكێ لە چێشتخانەكاندا پیاوێكی شیوعی كە سەردانی دەكات داوای كوبەی مۆسكۆ دەكات, خاوەن چێشتخانەكە دەڵێ... كوبەی مۆسكۆمان نییە, ئەویش دەچێتە سەر مەنجەڵەكە و دەڵێ ئەی ئەوە چییە؟ ئەویش دەڵێ كاكە ئەوە كوبەی حەلەبە,من تائێستا كوبەی مۆسكۆم نەبیستووە, شیوعەیەكە دەڵێ.. نەخێر لە ئێستا بەدواوە ئەوە كوبەی مۆسكۆیە نەك حەلەب.

شیوعییەكان كە كۆتری ئاشتیان كردبووە رەمزی خۆیان بە زۆری وێنەی كۆتریان دەدا لە بەرۆكیان, لە بەرامبەردا توركمانەكان وێنەی سەرە پشیلەیان دەدا لە بەرۆكیان, بەواتای ئەوەی ئەم پشیلەیە ئەو كۆترەی ئێوە دەخوات, یان دارلاستیكیان دەدا لە بەرۆكیان, بە واتای ئەوەی ئەو كۆترەی ئێوە بەم دارلاستیكە دەكوژین.

لە راستیدا شیوعییەكان دۆخی كاتی كردبوویانە دۆستی كورد, دەنا , ئەوان هەردوو گەلی كورد و توركمانیان بە كەسانی نەتەوایەتی و دواكەوتوو دەزانی, ئەوكات ئەوانەی جلی كوردییان لەبەر بكردایە, یان بە كوردی رۆژباشیان بكردایە, بە كۆنە

پەرست و دواکەوتوو و سیخوڕ و بۆرژوازیەت و دەرەبەگ ناودەبران و تورکمانەکانیش بە تۆرانی و پیاوی تورک و ئەمەریکا لە قەڵەمدەدران.

لەو سەردەمەدا سەرجەم کرێکار وپالاّ و حەماڵ و بۆیاغچیی پێڵاو و توێژە هەرە هەژارەکانی ئەم شارە پڕ زێڕ و داهاتە کوردبوون و بە دوای ژیانی کوولەمەرگیدا دەگەڕان, کورد ئەوەندە لەم شارەدا بێ بەشکراوە بۆیە هیچ کات نەیتوانیوە رۆڵەکانی بخاتە بەر خوێندن و قوتابخانە, تەنها تاك و تەرا نەبێت کە ئەمانەش ئەوکات بە پەنجەی دەست هەژمار دەکران. (17)

تورکمانەکان بۆ بەهێزکردنی پاڵپشتەکانیان شاندێك ئامادەکەن و هەواڵەی تورکیای دەکەن بە سەرۆکایەتی یونس عومەر و بەیارمەتی نازم تەبەقچلی, هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا دە هەزار ئیمزا کۆدەکەنەوە و دەیدەن بە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا و داوادەکەن کە باکووری عیراق بخرێتە سەر تورکیا, بەلاّم تورکیا ناتوانێ ئەم داوایەیان بخاتەڕوو, بەلاّم یارمەتیان دەدات و پلانیان بۆ دادەنێ کە چۆن لە کەرکوك خۆیان رێکخەنەوە و هاوپەیمانی ببەستن و دژی هەر هەوڵێکی کوردی بۆ دەستخستنی مافەکانی خۆیان بوەستنەوە و رێگەنەدەن بە گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سەر کوردستان بە هەرنرخێك بێت.

بارزانی لە رۆژی 1958/10/26 رۆژی گەڕانەوەی لە ناوچەی بارزانەوە بۆ بەغداد لەسەر داوای هەندێك لە هاوەڵەکانی کە داوای لێدەکەن شەوێك لە کەرکوك لە ناو ئەفسەران بمێنێتەوە, ئەو رۆژە لادەداتە کەرکوك, بۆ پێشوازی لە بارزانی خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە, بەمەش تورکمانەکان زۆر ناڕەحەتبوون و دەیانویست بە هەرشێوەیەك بێت ئاژاوەیەك دروستبکەن.

لە بەیانی رۆژی دووەمدا بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوچۆ درا و لەکاتژمێر نۆی بەیانیدا ژمارەیەك لە تورکمانەکان خۆپیشاندانیان دروستکرد لە قۆریەوە بەرێکەوتن بۆ بەردەم بارەگای فیرقەی سەربازی کەرکوك بە پارێزگاری سەربازی چەکداری ,خۆپیشاندەران لە شیعارەکانیاندا داوای گەڕانەوەی لیوای موسڵیان دەکرد بۆ ولاّتی دایك (تورکیا).

ئەو رۆژانە کات لە کەرکودا زۆر بەناڕەحەتی بەڕێوەدەچوو, barودۆخەکە زۆر ئاڵۆزبوو, تەنها یەك لێخشاندنێکی دەویست تا شەڕ بەرپابێت و تەڕ و وشك پێکەوە بسووتێ.

شیوعییەکان بەپاڵپشتی دەسەلاّتی قاسم رۆژ بە رۆژ زیاتر دەسەلاّتی خۆیان لە کەرکوك قایمدەکرد و هەڕەشەیان لە تورکمان و قەومییە موتەتەریفە عەرەبییەکان دەکرد.

ف9/

## شکستی کودەتاکەی شەواف

## شکستی شۆڤێنیزمی عەرەبی وتەتەروفی تورکمانی

لە رۆژی 1959/3/4 دوای سەردانەکەی (عبدالوهاب شواف) بۆ کەرکوك لەگەڵ نازم تەبەقچەلی وعەتا خەیروڵلاّ لە ماڵی نورەدینی واعز لە کەرکوك کۆبوونەوەیەکیان سازکرد, بە مەبەستی دانانی پلان بۆ تەقاندنەوەی بارودۆخەکە و رێکخستنی رێگا یان ئاراستەی ئەو پلان و کودەتایەی کە دواتر شەواف لە موسڵ بە تەنیا ئەنجامیدا و شکستیهێنا.

هەر لە رۆژی دوای ئەم کۆبوونەوەیە مامۆستایەکی تورکمان کە ناوی (زاهدە) بوو بە یاوەری چەند مامۆستایەکی تر کەوتنە دابەشکردنی مەنشورات بە ناوی تورکمانە دیموکراتیەکانەوە. دوای 4-5 رۆژ لەم رووداوە کاتژمێر چواری ئێوارە

قوتابخانەی(موسەلاَ) کە لە لایەن کۆمەڵێ تورکمانی تۆرانییەوە بە پاڵپشتی نازم تەبەقچەلی گەمارۆ دەدرێت بە مەبەستی هێرش بردنە سەر قوتابخانەکە و عەزێتدانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە ماموٚستا (سنیە جباری) و خوێندکارە کوردەکان.ئەم بارودۆخە تا کاتژمێر هەشتی ئێوارە بەردەوام بوو دواتر بلاٌوەیان لێکرد بێ ئەوەی هیچ کارێکی هێرش بەرانە ئەنجامبدەن, بەلاٌم لە ئێوارەی رۆژی دوایدا بە شێوەیەکی زۆر توندتر و قەرەباڵغتر دەستیان پێکردەوە و کەوتنە قسە و جنێو بە ماموٚستا و خوێندکارە کچەکانی قوتابخانە کە, بۆیە کوردەکان پەنا دەبەنە بەر نازم و داوای لێ دەکەن کە سنوورێك بۆ ئەو تورکمانە شۆڤێنیانە دانات, بەلاٌم نازم پشت گوێیان دەخات و بە قسە بەڕێیان دەخات.

بۆیە کوردەکان ناچاردەبن کە چەند کەسێك بە جل و بەرگی کوردییەوە بە دوو ئۆتۆمبیلی پیکاب بنێرن بۆ رزگارکردنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و خوێندکارەکان, بەگەیشتنی ئەمانە تۆرانییەکان لە دەرگای قوتابخانە دووردەکەونەوە, بەلاٌم لەکاتی دەرکردنی خوێندکارە کچەکان و گەیاندنیان بە سەیارە هەندێك تورکمان پەلاماری کچان دەدەن و یەکێ لە کچەکان عەباکەی لێدەکەنەوە و دەیدڕێنن.

بەرامبەر ئەم کردەوانەی تورکمانەکان, شیوعییەکان هێزە چەکدارەکانی خۆیان کە ناوی بەرگری میللی (المقاومة الشعبیة) یان لێنابوو ئامادەباشیان پێکردبوو بۆ رووبەڕوونەوەی هەر کارێکی توندوتیژی لەناکاو,دەکەونە حاڵەتی ئامادە باشیەوە.

لەو سەردەمەدا ئەفسەرە قەومییەکان بە فیتی میسر و سوریا و لە لایەکی تر تورکمانەکان بەفیتی تورکیا.

لە بەرامبەریشدا تورکمانەکانی کەرکوك بە بەردەوامی سەرقاڵی خۆپڕ چەککردن بوون و ئەو چەك و تەقەمەنیانەی کە لە سوریا و تورکیا وە بە قاچاغ دەهاتە عیراقەوە بەشێکیان لە ماڵە تورکمانەکانی کەرکوك دەشاردرانەوە.

هەر لە سەرەتای کودەتاکەی قاسمەوە ململانێ و ناکۆکی نێوان شیوعییەکان و نەتەوەییەکان لە شاری موسڵدا دروست بوو, بگرە لە هەموو ناوچەکانی تری عیراق ئەم ناکۆکیی و شەڕە تووندتر بوو, شیوعییەکان و قەومییەکان لە هیچ بۆنەیەکدا یەکیان نەدەگرتەوە, لە شاری موسڵ شەڕ لە هەموو جێگایەك هەبوو, لە سوپا و پەروەردە و خوێندن و سەرجەم فەرمانگەکانی تری حکومەت و جادە و تەنانەت شوێنە کۆمەلاٌیەتی و شوێنە ئاینیەیکانیش دا هەبوون.

شیوعییەکان وەك حیزبێکی بتەو کە خاوەن جەماوەرێکی زۆر فراوان بوون, چەندین رێکخراوی ژنان و خوێندکاران و کرێکاران وجووتیارانو...هتدیان بۆ خۆیان دامەزراندبوو, ئەمە جگە لەرێکخراوی (انصار السلام والشبیبة الدیمقراطیة).

لە کەرکوك لەبەر ئەوەی نازم بەردەوام هەوڵی دەدا ئەفسەرە کوردەکان لە سوپا دووربخاتەوە و قەومییە موتەتەریفەکان بالاٌدەستبن, بەلاٌم لە لایەنە مەدەنییەکان شیوعییەکان بالاٌدەستبوون, نازم زۆر دژایەتی ئەفسەرە کوردەکانی دەکرد, بۆ نموونە چەندین جار هەوڵی دوورخستنەوەی فاتح جباری دەدا و بەردەوام راپۆرتی لە دژی دەناردە کۆشکی سەرۆکایەتی و بە سەرچاوەی شەڕ و ناکۆکیەکانی کەرکوکی دەخستەڕوو.

شیوعییەکان بە مەبەستی سەپاندنی سەنگی خۆیان و قاسمیش بۆ دژایەتی عەرەبە موتەتەریفەکان و بەعسیەکان کە زۆربەی لە ناوچەی موسڵدا کۆببوونەوە, بڕیاری رێکخستن و ئەنجامدانی کۆنفرانسی ئاشتیان لە شاری موسڵ دا, عبدالوهاب شواف فەرماندەی فرقەی موسڵ زۆر هەوڵیدا ئەم موئتەمەرە لە موسڵ نەکرێت, بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی بە سەرۆك عبدالکریم قاسمەوە کرد, بەلاٌم بێسوود بوو, بۆیە شواف زۆر تووڕە بوو و بۆ بیانوویەك دەگەڕا کە لێیان بدات, لە وتەیەکیدا کە لە

پێش کۆنفرانسەکە بڵاویکردەوە وتی... (گەر لایەنگرانی ئاشتی هەر سەرپێچییەك بکەن بۆ تێکدانی باری ئاسایش, ئەوە گوللەبارانیان دەکەم,ئەمانە نەتەوایەتیان لەم وڵاتە کردوەتە نەغمەیەکی نەشاز و ڕۆژانە دەخرێتە ژێر پێڵاوەوە) (18).

ڕۆژانی پێش کۆنفرانس بارودۆخی موسڵ سات بەسات زیاتر دەکوڵا, پڕوپاگەندە و فیتنەکان ترسەکانیان زیاتر دەکرد, لە 6ی ئازاردا کۆنفرانسەکە ئەنجامدرا, بێ کێشە و گرفت, لە 7ی ئازاردا بەشداربووان بەو شەمەندەفەرەی بۆیان تەرخانکرابوو گەڕانەوە بەغدا و شارەکانی تر,ڕێپێوانەکە بێ ڕوودانی هیچ کارێکی تووند و تیژی کۆتای هات , بەڵام لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا دوای ڕۆیشتنی لایەنگرانی ئاشتی هەندێك شەڕ و لێکپرژان کەوتە نێوان شیوعییەکان و نەتەوەییەکانەوە, ئەو ئێوارەیە بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوچۆ ڕاگەیەندرا.

لە 8ی ئازاری 1959 عبدالوهاب شەواف یاخیبوونەکەی خۆی ڕاگەیاند, ئەوکات ئیزگەیەك لە موسڵ پەیدابوو , بە ناوی شەوافەوە پەخشی یەکەم بەیاننامەی خۆی کرد و ڕێکەوتننامەی نهێنی لەگەڵ نازم تەبەقچەلی بۆ کودەتاچیەکان لە بەغداد بۆ ڕووخانی ڕژێمی قاسم ئاشکراکرد.

سوپای عیراق لە عقرە و هەولێر بەشداری تەمەرودەکەی شەوافیان نەکرد, نازم تەبەقچەلی نەیتوانی و فریانەکەوت خۆی بگەیەنێتە بزووتنەوەکەی شەواف, لە موسڵ سوپا بوون بە دووبەشەوە, بەشێك لەگەڵ شەواف و ئەوی تر دژی وەستانەوە. بە هاوکاری یەکە سەربازییەکانی سوپای عیراق لە دەرەوەی موسڵ بزووتنەوەکەی شەواف نەیتوانی لەیەك ڕۆژ زیاتر بەردوام بێت و ڕووخاو و خۆشی کوژرا.

کودەتاکەی شەواف دەبوو لە بەغداوە دەستپێبکات, بەڵام شەواف بۆ ئەوەی دەستی خۆی پێشبخات خۆی ببێ بە سەرۆك و ڕابەری کودەتاکە بکات دەستپێشخەری کرد. شەواف وای هەست دەکرد کە دەسەڵاتی قاسم زۆر لەوە لاوازترە کە بتوانێ بەرگری لە خۆیبکات لەبەرامبەر تەمەرودی قەومییەکاندا, بۆیە چاوەڕوانی بەغدای نەکرد, هاوکات ئەم کودەتایە کە بەپلان و فیتی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو میسر – سوریا دروستبوو, دەبوو لە ڕێگای موسڵەوە لە سوریاوە زانیاری و تەعلیمات و ئیمدادیان بۆ بێت.

هەواڵەکان و زانیارییەکان هەندێك جار لە ڕێگای نازمەوە دەگەیشتە کودەتاچییەکانی دژ بە قاسم لە بەغداد, لەراستیدا کودەتاچیەکان هەموو لەیەکتری بەگومان بوون , نازم بۆ دڵنیابوونی خۆی کە بەردەوام لە هاوڕێکانیشی بە گومان بوو, ئەفسەرێکی پلە بەرزی خۆی بەناوی (عزیز احمد شهاب)ەوە لە ڕێگای موسڵەوە ناردە سوریا بۆ ئەوەی پەیوەندی بە (عبدالحمید سراج)ی وەزیری ناوخۆ لە هەرێمی باکووری کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بکات و تەئکید لەسەر ئەویارمەتیانە بکاتەوە کە جمال عبدالناصر پەیمانیداوە بیدات بە کودەتاچیەکان.

لە 25ی شوبات نوێنەری تەبەقچەلی لە کەرکوك بە ڕێدەکەوێت و لە 26ی شوبات سنووری سوریا دەبڕێت و دەگاتە شاری حەلەب, لەوێ سراج و مقدم حکمتی بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی باکوور دەبینێت و قسە لەسەر ئەو یارمەتیانە دەکەن کە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو( میسر – سوریا ) بڕیاریان داوە بیبەخشن بە کودەتاچییە نەتەوەیی و بەعسییەکان لە دژی قاسم ,لەو کاتەدا (عبدالحمید سراج) دەڵێ: پێشتر ئێمە قسەمان لەگەڵ چەند ئەفسەرێك لە موسڵ و بەغداد کردووە و پەیمانمان داونەتێ کە یارمەتیان بدەین, لەوێ ئەحمەد عزیز نوێنەرەکەی نازم تەبەقچەلی دەیەوێت بزانێ کۆماری عەرەبی چ یارمەتییەك

بە كودەتاچییەكان دەدات؟ تا نازم دڵنیابكاتەوە و گرنتی سەركەوتنی زیاتر بكات, لە وەڵامدا سەراج دەڵێ: ئێمە یارمەتیتان دەدەین بە چەك و تەقەمەنی و جیهازێكی ئیستگە و موتەتەوع و فرۆكەتان دەدەینێ.

شەڕ و ناكۆكی نێوان شیوعییەكان و نەتەوەییەكان رۆژ بە رۆژ زیاتر چڕ دەبێتەوە,جگە لە كەركوك و موسڵ چەندین شار وشارۆچكەی تریش دەگرێتەوە لەوانە خورماتوو و ئاڵتون كۆپری و كفری و هەڵەبجە و شەقلاوە و هەریر و رەواندز .

لە كۆتایی ساڵی 1958 دا شیوعییەكان توانیان كۆنترۆڵی سەرجەم رێكخراو و سەندیكا و یەكێتییەكان و بەرگری گەلەری و (شبيبة الديمقراطية) و معاريف و ئیزگە و رۆژنامەكان بكەن, بەمەش نەتەوەیەكان تووشی بێ ئومێدییەكی زۆربوون.

هەر ئەمەش یەكێ لەو هۆكارانە بوو كە وای لە شەواف كرد چاوەڕوانی بەغداد نەكات و بڕیاری ئەنجامدانی كودەتاكە بدات و ئالای كۆماری عەرەبی یەكگرتوو لەسەر بارەگای خۆی بەرزبكاتەوە و هاوكات وا پێدەچێت ئەفسەرە سەربەستەكان كەبڕیاری كودەتایان لە دژی قاسم دابوو لە نێو خۆپیشاندا متمانەیان ونكردبێ و هەر كەسێك دەیویست خۆی دەستپێشخەربێت, ئەمە بۆ خۆی هۆكارێكی سەرەكی شكستەكەیان بوو .

كۆماری عەرەبی یەكگرتوو پەیمانەكانی خۆی بە جێگەیاند لە شەڕی 7-1959/3/8 بە چەند سەیارەك ,چەك وتەقەمەنی و جیهازی ئیستگەیەك لە (تل كوچك)ەوە گەیشتە شەواف و لە عەمباری نهێنی چوار لە فەوجی سێیەم لە سەربازگەی غەزالی حەشاریاندا و دواتر لە لایەن ئەندازیارێكی سوری بە ناوی (یوسف ابو شاهين)ەوە ئیزگەكە دانراو لەكاتی كودەتاكەدا پەخشی خۆی بە رەوانی دەستپێكرد, بەڵام یوسف لە ئاكامی شكستی موئامەرەكە كوژرا.

نازم تەبەقچەلی بۆ دڵنیابوون لە تەنسیق و سەركەوتنی كودەتاكە, یەكێ لە ئەفسەرەكانی كەقوتبێكی گرنگی كودەتاكە بوو بە ناوی (ئەحمەد شهاب)ەوە نوێنەری خۆیان (یونس عەتار باشایان) لە كەركوكەوە ناردە بەغداد تا زانیاری و رێنمایی نوێیان لەمەڕ كودەتاكە بۆ بێنێت, یونس لەوێ پەیوەندی كرد بە (محمد سعيد شێخ)ەوە,كە ئەویش یەكێ لە قوتبەكانی كودەتاكەبوو, (محمد سعيد) پێی دەڵێت: هیچ شتێك لە ئارادانییە و ماوەی جێبەجێكردنی دیارینەكراوە, یونس گەڕایەوە كەركوك و نازمی لەمە ئاگادار كردەوە.

لە 1959/3/1دا (رفعت السري) ئەفسەرەكانی هاوڕێی ئاگاداردەكاتەوە كە هیچ ئەنجام نەدەن تا تەعلیماتیان بۆ دەنێرێت, لە رۆژی 3/4دا هەواڵێك لە موسڵەوە گەیشت كە شواف یاخیبوونی خۆی لە شەوی 4-3/5 رادەگەیەنێ. شەواف و رفعت سری دوو بەرنامە و نیەتی جیاوازیان هەبوو, نازم پیاوێك بوو بە دەست هەردووكیانەوە, بۆیە نەیدەزانی روو لە كوێ بكات و تەعلیمات لە كامیانەوەوەرگرێت, ئەمە جگە لەوەی كە نازم پیاوێكی محەلیی و بێئاگابوو لە سیاسەتی دەرەوە, هاوكات پیاوێكی ئازا و جەربەزەش نەبوو, لە كاتی كودەتاكەی قاسمدا ئەم فەرماندەی سوپا بوو لە موسڵ, بڕیار وابوو بگاتە كەركوك, بەڵام تا دڵنیا نەبوو لە سەركەوتنی كودەتاكەی قاسم پەیوەندی بە كەركوكەوە نەكرد, بۆیە قاسم لە نازم دڵنیا نەبوو.

عەقید مستەفا رفعت حاجی سری پێش كودەتاكەی 14ی تەمووز بە پلەی مقدم خانەنشینكرابوو, بەڵام قاسم گەڕانیەوە بۆ وەزیفە و پلەكەی بەزكردەوە و كردی بە بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازیی, لە رۆژەكانی سەرەتای دەستبەكاربوونییەوە رەفعەت لەگەڵ باڵیۆزی كۆماری عەرەبی یەكگرتوو وە پەیوەندی دروستكرد و دواتر تەنسیقێك لە رێگای تەلەفۆنێكی نهێنییەوە لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی هەوڵگری سەربازیی عیراق و پاشكۆی سەربازی باڵوێزخانەی كۆماری یەكگرتووی

عەرەبی (میسر – سوریا) دروستیکردبوو و ڕێنمایی لە پاشکۆی سەربازی بە ناوی (عبدالمجید)ەوە وەردەگرت, ئەم پیاوە هێڵی پەیوەندی و گواستنەوەی زانیاری و ڕێنماییەکان بوو لە نێوان جمال عبدالناصر و سەرۆکی موئامەرەکە رفعت حاجی سری.

پلانەکانی رفعت حاج سری بۆ ئەنجامدانی موئامەرەکە دوو ڕێگای دەگرتەبەر, ڕێگای یەکەم رفعت بە فەرماندەی هێزێکەوە هێرش بکاتە سەر ئەنجومەنی وەزیران لە کاتی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی و وەزیرەکان ناچار بکات بە دەست لە کار کێشانەوە و دانانی وەزیری نوێ لە جێگایان و دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ سەر بە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و ڕاگەیاندنی یەکێتییەکی فەوری لەگەڵ ئەو کۆمارە, تا شەرعیەت بە هێزەکانیان بدات بە خێرایی بێن بەهانایانەوە.

وەك ڕێگای دووەم, رفعت حاج السری وای دانابوو کە یاخیبوونێکی چەکداریی لە سوپادا ئەنجام بدرێت لە کاتی شکستهێنانی ڕێگەی یەکەم. وشەی نهێنی نێوان نازم تەبەقچەلی و رفعت سری ئەوەبوو کە وادەی چوونە نەخۆشخانە هەمان وادەی جێبەجێکردنی موئامەرەکە بێت (19).

یەکێکی تر لە رووکنەکانی ئەفسەرە یاخیبووەکان عەقیدێکی خانەنشین (محمد سعید الشیخ) بوو کە فەرماندەی لیوای چوار بوو, دوای کودەتاکەی 14ی تەمووز لە کۆتایی کانونی یەکەمی 1958 لە کەرکوکەوە گواسترایەوە بۆ ناو وەزارەتی بەرگری لە کەرکوك ئەم پیاوە زۆر جێگای متمانەی نازم بوو ,زۆربەی موئامەرە و کردەوە تێکدەرانەکانی لە ڕێگای ئەمەوە ئەنجام دەدا ,لە بەغدادش حەلقەی پەیوەندی نێوان نازم و رفعت سری بوو, ئەمانەو چەندین ئەفسەری تر کە بازنەی موئامەرەکەیان تەواو دەکرد.

کودەتاکەی قاسم کۆتایی بە دەسەڵاتی پادشایەتی هێنا و ڕژێمێکی کۆماری لێ پەیدابوو, بەڵام ئەم گۆڕانە کێشە و گیروگرفتەکانی عیراقی چارەسەر نەکرد, بەڵکو لە زۆر لایەنەوە زیاتر ئاڵۆزی کرد و زیاتر ڕێگای بۆ دەستێوەردانی لایەنی دەرەکی ڕەخساند کە دەستبخەنە کاروباری سیاسیی و سەبازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی عیراقەوە.

عیراق وەك ئەوەی زانای کۆمەڵناسیی عیراقی د. عەلی وەردی باسی لێوەدەکات کۆمەڵێ نێوان دەژی و ناکۆکیی فراوان و قووڵە, ئەم وڵاتە سەرەتا بەهۆی ئەوەی درێژەی ناوچەی بیابانی بەرینە, بە زۆری سیما وسیفاتی کۆچەری بەسەردا زاڵە. خووڕەوشتی کۆچەر چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە غیابی دەسەڵات و سیستمێکی سیاسیی بەهێزدا سەرهەڵدەدا و سیما ویاسا و ڕێسای خۆی دەسەپێنێ. بە بەهێزبوونی ئەو دەسەڵاتەش خووڕەوشت و یاساکانی کۆچەری دەکەونە ژێرەوە و ون دەبن, بۆیە بە زۆری عیراق لە کاتی ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەك تووشی نەهامەتی و قاتوقڕی و دزی و فەرهود گەندەڵیی بووتەوە و زۆر بە گرانی لەو دۆخە ڕزگاری بووە, هەر ئەم خووڕەوشتەش هۆکاری ئەوەیە کە دیموکراسیەت و بەمەدەنیکردنی عیراق لە وڵاتانی تر گرانتر و سەختتربێت.

بە ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی لە عیراقدا جگە لە سەرهەڵدانی خێڵ و هۆزە کۆچەرییەکان چەندین سەرەك هۆز و خێڵ و ڕەوشتی کۆچەری لە سیما و بەرگی حیزب و لایەنی سیاسیی و کەسایەتی سەربازیدا بۆ قاسم قووتبوونەوە, کە خۆشیی چاوەڕوانی نەدەکرد.

ف10/

**هەڵگەڕانەوەی قاسم لەشیوعیەکان**

وبادانەوە بەلای شۆڤێنی عەرەبیدا

بەشێوەیەکی گشتی سەردەمی دوای رووخانی رژێمی پادشایەتی شەڕ لە نێوان هەمووواندا دەستی پێکرد, هەندێك بە ناوی بەرگری لە دەستکەوتەکانی کودەتاوە و هەندێك بۆ بەرگری لە مانەوەی عیراق لە چوارچێوەی ئومەی عەرەبی و یەکگرتن لەگەڵ میسر و سوریادا و هەندێك بۆ بەرژوەندی نەتەوەکەیان لە ولاٚتانی دەرەوە وئەمە جگە لە شەڕی خێلٚ و مەزهەب و ئایین ونەتەوەکانو.... هتد. هەموو ئەمانە پێکەوە لە سەردەمی نوێدا یەکانگیربوون, ئەم شەڕ و ناکۆکییانەش زیاتر لەهەموو جێگایەکی عیراق لە کەرکوکدا تۆخببوەوە, بۆیە قاسمیش بۆ پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی چەندین رێگا و سیاسەتی گرتەبەر, سەرەتا روویکردە شیوعییەکان وکوردەکان بە فراوانبوونی نفوزی شیوعی و داواکردنی کورد بەمافەکانی خۆی کە قاسم ماوەیەکی زۆر بوو خۆی لێدەدزییەوە, بۆیە جارێکی تر بایدایەوە بۆ لای چەپی عەرەبی و موتەتەریف و کەوتە محارەبەکردنێکی دبلۆماسیانەی شیوعییەکان و دوورخستنەوەی کورد لە خۆی . لە لایەك بە دان نەنان بە مافی رەوای کورد و لە لایەکی تر بە دوورخستنەوەی ئەفسەرە کوردەکان لە دەسەلاٚت و پایە سیاسیی وسەربازییەکانی نزیك لە خۆی, بەمەش عەرەبە شۆڤێنییەکان پێیان زیاتر لە کەرکوك گیرکردوو و بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزتر و ناهەموارتر بوو, لێرەوە لەگەڵ پەیدابوونی سیاسەتی تەعریب و تەبعیس لە دژی کورد و سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەت و گۆڕینی سیما و دیموگرافیای شار بۆ بەرژوەندی عەرەب سەرەتای راپەڕینێکی تری بۆ کورد خوڵقاندو و بەرهەڵستکاران وکورد پەروەرەکان لە ترسی گرتن و راوەدوونان و کوشتن و دروستکردنی تۆمەتی ناهەق بۆیان بەزۆری روویان کردە شاخ, بەمەش کوردو خەباتی رزگاری خوازی پێینایە قۆناغێکی نوێوە.

لە راستیدا هیچ گەلێك لە دونیادا تایبەتمەندی گەلی عیراقی نییە, لە هەموو جیهاندا چەك بۆ پاراستنی ولاٚت و هاونشیتمانییەکانە بۆ بەرگیرکردنە لە خۆ, بەلاٚم لە دەست ئێمەدا بۆ کوشتنی خۆیە, بۆ چەوساندنەوەی کۆمەلٚ و گەلی خۆمانە, نەك بۆ دژایەتیکردنی دوژمنێکی دەرەکیی. لەم ولاٚتەی ئێمەدا ئەوەندە راستییەکان دەشێوێنرێت کە هەندێك جار رووداوەکان تێکەلٚ دەبن, ناتوانین دوژمنانمان دیاریبکەین.

(اسر سالزبور جر) دامەزرێنەری رۆژنامەی نیۆرك تایمز, دەڵێ: زانیارییە راستییەکان لە هەر مرۆڤێك بشاریتەوە, یان زانیاری هەڵە و کەمووکوڕی بدەیتێ, دەتوانی هەمووجیهازی بیکردنەوەی تێکبدەیت و ئاستی بیرکردنەوەی داگریتە پلەیەك, کە زۆر لە ژێر ئاستی مرۆڤەوە بێت,ئەوەی مایەی ئازارە ئەم راستیە رۆژانە لەم ولاٚتەی ئێمە دووبارە دبێتەوە.

جمال عبدالناصر, لە تەعلیقێکی لەسەر گەلانی سوریا وعیراق لە کاتی جیابوونەوەی سوریا لە میسر لە دوای یەکگرتنەکەیان دەڵێت... ئەو گەلە نیوەی ئەندامەکانی سیاسیین و چارەکێکی خۆیان بەپێغەمبەر دەخوێننەوە و تویژێکیان هەیە خۆیان بە خواوەند دەزانن, لەعیراقدا کەسانێك هەیە خوا دەپەرستن وکەسانێك هەیە شەیتان دەپەرستن, هەندێك خێڵ و گرووپ هەیە ئەندامێکی دیاری ژن دەپەرستن و بە سەرچاوەی ژیانی دەزانن, ئێمە دەبوو لەگەڵ ئەم گەلەدا مامەڵە بکەین .ناسر ئەم گوزارشتەی بۆ تەبریە کردنی شکستەکەی بوو لە عێراق.

لە لایەکی ترەوە بەوەی عیراق بەردەوام جێگای سەرنج وتەماعی ولاٚتانی دەرەوە ودەوروبەر بووە, چ ولاٚتی داگیرکەر یان ولاٚتی جیرانی عیراق بێت, جمال عبدالناصر یەکێك بوو لەوکەسانەی خەونی بەوەوە دەبینی عیراق بکاتە هەرێمێك لە هەرێمەکانی و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین کەس لە باوەڕپێکراوەکانی خۆی تەکلیفکرد بۆ دانانی پلان بە مەبەستی ئەوەی کە

عیراق بێتە ناو ئەو یەکێتییەی میسر و سوریا دایانمەزراندبوو, کاتێك کە قاسم کەوتە دوورخستنەوەی لایەنگرانی جمال عبدالناصر لە دەسەلأت, دەسەلأتدارانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو کەوتنە رەخنە و جنێو و قسەکردن بە عیراق و بەوەیان وەسفکرد کە ئەمانە ترسێکی گەورە لەسەر نەتەوەی عەرەب و ئاینیی پیرۆزی دروست دەکەن.

راگەیاندنی یەکەم بەیانی تەمەروودەکەی شەواف لەشاری موسڵ بۆ یەکەمجار لە ئێزگەکانی سوریا و میسرەوە راستی ئەم نیەتە دەسەلمێنێ.

لایەنگرانی جمال عبدالناصر سەرەتا بە سیاسەت و رێگای دبلۆماسیی گوشاریان دەخستە سەر قاسم, تا رازی بێت بەیەکگرتنی عیراق لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو .لە چەندین دانیشتن و کۆبوونەوە و راپۆرتدا عەرەبە موتەترفە قەومییەکان و بەعسییەکان ئەم داوایەیان دەوروژاند یان لە موزەکەرەکەیدا لە 1958/11/6دا کە بەشێوەیەکی نهێنی شەواف ئەو ویستەی خۆی بە توندی دەخاتەڕوو ,بەلأم دوای ئەوەی هەمووهەوڵ و کۆششەکانیان سەرناگرێت, دەیانەوێ لە رێگای دانی تەماعی دەسەلأت بە قاسم ئەم یەکگرتنە ئەنجامبدەن بۆیە لە پێشنیارێکدا جمال عبدالناصر داوا دەکات ئەم یەکگرتنە ئەنجامبدرێت و قاسم بکرێتە سەرۆکی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو (میسر وسوریا و عیراق), بەلأم قاسم ئەم پێشنیارەش رەتدەکاتەوە, بۆیە سەرەتای پلانی لێدانی قاسم لەلایەن بەعسییەکان و عەرەبە موتەتەریفەکانەوە دەچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

رێکخستنی کودەتا لە دژی قاسم لە ژێر کاریگەری کودەتاکەی میسر هاتە ئاراوە و هاوکات بە یارمەتی ئەوان دروستبوو سەرەتا بەخۆ رێکخستنی چەند ئەفسەرێك لە رێکخراوێکی سەربازیی بەناوی بزاوتی ئەفسەرانی ئازاد,کە لەم کەسایەتیانە پێکهاتبوو,و دابەشبوون بەسەر چەند ناوچەیەکی عیراقدا:

1. ناوچەی موسڵ پێکهاتبوو لە عەقید عبدالوهاب شەواف ورەئیسی یەکەم محمود عزیز و موقەدەم خدر محمود و نافع داود.
2. ناوچەی هەولێر پێکهاتبوو لە عەقید منیر فهمی و داود خلیل و عبدالجبار سافی وعامر تالیب.
3. ناوچەی کەرکوك پێکهاتبوو لە زەعیم نازم تەبەقچەلی وموقەدەم عزیز احمد شهاب ویونس عتار و عقید ابراهیم الکیلانی.
4. ناوچەی بەغداد پێکهاتبوو لە عقید رفعت الحاج السری و عەقید محمد سعید الشیخ و اسماعیل تایە و محمد سلیم و منعم عبدالحمید.
5. ناوچەی دیوانیە پێکهاتبوو لەزعیم عزیز عقیلی و زعیم حاجی محمود شیت و صوبحی تەعات.

ئەمانە وچەندین ئەفسەری پلەدار ئامادەی خۆیان دەرخست بۆ کودەتا لە دژی قاسم بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەش دوو پلان هەبوون:

یەکەم: چەند ئەفسەرێك بە فەرماندەیی رفعت الحاج السری کودەتایەك ئەنجام بدەن بە هێرش بردنە سەر ئەنجومەنی وەزیران وئەنجومەنی سەرۆکایەتی لە کاتی کۆبوونەوەیان لە وەزارەتی بەرگری و ناچاریان بکەن بە گۆڕینی وەزیرەکان و دامەزراندنی ئەنجومەنێکی نوێ, ئەگەر ئەم پلانەش سەرکەوتوو نەبوو, ئەوا پلانی تەمەروود دەستپێدەکات کە فەرماندەی فیرقەی دوو زەعیم نازم تەبەقچەلی جێبەجێی دەکات ئەمەش لە رێگای راگەیاندنی تەمەروودێك لە ولایەتەکانی موسڵ و

هەولێر و کەرکوک ، تەبەقچەلی هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی ئەوبڕیارانەی کە لە بەغدادەوە دەردەچێت ودواتریش بنکە سەربازییەکان لە دیوانیە و مسەیب ومحاویل و ناوچەکانی تر پەیوەندی پێوە دەکەن و گروپێك لە ئەفسەرانی ئیستخباراتیش دیاریدەکرێت بۆ دەستگیرکردنی زەعیم عبدالکریم قاسم و سەرۆکی ئەرکانی سوپا و دواتر چەند مەراسیم و بەیاناتێك بە سەرکەوتنی کودەتا رادەگەیەنن, بەڵام عبدالوهاب شەواف هەر لە سەرەتاوە بەم پلانەی رەفعت حاجی سری و نازم تەبەقچلی و هاوڕێکانیان رازی نابێت, بۆیە بیٚ متمانەیەك دەکەوێتە نێوانیانەوە, بەڵام لای خۆیان بەنهێنی دەیهێڵنەوە, شەواف لە کاتی موئامەرەکەیدا سەرجەم ئەوکەسانە ئاشکرا دەکات کە لە تۆڕی کودەتا چیەکاندان, ئەمانەش دواتر لە دادگا سزای لە سێدارەدانیان دەدرێت.

پێش تەمەروودەکەی شەواف, تەبەقچەلی لەسەر داوای رفعت الحاج سری و هاوڕێیانی بەغدای, ئەفسەرێك بەناوی عزیز ئەحمەد شەهابەوە دەنێرێتە موسڵ بۆ ئەوەی لەوێوە بگاتە سوریا, بەڵام ئەفسەرانی شەواف قەناعەتی پێدەکەن کەنەچێتە سوریا, چونکە رێگاکە سەختە و چاودێری لەسەرە و هەر پرسیارێکیشیان هەیە ئەمان دەتوانن وەڵامی بدەنەوە, بیٚ ئەوەی بچێتە سوریا, دەیگەڕێننەوە بۆ کەرکوك, نازم تەبەقچەلی بەمە تووڕەدەبێت, سەر لە بەیانی 1959/2/25 جارێکی تر موقەدەم عزیز شهاب دەنێرێتەوە بۆ موسڵ و لەوێوە دەچێتە سوریا و عبدالحمید سەراج دەبینیٚ.

لە کۆبوونەوەیەکیاندا رفعت سری بە عقید ئیبراهیمدا, هەواڵ بۆ نازم تەبەقچەلی دەنێرێت و داوای لێدەکات کە هیچ حەرەکەیەك بە بیٚ ئاگادرای ئەم و بیٚ ئیشارەت لەمەوە ئەنجام نەدات.

لە کۆبوونەوەی دووەمدا, وشەی نهێنی کە وشەی(چوومە خەستەخانە)بوو دیاریدەکرێت, بەڵام شەواف چاوەڕوانی بەغدای نەکرد وبڕیاری تەمەرودی لە 7-1959/3/8 راگەیاندو راستەوخۆ ئاڵای کۆماری عەرەبی یە کگرتووی بەرزکردەوە هەر لە یەکەم بەیاندا بۆ راکێشانی نازم بۆ هاوشانی خۆی ئەوەی ئاشکرا کرد کەئەم تەمەروودەی لەگەڵ هاوڕێی زەعیم نازم تەبەقچەلی فەرماندەی فیرقەی دووی کەرکوك ئەنجامداوە.

سەر لە بەیانی رۆژی 3/8 شەڕ و پێکدادان لە نێوان لایەنگرانی کۆماری و چەکدارەکانی شەوافدا دەستی پێکرد, ئەم دوو لایەنە هەر یەك لە لای خۆیەوە بە ئاشکرا بڕیاری کوشتن و لە سێدارەدانی لایەنی دووەمی راگەیاند, ئەوکات نازم لەماڵەکەی خۆیدا چاوەڕوانی دەکرد, ئەگەر کودەتاچییەکان سەرکەون ئەوە نازم دەبوو بە یەکیٚ لەوان, ئەگەر نا ئەوە نازم هیچ پەیوەندییەکی بەو کودەتایەوە نییە, نازم تا بزووتنەوەی شەواف شکستی نەهێنا پەیوەندی نەکرد بەفیرقەکەی خۆیەوە, بەڵام دوای دڵنیابوون لە شکستەکە راپۆرتێکی نارد بۆ بەغداد وئیدانەی کارەکەی شەوافی کرد, ئەمەش لەلایەك بۆ دەربڕینی وەلائی خۆی بۆ قاسم و رەتکردنەوەی بانگەشەکانی شەواف و لەلایەکی تر بۆ دڵنیاکردنەوەی هاوڕێکانی لە ئەفسەرە سەربەستەکانی بەغداد بە فەرماندەیی رەفعت الحاج سری, بەوەی کە ئەم لەگەڵ شەوافدا رێکەوتنی نەبووە و شەواف خۆی بۆ مەبەستی دروستکردنی پاڵپشت ناوی ئەمی هێناوە.

شەواف بە شکستی خۆی ناوی تەواوی ئەفسەرەکانی هاوڕێی لە بەغداد و شارەکانی تر, ئەوانەی پێکەوە بڕیاری رووخانی قاسمیان دابوو ئاشکراکرد, لە دوای شکستەکە شەواف خۆی کوژراو و ئەمانیش لە دادگا بڕیاری لە سێداراەدانیان دراو جێبەجێکرا.

سەرلەبەیانی 25 مارتی 1959 نازم تەبەقچەلی دەستگیر دەکرێت و دواتریش لەگەڵ هاوبیرەکانیدا دەبرێتە بەر لێکۆڵینەوە و دادگا لە 20 ئەیلوولی 1959 بڕیاری لە سێدارەدان بەسەر نازم و رەفعت و سیازدە ئەفسەری پلە داری تر ئەنجامدەدرێت, دەیان کەسیش دوای ئەمان سزای خۆیان وەرگرت لە کوشتنەوە تا زیندانیکردن و دەرکردن لە پلە و پایەی سەربازیی.

لە وەڵامی ئەو گلەیانەی کە لە ناسر دەکرا, لەسەر جێبەجێنەکردنی پەیمانەکانی بۆ پاڵپشتی تەمەرودەکەی شەواف, لە لێدوانێکیدا جمال عبدالناصر بەو ئەفسەر و لایەنگرانەی شەواف کە لەعیراقەوە هەڵهاتبوون وتبووی ئێوە تەنانەت نەتانتوانی چەند رۆژێك بەرگری بکەن, تا ئێمە بێین بە هاناتانەوە.

نازم لە ماوەی دەسەڵاتی فەرماندەیی فیرقە لە کەرکوك رۆڵێکی زۆر خراپی لە نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی نێوان نەتەوەکانی کەرکەوك هەبوو, ئەوکات ئەو بەزۆری پشتی تورکمانەکانی دەگرت و تورکمانەتۆرانییەکانی هەڵدەنا بە نانەوەی ئاژاوە و گرفت و دژایەتیکردنی کورد و حیزبی شیوعیی, ئەمەش لە لایەك بەمەبەستی دژایەتیکردنی دەسەڵاتەکەی قاسم کە تا ئەوکاتەش شیوعییەکان یەکێ لە پاڵپشت و دۆستەکانی بوون و هاوکات دوژمنێکی سەرسەختی تەتەروفی عەرەبی و حەرەکەکەی جمال عبدالناصر بوون, لەلایەکی ترەوە نازم وەك پیاوێکی شۆڤێنی عەرەبی دژی کورد و مافە رەواکانی بوو, ئەمە جگە لەوەی تا ئەوکاتەش کورد لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماریدا لەدانیشتن و گفتوگۆدا بوو, بەمەبەستی دەستخستنی مافە رەواکانی, نازم کوردی بە دۆستی قاسم دەزانی بە تایبەتی دوای ئەوەی کە دەرکەوت کوردەکان دژی بزاوتەکەی ئەوانن و رۆڵێکی گرنگیان لە شکستهێنانی خیرای حەرەکەکەی شەوافدا کرد, کوردەکان ئەوکات زۆر بەخێرایی و بێدوودڵی کەوتنە جووڵە بۆ دژایەتی تەمەروودەکە, ئەمەش لە ئاکامی ئەو پەیوەندییە سیاسیەوە بووکە لە نێوان قاسم بە بارزانیدا مۆر کرابوو ,قاسم داوای لێکرد هاوکاریبکات بۆ لەناودانی خائن و خۆفرۆشانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو, تەنانەت هەندێك روایەت وادەگێڕنەوە کەشەواف بە دەستی چەکدارێکی کورد کوژراوە.

پیاوە ناودارە کوردەکانی کەرکوك گەلێك جار بۆ بەرگری لە نیەتە خراپەکانی نازم هەوڵیاندەدا لەگەڵ پیاوە ناودارانی تورکمان ئەم راستیانە باس کەن و هەندێك جاریش پەنایان دەبردە بەر دەسەڵاتی سەرۆکایەتی لە بەغدا و باسی کردەوە نهێنییەکانی نازمیان بۆ بەغداد دەکرد لە نانەوەی ئاژاوە و کێشە لە نێوان کورد و تورکمان.

فەرماندەی فیرقەی کەرکوك و عەرەبە موتەتەریفەکان بەردەوام راستییەکانیان دەشێواند و تاوان و گرفتیان بۆ کورد دروست دەکرد و تورکمانەکانیان چەکدار دەکرد, زۆر جار کوردیان بەشیوعی و گێرەشێوین و لادەر و ناڕۆشنبیر و ناوزەد دەکرد . بەردەوام هەوڵی ئەوەیاندەدا ئەفسەرە کوردەکان لە کەرکوك دووربخەنەوە, لە یەکێ لە راپۆرتەکانیدا نازم بە ئاشکرا داوا لە قاسم دەکات کەئەفسەرە کوردەکان لە کەرکوك دەربکاتەوە و لە جێیان ئەفسەری عەرەبی بهێنێت و بە دەق دەڵێ: (لقد طلبت الى سيادتكم مساعدتي في تخفيف عدد من الضباط الاكراد المتطرفين, خاصة في كركوك فعينت بأسماهم بقصد نقلهم الى وحدات الفرقة الخامسة و تعويض بضباط من العرب...الخ ).

نازم بەردەوام دژایەتی ئەفسەرانی کوردی دەکرد, بە تایبەتی هەر دووئەفسەری چالاك موکەرەم تاڵەبانی و فاتح جەباری, جەباری لە ساڵی 1948 یەکێ لە ئەفسەرەکانی قاسم دەبێت لە فیرقەی 19 لە فەلەستین بەشداری شەڕی ئیسرائیلی دەکرد, ئەوکات قاسم ئامری فرقەی 19دەبێت و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵدا دروست دەکات, دوای گەڕانەوەیان لە فەلەستین و دوای کودەتاکەی 14ی تەمووزی ساڵی 1958 قاسم فاتح جەباری لە کەرکوك دادەنات بۆ ئەوەی چاودێری باری نائاسایی

ئەو شارەبکات کە لە دوای ڕووداوەکەی گاوربـاغییەوە باڵی بەسەر پەیوەندییەکانی نێوان دانیشتوانی ئەم شارەدا کێشابوو, فاتح جەباری پیاوێکی باڵا بەرزی گەنم ڕەنگبوو, لە کارو ئەرکەکانی زۆر جدیی بوو, بەردەوام لە ڕووی سیخوڕەکانی کۆمپانیای نەوت و تورکیا و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو دەوەستایەوە و ڕێگای نەدەدا بە نازم و هاوکارەکانی شەڕ و نائارامیی و فیتنە لە کەرکوك دروستبکەن, بۆیە نازم تەبەقچەلی بە هەمووشێوەیەك هەوڵی دوورخستنەوەی دەدا, جەباری دەیزانی شەڕ و نائارامیی لە کەرکوکدا نە لە بەرژوەندی کوردە و نە لە بەرژەوەندی قاسمە, بۆیە بەردەوام لایەنگرانی ئاشتی بوو و هەوڵی ئەوەی دەدا کە شەڕ و پێکدادان لە کەرکوك ڕوونەدات.

پێش دەستگیرکردنی ,جەباری ماڵی لە گەڕەکی ئیمام قاسم بوو لە خانووی عبدالله ئاڵتونچی بە کرێ دادەنیشت, دوای ڕووداوەکە قاسم بانگهێشتی دەکات بۆ بەغداد و لەوێ پێیدەڵێ... من تۆم لە کەرکوك دانا بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەی کێشە و گرفت دروستبێ, کەچی تۆ خۆت بووی بەبەشێك لە شەڕ و پێکدادانەکان, جەباریش دەیەوێ ئەو ڕاستییەی بۆ ڕوونبکاتەوە کە ئەم شەڕە هەڵسکەوت و پلانەکانی ئامر فیرقەی پێشوو نازم تەبەقچەلی وتورکمانە تۆرانییەکان بۆ تێکدانی باری ئاسایشی کەرکوك ئەم پلانەیان گێڕا, بەڵام قاسم قانع نابێت و جەباریش بۆی دەردەکەوێ کە قاسم دەیەوێ بە گرتنی و فەرمانی لە سێدارەدانی ئەم و هاوڕێکانی نەیارەکانی ڕازیبکات و هاوکات سنوورێکیش بۆ چالاکییەکانی شیوعییەکان دانات, بۆیە فاتح جەباری زۆر توورە دەبێت و زۆر بە تووڕەیی وەڵامی دەداتەوە و هەر ئەوکات قاسم بڕیاری دەستگیرکردنی دەدات و هەواڵەی بەندیخانەی سەربازگەی ڕەشیدی دەکات لە بەغداد, دواتر بە دادگایەکی کارتۆنی فەرمانی لەسێدارادانی دەدات, بەڵام ئەم فەرمانە جێبەجێناکات, لەدوای ئەوەی عەرەبە موتەتەریفەکان و بەعسییەکان نفوزی خۆیان زیاد دەکەن و گوشار بۆ قاسم دێنن لە ئاکامی دوورکەوتنەوەی شیوعییەکان و کورد لێی, قاسم دەیەوێ جارێکی تر دەرگا بۆ شیوعییەکان بکاتەوە, ئەوکات یەکێ لە هاوەڵەکانی خۆی دەنێرێتە بەندیخانە لای فاتح جەباری و بەڵێنی پێدەدات لە بەندیخانە ڕزگاریبکات, بەڵام دەبێت جارێك دان بەخۆیدا بگرێت, تا ئەو هەلەی بۆ دەڕەخسێ و هەندێك چاو لەسەری کەمدەبێتەوە.

لە 1961/2/16 تاڵیبی مەلا داودی جەباری برای فاتح جەباری , خۆی و خێزانەکەی دەچن بۆ سەردانی فاتح جەباری لە زیندان, بەڵام لە ڕێگا پێش ئەوەی بگەنە جێگای خۆیان لە عوزێم لە چۆڵی قوڵفە لە نێوان خاڵس و دووزخورماتوودا دەکەونە بەر دەستدرێژی تورکمانە تۆرانییەکان و تەقەیان لێدەکەن و تاڵیب خۆیی و دوو کوڕی بەناوی شێرزاد و دڵشادەوە کە تەمەنیان لە سێ تا چوار ساڵ بووە شەهید دەبن و چەند ئەندامێکی تری خێزانەکەی بریندار دەبن و دەیانبەنە نەخۆشخانەی بەعقوبە(20) لەدوای ئەم ڕووداوەش تۆرانییەکان کاغەز فڕێدەدەنە ماڵی تاڵیب جەبارەوە و لەوە ئاگاداریان دەکەنەوە کە ئەوان بۆ کەماڵی برای دانیشتوون و ئەمانبوون پێوە, بۆیە واز لەکەمالیش ناهێنن. (21)

تۆرانییەکان وبەعسییە موتەتەریفەکان بەشێوەیەکی زۆر فراوان و دڕندانە کەوتنە ئازاردانی خەڵك و لە دادگا وپۆلیسخانە و سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەت کەوتنە ئەزیەتدانی خەڵك, بۆیە کوردی کەرکوك بە زۆری ڕوویانکردە گوندەکان تاکو لە شەڕی ئەمانە ڕزگاریانبێت.

یەکێکی تر لەوانەی کە تۆرانییەکان و عەرەبە موتەتەریفەکان ئەوکات بە بەربەست لە بەردەم کارە تێکدەرانەکانی خۆیانیان دەزانی, موکەرەم تاڵەبانی بوو, ئەم پیاوە زۆر هەوڵی بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیاندەدا و دەیویست لە ڕێگای شیوعیەتەوە سیستمێکی دیموکراتی مارکسیی لە عیراق بەرجەستە بکرێت و لە سێبەریدا سەرجەم گەلانی عیراق بەگشتی و کەرکوك

بەتایبەتی بە ئاسوودەیی بژین, جگە لە مانەش گەلێ پیاوی ناوداری کورد هەبوون کە هەوڵ و کۆششی خۆیان خستەکار بۆ بەرگرتن لە روودانی کاری توندوتیژی, لەوانە مەلا جەمیل رۆژبەیانی.

ئەوکات تورکیا بە بەردەوامی دەیویست لەرێگای تورکمانەکانەوە دەستبخاتە نێو کاروباری کەرکوکەوە, لەوێشەوە بگاتە کاروبارەکانی عیراق بەگشتی.

کوردەکان ئەوکاتیش درکیان بەوەکردبوو کە تورکیا چەك وتەقەمەنی و پارە و پێویستی بۆ تورکمانەکانی کەرکوك دەنێرێت, لە راستیدا ئەم سیاسەتەی تورکیا تا ئەمڕۆش بەردەوامە و کەسێك نییە لە کەرکوکدا ئەو راستییە نەزانێ کە تورکیا چۆن بە بەردەوامی یارمەتی تورکمانە موتەتەریف و ئاژاوەچییەکان دەدات و بەنهێنی لە ناو باری لۆری یارمەتیدا چەك و تەقەمەنی بۆ کەرکوك دەنێرێت.

دوای دەستگیرکردنی نازم تەبەقچەلی و هاوڕێکانی, بە مەبەستی هێورکردنەوەی ناوچەکە و دانانی سنوورێك بۆ عەرەبە موتەتەریفەکان و تۆرانییەکانی پیاوی تورك و سیخوڕەکانی کۆمپانیای نەوت, قاسم داود ئەلجەنابی دەنێرێتە کەرکوك و دەیکاتە فەرماندەی فیرقەی دوو لە جێگای تەبەقچەلی, جەنابی پیاوێکی دڵسۆز و راستگۆ بوو بۆ قاسم, نزیك بوو لە شیوعییەکانەوە, ئەمە جگە لەوەی هاوڕێی فاتح جەباری بوو, جەنابی کە گەیشتە کەرکوك وپەیوەندی بە فیرقەی دووەوە کرد, بۆیدەردەکەوێت کە نفوزی کورد و شیوعییەکان لەو فرقەیەدا زۆر لاوازە و ئەم ناتوانێ هیچ شتێك بکات بۆ دوورخستنەوەی عەرەبە موتەتەریفەکان, بۆیە بۆ رووبەڕووبونەوەی هەر کارێکی توندووتیژی پشتی بە هێزە چەکدارەکانی شیوعییەکان (شبيبة الديمقراطية)ەوە دەبەست.

لە پێش رووداوەکە کوردەکان چەند جارێك حکومەتیان ئاگادار کردبۆوە لەوەی کە تورکیا چەك بۆ تورکمان دەنێرێت و لە رێگای نازم تەبەقچەلی و ئەفسەرە عەرەبە موتەتەریفەکانەوە دەگەیەنرێتە ماڵەکانیان و خۆیان بۆ شەڕێکی خوێناوی ئامادەدەکەن.

لە کانونی یەکەمی ساڵی 1958دا وەفدێك لە کەرکوکەوە دەچێتە بەغداد و سەردانی قاسم دەکات و ئەو راستیانەی بۆ تەئکید دەکاتەوە کە تورکمانە تۆرانییەکانی کەرکوك خۆیان پڕچەك دەکەن و چەندین عەمباری چەك وتەقەمەنیان لەکەرکوك بنیاتناوە و بەلیستێکیش ناوی بیست وحەوت ماڵی تورکمان و سێ گوندی دەدەنێ کە چەك وتەقەمەنییان لێشاردۆتەوە, بەڵام ئەو ئەفسەرەی کە قاسم دیاریدەکات بۆ لێکۆڵینەوە لەم راستییانە وداوای لێدەکات لیژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە دروست بکات, سەر بە بەرەی تورکمانە تۆرانییەکان دەبێت ,بۆیە پێشتر ئاگاداریان دەکاتەوە ئەوانیش جێگای چەك وتەقەمەنییەکانیان دەگۆڕن,لە دوای گەیشتنی لیژنەکە بۆ کەرکوك سێ ماڵ هەڵدەبژێرن, لەوانە ماڵەکانی (ابراهيم نەفتچی) و (عەتا خیرالله) و عەقیدی خانەنشین (شلیمون). بەڵام هیچیان دەست ناکەوێت.

لەو سەردەمەدا نازم وتۆرانیەکان نەخشەیەکی فراوانیان هەبوو بۆ دژایەتی کورد ئەمەش نەك هەر تەنها لە بواری سیاسییەدا بەڵکو لەسەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستییەوە کاریان دەکرد , , بۆ نموونە لە راپۆرتێکی نهێنیدا کە تەبەقچەلی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئیستخباراتی سەربازیی دەینێرێت لەمەڕ راپۆرتی مامۆستا کوردەکان کە بۆ وەزارەت بەمەبەستی چاککردنی باری خوێندنی کوردی لەکەرکوك بەرزیان کردبۆوە، بەرزدەکاتەوە و بەتووندی دژایەتی دەکات و

دەڵێ.. کەرکوك شارێکی عەرەبی تورکییە و کوردەکان بە تەماعی نەوت هاتوونەتە ئەم شارە و لە بەرژەوەندی گەلی عەرەبی دایکە کە ڕێگا نەدرێت بە کورد لەم شارەدا کاربکەن و بمێننەوە.

لە راپۆرتێکدا لە 1958/12/2 کە بەشێوەیەکی نهێنی و کەسیە و بۆ بەڕێوەبەرایەتی دەزگای هەواڵگری سەربازیی لەمەڕ چاپکردنی کارتی معایەدەی کوردی کەهێمای بوونی نەوتە لەکەرکوك بەرزدەکاتەوە,ئاماژەی ئەوە دەکات لەو وێنەیەدا سەربازێکی کوردی بەچەکەوە پارێزگاری لە بۆرییەنەوتییەکانی کەرکوك دەکات, نازم پێیوایە ئەم راپۆرتە بۆ تەکریدکردنی شاری کەرکوکە و مەبەست لەم وێنەیە گەڕانەوەی کەرکوکە بۆ سەر ناوچەی کوردستان, لە راپۆرتەکەدا نازم دەڵێ... کەرکوك زۆرینەی تورکمانە و عەرەب و ئاشووریشی تێدایە, بەڵام بە هیچ شێوەیەك کوردی تێدانییە.(22)

لەراپۆرتێکی تردا کە نازم بەرزیدەکاتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی دەزگای هەواڵگری سەربازیی لەسەر ئەوپروپاگەندە و ئیستفزازانەی لە کەرکوك لەنێوان کورد و تورکماندا هەیە, دەڵێ... کورد و لایەنگرانی ئاشتی لە بەیانی 1958/12/5دا هەڵدەستن بە ئەنجامدانی خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە, ئەمە لە ناوەڕۆکدا بەمەبەستی ئیستفزازکردنی تورکمان و عەرەبە و موکەرەم تاڵەبانی بە کۆکردنەوەی کۆمەڵێ لە بەرەی یەکگرتووی کوردستان لە دەوری خۆی بارودۆخێك و نائارامییەکی بۆ ئەهالی کەرکوك دروستکردووە.

لەگەڵ ئەوەی شیوعییەکان لە لایەن قەومییەکانەوە دژایەتی توند دەکران, کەهەندێك جار زۆر لە رژێمی قاسم زیاتر رووبەڕووی شەڕ و شاڵتاخی قەومیەکان و بەعسیەکان و پیاوانی ئیمپریالیەت و سیخوڕانی کۆمپانیای نەوت دەبوونەوە, بەڵام توانیان لە ماوەی دووساڵی سەرەتای دوای کودەتاکەی قاسم پێشکەوتن و فراوانبوونێکی زۆر مەزن بە خێرایی بە خۆوە ببینن, لە بواری سوپا و هێزی سەربازیدا توانیان دەیان کەناڵ و پلە و پایەی گرنگ بۆ خۆیان بکەنەوە, بەڵام ئەوان سیاسەتەکەیان لە سەرەتادا وابوو کە هیچ هەوڵێك بۆ وەرگرتنی دەسەلات وپۆست یان شەریکبوونەوەی قاسم نەدەن, بەڵکو ئەوان دەیانویست سەرەتا تەنها کلیلی هەموو دەرگاکانی سیاسیی و سەربازیی و ئابووری عیراق بگرنە دەست, لە کۆتایی نیسانی 1959دا کۆمەڵێ پلە و پایەی سەربازیی گرنگیان گرتەدەست, لەوانە پلەی فەرماندەی فیرقەی دووی کەرکوك و لیوای پێنجی فیرقەی دوو لەموسڵ و لیوای بیستی فیرقەی سێ (لیواکەی عارف) لە جەلەولا و لیوایەکی فیرقەی یەك لە موسیب لیوای مودەرەعی شەش و هەردوو فەوجی دوو سێی دەبابە و فەوجی (موسەنا)ی دەبابات لە فیرقەی چوار لە ئەبوغریب و کەتیبەی سێ لە لیوای بیست و حەوت لە فیرقەی سێ لە سەربازگەی وشاش,(23) ئەمە جگە لە پێگە مەدەنیی و رێکخراوەکان کە بەشێکی زۆریان قۆرخکردبوو, تەنانەت لە هەندێك جێگادا ئەفسەرە شیوعییەکان ئەوەندەی رێنماییان لە بەرپرسە حیزبییەکانی خۆیانەوە وەردەگرت, ئەوەندە لەبەرپرسانی سەربازییەوە رێنمایی و فەرمانیان وەرنەدەگرت و بڕیارەکانیان جێبەجێ نەدەکرد, ملیشیا چەکدارەکانی شیوعییەکان کە بە (المقاومه الشعبیه) ناسرابوون, هاوشانی سوپا و رێکخراوە مەدەنییەکان ژمارەیان بەردەوام لە زیادبووندابوو(24) لە نێوان ئابی 1958 وە تا 1959 ژمارەیان لە 11000وە بوو بە 25000 هەزار کەس, هاوکات توانای سەربازیی وچەکسازیشیان بەردەوام پێشدەکەوت, شیوعییەکان لە رووی ناوخۆییەوە توانیان زۆربەی کەناڵە ژیارییەکانی وڵات بگرنەدەست, لە رووی سیاسەتی دەرەکییەوە, شیوعییەکان باڵی یەکێتی سۆڤیەت بوون, ئەوکات هاوسەنگی هێز و سیاسەت لەنێوان دوو وڵاتی داگیرکەردا کە ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤێت

بوو دابەشکرابوون, یەکەم بە واتا  ئەمەریکای سەرمایەداری کاری نهێنی و سیخوڕی بەکار دەهێنا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی, بەلاّم  یەکێتی سۆڤێت بۆ هەمان مەبەست عەقیدەی کردبووە ئامرازی دەستخستن و داگیرکردنی ئەو ولاّتانە.

هەردووبەری شەڕی عیراقیش لە ناو بازنەی ئەم دووداگیرکەردا دەسووڕانەوە و بە رێنمایی تەگبیرەکانی ئەم دوولایەنە هەڵسووکەوتیان دەکرد.

ئەم پێشکەوتنە مەزنەی حیزبی شیوعی نەك هەر عەرەبە قەومییەکان و تورکمانەکانی کەرکوك و عیراقی سەغڵەت کردبوو, بەڵکو ولاّتانی قەومیی و عەرەبی و جیرانی عیراقیشیان بە تەواوەتی سەغڵەتکردبوو, تا کار گەیشتە ئەو ئاستەی  کە شۆڤێنییەکان گوشار بخەنە سەر شیوعییەکان, تا داوای مەکاسبی زیاتر نەکەن, هاوکات ئەمریکییەکان ترس و دڵەراوکێی زۆریان لێنیشت, (الان دالاس) بەڕێوەبەری هەواڵگری مەرکەزی ئەمەریکا لە لێدوانێکیدا  بە ئاشکرا ئەوەی خستەڕوو کە بارودۆخی عیراق زۆر ترسناکە و ئەم بارودۆخە ترسناکترین شتە ئەمڕۆ لە جیهاندا(25), بۆیە دەبوو ئەمەریکا هەنگاوی جدی بنات بۆ بەرگرتن لە ترسی لەدەستدانی ناوچە نەوتدارەکانی کەنداو و هاوکات دەزگا سەربازییەکانی ئەمەریکاش بەردەوام لە هەوڵی تەعزیزکردنی بنکە سەربازییەکانیان بوون لە ناوچەکە.

ئەم ترسە زۆربەی ولاّتانی عەرەبیشی خستە باری نائارامیی ودڵەراوکێوە, بۆیە بۆ رووبەڕوبوونەوەی  ترسی لە ناوچوونیان و بەرگری لە رەشەبای شیوعیەت  کەوتنە لێدانی رۆڵی ترسناکی شیوعیەت و شێوە بەرەیەکیان بۆ رووبەڕوبوونەوەی شیوعیەکان لە عیراق و سوریا و ولاّتانی تری عەرەبی لە لایەك دەستپێکردو و لەلایەکی ترەوە کەوتنە دانانی پلان بۆ شەڕی قاسم و رژێمەکەی.

شیوعییەکان درکیان بەم  ترسە کرد, بۆیە  دەیانویست لە دەسەلاّتی عیراقدا شەریکی قاسم ببنەوە و ئەم ویستەشیان بەقاسم راگەیاند, بەلاّم قاسم زۆر بەمە سەغڵەت بوو, راستەوخۆ  لەگەڵ بەرپەرچدانەوەیان کەوتە خۆی بۆ لاوازکردنی شیوعییەکانو کەمکردنەوەی رۆڵیان.

لە 23 ی ئایاردا ,لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا قاسم بە ئاشکرا وتی... کاتیٚ کە شۆڕشم هەڵگیرساند من شەریکم نەبوو, لە هەمانکاتدا لە ترسی قەومییەکان و ولاّتانی عەرەبی لە لایەك بەمەبەستی زویرنەکردنی سۆڤێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ نەکەوتە ویژەی شیوعییەکان بگرە زۆرجار وەسفی دەکردن بە کەسانی دڵسۆز و نیشتیمان پەروەر, بەلاّم  لە چوارچێوەی سیاسەتی لاوازکردنی شیوعییەکان و دژایەتیکردنی نهێنی شالاّوی فراوانبوونیان, قاسم لە 11 حوزەیراندا بە بڕیارێك لێخۆشبوونی بەندکراوە سیاسییەکانی راگەیاند, بەمەش بە سەدان کەسانی نەتەوەیی و لایەنگرانی رژێمی پادشایەتی ئازادکرد, هاوکات رێگای دا بەگەڕاندنەوەی دوورخراوەکان و جڵەوی گوشارەکانی لەسەر ئاغا و دەرەبەگەکان و سەرمایەداران شلکردەوە.

رووداوەکانی ساڵی 1959ی کەرکوك قاسمی لە هێز و پێگەی شیوعییەکان ئاگادارکردەوە, شیوعییەکان پێش کەرکوك لە هیچ جێگایەکی تر ئەو سیاسەت و هەڵسوکەوتانەیان نەکردبوو.

رۆژانی پێش چواردەی تەمووزی ساڵی 1959 کەرکوك سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوو بۆ ئاهەنگی یادکردنەوەی ساڵانەی کودەتاکەی 14ی تەمووزی 1958, بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ رێکخستنی کاروباری جەژن و شادییەکان و

**ڕێکخستنی کاروباری خۆسازدان و هاوکات چاودێری و وریایی ئەو ساردیی و گرژییەی که له نێوان کورد و تورکماندا هەبوون, بەهۆی ئەو کردەوانەوه دروست بووبوو.**

**ڕۆژی پێش 14ی تەمووزی ساڵی 1959 دوو سیمای ترسناك هەبوو له لایەك بەرەی عەرەبه قەومییه موتەتەریف و تورکمانەکان و سیخوڕانی کۆمپانیای نەوت که به گشتی دژی دەسەڵاتی قاسم و شیوعییەکان بوون, بەردەوام خۆیان ئامادە دەکرد بۆ تێکدانی بارودۆخەکه و ڕێگاگرتن له یادکردنەوەی کودەتاکەی 14ی تەمووزی ساڵی 1958, بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێگا و ئامرازیان گرتەبەر هەر له ئیستیفزازکردن ونانەوەی شەڕ و پشێویی و هەڕەشە و گوڕەشە...هتد. له بەرامبەریشدا شیوعییەکان که له دوای دەستگیرکردنی تەبەقچەلییەوه نفوزیان له کەرکوك نەك هەر له ڕووی مەدەنییەوه زیادیکردبوو, بەڵکو توانیان کۆنتڕۆڵی بەشێکی زۆری سوپاش بکەن, له هەمان کاتدا له دەزگای ئەمنی کەرکوك و پۆلیس تورکمانەکان خۆیان سازدەدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ناکۆکیی و شەڕێك.**

**لایەنگرانی قاسم وشیوعییەکان وەك تەحەدایەك زیاتر خۆیان بۆ مەراسیم و جەژنی یادکردنەوەی 14ی تەمووز ئامادە دەکرد, بەمەش لایەنی بەرامبەر زیاتر ئیستیفزاز دەبوو, بۆیه هەندێکیان خۆیان ئامادەکرد بۆ بەشداریکردن لەویادە, بەڵام بەجیا له لایەنگرانی قاسم و شیوعییەکان, تا بتوانن به ناو جەژن و یادی کودەتاکەی قاسمەوه شەڕ و ئاژاوە بنێنەوه.**

**له ئێوارەی ڕۆژی 14ی تەمووزدا مەراسیمی یادکردنەوەکه دەستیپێکرد, سەرەتا بەشێوەی خۆپیشاندانی ئاشتیانه به کۆبوونەوەیەکی جەماوەری دەستیپێکردوو ڕووی کرده پردی کۆن له کۆتایی بازاڕی گەورە , بۆ شەقامی ئەتڵەس و ڕووی لەگەڕەکی قۆریەکرد, لەهەمانکاتدا خۆپیشاندانێکی جەماوەری تر گەیشته کۆتایی شەقامی مەجیدیه و به دەوری بینایەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسدا تێپەڕین بۆ شەقامی ئەتڵەس , ئەو کات له گازیۆنی 14 ی تەموزەوەو له چەند سەرچاوەیەکی نادیارەوە چەند تەقەیەك دەستیپێکرد , دواتر تەقەکان زیادیان کردوو بارودۆخەکه بەتەواوەتی گرژبوو, خۆپیشاندەران بۆیان دەرکەوت که ئەو تەقانه لەلایەن عوسمان خدری خاوەنی گازیۆنەکەوە بووه کەپیاوێکی تۆرانی بوو, بۆیه هەر لەویٚ دەیکوژن, ئەمە سەرەتای ئەو کارەساته بوو, که دواتر تورکمان و کورد هەردووکیان باجەکەیان داوه تائەمڕۆش ئەم یاده تاڵە لەمێشکی هەردوولادا دەزرنگێتەوە.**

**لەدوای ڕووداوەکه بڕیاری قەدەغەکردنی هاتوچۆ بۆ ماوەی سیٚ ڕۆژ ڕادەگەیەنرێت و سوپا و شیوعییەکان و هێزه چەکدارەکەیان (المقاومه الشعبیه) دەستدەگرن بەسەر بارودۆخەکەدا, شیوعییەکان بەمەبەستی تۆڵەکردنەوه لەتورکمانەکان و بۆ ئەوەی هەمان دەستکەوتی موسڵیان هەبێت که له ناودانی بزووتنەوەی شەوافدا دەستیان کەوت و هاوکات بۆ زیاتر ڕازیکردنی قاسم و ڕژێمەکەی, که تائەوکاتیش بەڕژێمێکی نیمچه شیوعی ناودەبرا, کەوتنه هێرش بردنەسەر تورکمانه تۆرانیەکان به تایبەتی له هەردوو سینەمای ئەتڵەس و عەلەمەین ,وچەندین کەس کەوتنەبەر لێشاوی شیوعییەکان و هەندێك له ئەفسەر و سەربازانی سەر بەقاسم. لەو ڕۆژەدا چەندین کەس کوژران ,زۆربەی هەرە زۆریان تورکمان بوون, هەندێك سەرچاوه دەڵێن ژمارەی کوژراوەکان 25 کەس بوون بریندارەکانیش 130 کەس, ئەمانه هەموو تورکمان بوون(26), هەندێکی تر پێیانوایه ژمارەی کوژراوەکان 30 کەس بوون و بەدەیان بریندارێش هەبووەو لەنێو ئەمانەدا عەرەب و کوردیش هەبوون.**

بۆ بەرگرتن لەم کارەساتە فەرماندەی فیرقەی دوو هەندێك هەوڵیدا لە ڕێگای پەیوەندیکردن بە کۆمپانیای نەوتەوە بۆ ئەوەی یارمەتی سوپا بدەن بۆ کۆنتڕۆڵکردنی بارودۆخەکە و دواتریش پەیوەندیان بە نەخۆشخانەی کۆماریەوە کرد بەڵکو فریای بریندارەکان بکەون و لاشەی کوژراوەکان لە شەقام و بازاڕەکان هەڵگرن, بەڵام بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز بووکەس نەیدەتوانی و نەیدەوێرا بێتە بازاڕەوە هەرکەسێ یان لایەنێك بهاتایەتە ئەو وەزعەوە ئەوەندی بەس بوو کە یەکێك بڵێ ئەمە تۆرانییە یان دوژمنی دەسەڵاتی قاسمە یەکسەر دەکەوتە بەر لێدان و هێرش و کوشتن.

لەو رۆژەدا ڕێکخراوەکانی (شەبیبەی دیموکراتی و شیوعییەکان) و بەرەی نیشتیمانی کەوتنە ئیتیفزازکردنی تورکمانەکان لە خۆپیشاندانیکیاندا بەهەڵگرتنی ئالای روسیا و بە وتنەوەی شیعاری (الجبهة جبهة وطنية صداقة سوفيتية – عراقية, الجبهة جبهة وطنية, لا انحراف ولارجعية) و( خلي ولي طبقجلي), وهاوکات تورکمانەکانیش هاوارو پیاهەڵدانی سەرکردە عوسمانییەکان و مستەفای ئەتاتورکیان دەکردوو داوای گەڕاندنەوەی ولایەتی موسڵیان بۆ نیشتیمانی دایك تورکیا دەکرد.لەو رۆژەدا تورکمانە تۆرانیەکان

چەندین قەوس و لەوحەیان بەبەرد دروستکردبوو بەناو بۆ یادکردنەوەی رۆژەکە , بەڵام لە راستیدا ئەوان تەنها بۆ لێدانی لایەنی بەرامبەر و بۆ شەڕ و پێکدادان ئەو بەردانەیان دانابوو. بە راستی حەقیقەتێکی تاڵە ئەو سێ رۆژە 14-15-16ی تەمووز بەگرانی لەسەر تورکمان بەڕێوەچوو, شیوعییەکان و سوپا کەوتنە کوشتن و هەڵواسینی چەندین تورکمان.

سەرلەبەیانی 14 تەمووز شار خرۆشا و ئاپۆڕەی خۆپیشاندان لە چاوگەکانی ناکۆکییە نەتەوایەتییەکانەوە دەستیپێکرد, کورد لە گەڕەك و کۆڵانە کوردییەکانەوە بە دروشمی کوردایەتی (پێشڕەوەی کورد پارتییە....) زۆربەی شەقام و شۆستەکانیان داگیرکرد, تورکمانەکان بە دروشمی دژایەتیکردنی شیوعییەکان بە کەواو چاکەت و جامەدانی لەسەرشان وەکو عورفێکی تورکمان لەکەرکوك و شیوعییەکانیش هەردووبیری نەتەوایەتیان بە دوژمنی خۆیان و بیری رەجعیەت دەزانی, ئەو رۆژە شەڕ لە نێوان شیوعییەکان و کە بەرگی کوردیان لەبەرکردبوو لەگەڵ تورکمانەکاندا قەوما هەر هەموو تێکەڵ بەیەك کەوتنەو وێزەی یەکتر کورد لە تورکمان و تورکمان لە کورد و عەرەب لە هەردووکیان, لەو رۆژانە چەندین تورکمان دەبەسترا بەدوای ئۆتۆمبیل و لە جادە و شۆستەکان رادەکێشران, ئەو ئۆتومبیلانە بەگشتی سەیارەی ئاسایش و حکومەت بوون.(27)

ئەم رووداوە زۆر لەسەر شیوعییەکان کەوت و بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لە ژیانی سیاسییان, بەڵام نەك بەرەو بەرزبوونەوە, بەڵکو بەرەو نەهامەتی ودامێن و کەوتنە بەرهێرش و لێدانی سیاسیی و دبلۆماسی قاسم, بەمەبەستی وەڵامدانەوەی ئەم رووداوە عبدالکریم قاسم دووجار لێدوانیدا, یەکەم لە موناسەبەی کردنەوەی کەنیسەی (مار یوسف)دا کە دەچێتە سەر مینبەرەکە و پەیمانی ئەوە دەدات کە تاوانبارانی ئەو تاوانانە, واتا کوشتنی تورکمانەکان بە توندی سزا بدات . جارێکی تر لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەنووسیدا کە لە 29ی تەمووزی 1959دا ئەنجامی دەدا رووداوەکە دەخاتەڕوو و بە تاوانێکی زۆر ناڕەوا و نائینسانی باسی لێوە دەکات و هێرش دەکاتە سەر شیوعییەکان و تەعلیقی ئەوەیان لێدەدا کە شیوعییەکان لە هەمووکەس زیاتر قسە لەسەر دیموکراسیی و مافی مرۆڤ و چەوساوەکان دەکەن وکەچی خۆیان بوون بە سەرچاوەی زوڵم و کوشتنی خەڵکی مەدەنی و دەڵێ.... ئایا ئەم کردەوە دەکرێت لەلایەن ڕێکخراو و کەسانی دیموکراتییەوە ئەنجام بدرێت.

له دوای 16 ی تەمووز  قاسم هێزێکی سەربازیی لە بەغدادەوە رەوانەی کەرکوک دەکات بەگەیشتنیان بەم شارە ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی و شیوعییەکان بەرەشبگیری تاوانبار وبێتاوان دەستگیر دەکرێن.

یەکەم کار قاسم لە کەرکوک ئەنجامیدا گواستنەوەی داود جەنابی بوو لە کەرکوک و بەندکردن و دانانی عەمید محمود عبدالرزاق کە عەرەبێکی قەومی موتەتەریف بوو لە جێگای.

تورکمانەکان لە کەرکوک کەوتنە خۆیان بۆ تۆڵەکردنەوە لە کورد و شیوعییەکان لە رۆژی سێیەمدا رووداوەکان ئاراستەیەکی تریان وەگرت لە رۆژانی پێشوودا کە دەسەڵاتی شار بە دەست شوعییەکانەوە بوو و کەوتبوونە وێزەی تورکمان  و کوشت و بڕ ولێدان  وئیهانەکردن لەوپەڕی  زەرووەرەتیدا بوو, ئەو رۆژانە جل  و بەرگی کوردی پاسپۆرتی هاتوچۆ بوو لە دوای سێ رۆژ کورد و جل وبەرگی کوردی بوون بەقاچاغ  و  شالاوی گرتن و کوشتن و ئیهانەکردنی کورد دەستپێکرد, لە پاڵ کوشتن و گرتنی تاوانباران  تورکمانەکان بە پاڵپشتی سوپا کەوتنە ئەزێتدان و لێدانی خەڵکانی هەژار, تێزابیان  بە چاوی چەندین کەسدا کرد و دەیان کەسی بێتاوان و بێ گوناهیان شەهید کرد ، ئەم رۆژانە بۆ کورد ناهەموارترین رۆژ بوو, چەندین کەسایەتی کۆمەڵایەتی و پیاو ماقووڵ و دوکاندار  و کاسب رۆژانە لەسەر  کار و دوکانەکانیان دەکەوتنە بەر لێدان و ئەزێتدانی تورکمانەکان, بێ ئەوەی هیچ کەسێك بتوانێ لەسەریان هەڵدا, لە کاتی شکاتکردنیشدا  گەر تورکمان تەعدای لە کوردێك بکردایە ئەوە لە پۆلیسخانە هەر کوردەکەیان دەگرت و ئەزێیتان  دەدا, بۆیە کوردەکان نەیاندەوێرا بچنە گرتووخانە و پۆلیسخانەکانیش.

دوکاندارە کوردەکان بەگشتی,  ئەوانەی دووکانەکانیان دەکەوتە ناوچەی  قۆریە  و بازاڕی گەورە لە ترسی  تورکمانەکان و لە ترسی ئەوەی تێزاب نەکرێتە چاویان, کە  ئەوکات پیشەیەکی  نوێی تورکمانەکان بوو, رایاندەکردو دوکانەکانیان دەگواستەوە ناوچە کوردییەکان, یان هەر دوکانەکانیان  دادەخست, لەوانە سەرجەم دوکانەکانی بازاڕی قەیسەری گەورە کە کوردبوون, دوکانەکانیان بەجێهێشت و بەشێك لە دوکانەکان  و محەلە کوردییەکان  بەتاڵان دەبران و خاوەنەکانیشیان نەیاندەوێرا لەسەری هەڵبدەن و شکایەت بکەن ,هەندێك لەو کەسانەی ئەو رۆژە تێزابیان کرایە چاو ئەحمەد رەزا  و فەتحوڵای محەی نازەی جەباری و چەندانی تر.

لە دوای دادگایکردن   وسەپاندنی تاوانەکە بەسەر کورد و شیوعییەکاندا لێشاوی نەفیکردنی هاوڵاتیانی  کورد دەستپێکردو بە سەدان کەس نەك بەتەنیا ئەوانەی فەرمانبەر و کارمەند و ئەفسەری حکومەت بوون, بەڵکو خەڵکی مەدەنیشی گرتەوە.

لەو کێشەیەدا هەندێك پیاوی کورد و تورکمان هەبوون, دووربینانە دەیانڕوانییە کێشە و گرفتەکان و نەیاندەویست یان ئەم کارەساتەیان پێخۆش نەبوو, لەوانە سەرەتا عەلەبەستێ و چەند کوردێکی تر بەدەیان تورکمانیان لە کوشتن  وئەزێتدان رزگارکردوو دواتریش خەلیل ئاغا چەندین کوردی  لە کوشتن  و مردن رزگار دەکرد, (ئەگەرچی خەلیل ئاغا موختار بوو و هاوکات بەپارە و بەرتیل یارمەتی کوردەکانی دەدا, بەڵام کوردێکی زۆری لە مردن رزگارکرد). ئەو کوردانەی کە لە بەغداد و لە دادگا بێتاوان دەردەچوون و بە تەسفیرات دەگەڕێنرانەوە بۆ کەرکوك, لە کەرکوك کیتاب و فایلەکانیان  وندەکراو بەتایبەتی لە مەرکەزی سەرای عام, یان دەیانکوشتن یان جارێکی تر دەیانگەڕاننەوە بۆ بەغداد بە توهمەیەکی نوێوە.

له راستیدا بەشێك لەو تورکمانانە کە کوردیان دەکوشت بەئەسڵ خەڵکی ئێران بوون, له ساڵی 1948دا ژمارەیەکی زۆرلەو کەسانە روویانکردە عیراق بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی, ئەمانە بەزۆری خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت بوون و بە دوای کاسبیدا هاتبوون و زۆربەیان له خانه کانی کەرکوکدا کاریان دەکرد, ئەو خانانە وەك خانه سپی و خان گاورەکان و خانه چاڵەکە....هتد, بەگشتی موڵکی تورکمانەکان بوون, بۆیە ئەو ئێرانیانەی لەو خانانەدا مانەوەو کاریان دەکرد فێری زمانی تورکمانی بوون وبۆ خۆ پاراستن و خۆ گونجاندن دوای ساڵی 1958 زۆربەیان خۆیان کرد بە تورکمان, یەکێ لەوکەسانەی کە دەیان کوردی کوشت سەلاح دەرزی بوو ماڵی له گەڕەکی بلاخ بوو, بەلام بە ئەسڵ خەڵکی سنەی ئێران بوو ,تا ئەمڕۆش نەوەکانی دەرزی و خزمەکانی بوون بەدووبەشەوە, هەندێکیان کوردن و هەندێکیشان تورکمانن, ئەم پیاوە هەر لەسەر کورد کوشتن, دواتر لەگەراجی حەویجە و نزیك بازاڕی گەورە لێدەدرێت و دەکوژرێت.

هەندێك له تورکمانەکان بە مەشەوە ناوەستن و دواتر بەدوای بەندکراوەکاندا دەچنە بەغداد و لە دادگا شایەتی درۆیان لەسەردەدەن و تۆمەتی شیوعییەتیان دەخستەپاڵ و سوێندی درۆیان لەسەر دەخوارد تا سزای توندیان بەسەردا بسەپێ, تورکمانەکان دەڵێن... له سێ رۆژی پێشوودا کوردەکان نەك تەنها له شاردا بەڵکو له گوندەکانیشەوە دەهاتن بۆ شەڕ و لێدانی تورکمان, بەلام له راستیدا له رۆژی 15 تەمووزدا, واتا رۆژی دووەم بە فەرمانی سەربازی فەرماندەی فیرقە رێگەیان له هاتنی گوندنشینە کوردییەکان گرت بێتە کەرکوك.

لەم موئامەرەیەدا, عەرەبە شۆڤێنییەکانیش کەوتنە پشت تورکمانە تۆرانییەکان و ولاتانی دەرەوە وەك ئێران و تورکیا و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو هەریەك بەرێگایەك و هەریەك بە مەرامێك ئاگری ئەو شەڕەیان خۆشدەکرد.

بەرێوەبەری ئەمنی کەرکوك ئەوکات رۆڵێکی زۆر خراپی له خۆشکردنی ئاگرەکە و هەڵنان و پاڵپشتی تورکمانەکان هەبوو بۆ لێدانی کورد بەچەندین راپۆرت کە هەواڵەی بەرێوەبەرایەتی گشتی ئەمنی بەغدای دەکرد, تەئکیدی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە کورد و شیوعییەکان سەرەتا بە تەقەکردن له خەڵك و سەربازەکان دەستیان کردوە بەئاژاوە نانەوە, ئەمەش زۆر ناڕاست و درووست بوو, چونکە سەربازەکان و شیوعییەکان و خەڵك له یەك بەرەدابوون, بەلام دەسەلات بە مەبەستی لێدانی کورد و شیوعییەکان هەموو ئەو قسانە بەراست وەردەگرێت.

له راپۆرتێکی تردا باس لەوەدکات کە ئەفسەری خانەنشین مەلا داودی جەباری لەبەرەی نیشتیمانی و جەبار محمد پیرۆزخان له (اتحاد الشبیبه) و چەند کەسێکی تر له ئەفسەر و پۆلیسەکان له 15ی تەمووزدا پلانی ئەوە دادەنێن هەموو ئەوکەسانە کوشت وبڕبکەن کە لەدژی ئەوان دەوەستنەوە, له راستیدا ئەم پیاوانە نەیاندەویست شەڕ دروست بێت, چونکە بە هیچ شێوەیەك شەڕ له بەرژەوەندی خۆیان و حیزبەکەشیاندا نەبوو, بە تایبەتی فاتح مەلا داودی جەباری کە پیاوێکی زۆر نزیك بوو له قاسم و ئەوخۆی بۆ ئەوە هێنابوویە کەرکوك بۆ ئەوەی نەیەڵێ شەڕ و پێکدادان لەنێوان کورد و تورکماندا دروست بێت, چونکە بۆخۆی درکی بەوەکردبوو کە ئەرزیەتێکی لەو شێوەیە بۆ شەڕ و نانەوەی پشێویی و تێکدانی باری ئە منی هەیە و سیخوڕانی کۆمپانیای نەوت و ئاغا و دەرەبەگەکان و خاوەن موڵك ودەوڵەمەندەکان کە قاسم بەتوندی له بەرژوەندییەکانی دابوون لەگەڵ سیخوڕانی کۆماری عەرەبی و ئەتاتورکیەکان له هەمووولایەکەوە هەوڵی نانەوەی شەڕ و کوشتاریان دەدا.

ئەم  ڕووداوەی کەرکوك لە لایەکی ترەوە ڕەنگدانەوەی ئەو فەوزا سیاسییە بوو کە عیراق پێیدا تێدەپەڕی, ڕۆژی 14ی تەمووزی ساڵی 1959 نەك هەر ساڵ یادی کودەتاکەی تەمووزی 1958 بوو, بگرە  وا ڕێکەوتبوو ساڵیادی جەژنی عاشورای شیعەکانیش بوو, بۆیە ئەم یادە لە باشوور و ناوەڕاستیش چەندین شەڕ  و پێکدادانی خوێناویی لێکەوتەوە و بەدەیان  کەس لەوێش بوونە قوربانی، بۆیە ئاساییە کە ئەم ڕووداوە لە پێش ڕوودانی زۆر کەس درکی پێدەکردو تەنانەت هەندێکش زۆر بەجدیی هەوڵیاندا  کە کارەسات نەقەومێ, بەڵام پیلانگێڕان و دوژمنانی کورد و تورکمان زۆر لە خێرخوازان زیاتر و بەهێزتربوون بۆیە توانیان ئەو یادەوەرییە تاڵە بخەنە مێژووی پەیوەندی کورد و تورکمانەوە.

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی پێش ڕووداوەکە دەچێتە کەرکوك و دەبینێ بارودخەکە زۆرخراپە و وەك خۆی دەڵێ هەندێك هەرزەکاری کورد و تورکمان چەقۆ لەیەك دەسوون و خۆیان بۆ گیان یەکتر گیڤدەکەنەوە و هەڕەشەی یەکتر کوشتن دەکەن, بۆیە ڕۆژی 11ی تەمموز دەچێتە لای وکیلی قائدی فیرقە (محمود عبدالرزاق) و پێی دەڵێ... من بارودۆخی ئێرەم بەدڵ نییە, وادیارە لەم جەژنەدا هەرایەك دەقەومێ لە دژی کورد و تورکمان تەنها بۆ ئەوەی بکرێن بە دوژمنی یەکتر, هاوکات سەردانی چەند کەسێکی تری نزیك لە دەسەڵات و چەند کەسێکی ناوداری کورد و تورکمان دەکات و لەو بارودۆخە ئاگادرایان دەکاتەوە, لە دوای ڕووداوەکەش زانیارییەکان وادەگاتە زەعیم کە 480 کەس کوژراون و بەهەزاران کەسیش بریندارن, بۆیە زەعیم فەرمان دەدات  و سوپا ڕەوانەی کەرکوك دەکات.

مەلا جەمیل بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم فیتنەیە دەگەڕێتەوە کەرکوك و ناوی سەرجەم کوژراوەکان و بریندارەکان دەباتەوە بۆ بەغداد , کە لە 28 کوژراو زیاتر نابێت لەوانە تەنها دوانیان کوردن, ئەوانیتریش هەندێکیان عەرەبن و هەندێکیشیان کۆنەکوردن و خۆیان کردووە بەتورکمان.

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لەسەر ئەم ڕووداوە وتارێك  دەنووسێ بە ناونیشانی (سیدی الزعیم, حسبتك ساهرا, فنمت...) هەموو ڕووداوەکانی تیادا دەنووسێ وئەو ژمارەیەی ڕۆژنامەکە بە دزییەوە دەگەیەنێتە مام بەشیر و ئەویش ئەیشارێتەوە و دواتر یەکی بە دینارێك دەیفرۆشێ, ئەوکات لەسەر ئەم وتارە ڕۆژنامەی (صوت الاکراد) دادەخرێت.

دوای ڕووداوەکە  ڕۆژبەیانی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیرانی کورد ڕێکدەخات و سەردانی ماڵە تورکمانەکان دەکەن بۆ دڵنەوایکردن و پێیان دەڵێن.... کورد و تورکمان  500 ساڵە لە کەرکوکدا پێکەوە دەژین و هیچ گرفت و کێشەیەك نەکەوتووەتە نێوانیانەوە و ئەم کارەساتە کاری نۆکەرانی بێگانەیە.

پاش چەند ڕۆژێ مەلا جەمیل لە ڕۆژنامەی (نداء الاهالي) وتارێ ئەنووسێ بە ناونیشانی (کورد و تورکمان 500 ساڵە لەم شارەدان تا ئێستا ناکۆکی لەنێوانیاندا نەبووە) ئەم کارەساتە ڕوویداوە هی دوژمنانی هەردوولایە) ئەوکات مودیری ئەمنی کەرکوك  بانگی دەکات وپێی دەڵێ....ئەم وتارە هی تۆیە؟ مەلا جەمیل دەڵێ بەڵێ من ئەم وتارەم بۆیە نووسیوە بۆ ئەوەی ناکۆکی نەکەوێتە نێوان کورد و تورکمانەوە, پاش چەند ڕۆژێك پۆلیس دێن لە مزگەوتەوە دەستگیری دەکەن  و ڕەوانەی دادگای دەکەن, لە بەغداد لەوێ کاتێك دادوەر ڕۆژنامەکە دەخوێنێتەوە و دەڵێ.... زۆرسەیرە بابەتی ناوئەم ڕۆژنامەیە داوای دۆستایەتی و ڕێکی دەکات, نازانم تۆیان بۆچی هێناوە بۆ ئێرە؟ مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی دەڵێ... هەراو پشێوی کەرکوك هەمووی ئەم مودیر ئەمنە دروستیکردووە کەمنی ناردووەتە ئێرە, دادوەرەکەش دەڵێ... تۆ لای من بێتاوانی, بەڵام بڕیاری

گواستنەوەی تۆی تێدایە بۆ ناسریە, دوای ئەوەی دەینێرنە ناسریە لەوێش دوای دوو هەفتە دەستگیری دەکەن و بۆ ماوەی 15مانگ لە بەندیخانە دەیهێڵنەوە.(28)

عبدالکریم قاسم لەگەڵ ئەوەی ئەو کودەتایەی لەگەڵ هاوڕێی عبدالسلام عارف کەپیاوێکی قەومی موتەتەریف بوو, ئەنجامدا, بەڵام وەك خۆی قاسم پیاوێکی نیشتیمانی میول بە شیوعیەت بوو, بۆیە لە سەرەتادا دەیویست لە کورد و شیوعییەکانەوە نزیك ببێتەوە, شیوعییەکانی بە پاڵپشتی خۆی دەزانی,بڕیاریدا مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کورد لەچوارچێوەی عیراقدا جێبەجێبکات و بیسەلمێنیٚ, بۆیە هەر لە سەرەتاوە ئەم کێشەیەی لە دەستووری کاتیدا چارەسەرکرد, لە مادەی سێی ئەو دەستوورەدا هاتوە کە (عەرەب و کورد لەم وڵاتەدا هاوبەشن) ئەم دەستوورە مافە نەتەوەییەکانی کوردی لە چوارچێوەی عیراقێکی یەکگرتوو دەسەلماند ,بەڵام دواتر قاسم لەم بڕیارەی پەشیمان بووەوە, ئەمەش لە ژێر گوشاری عەرەبە قەومییە موتەتەریفەکاندا بوو.لەلایەکی ترەوە قاسم ئەوکات خەونی زیادکردنی نفوزی دەسەڵاتی لەوەدا دەبینی کە هیچ مافی نەتەوەیی نەدات بە کورد نەك ئەمە لە ئایندەدا ببێتە بنەمایەك بۆ جیابوونەوەی کورد لەعیراق, بۆیە بەجێبەجێکردنی ئەم مادەیە قاسم بەردەوام خۆی دەشاردەوە و دوایدەخست تا لە مارسی1960دا لەسەر جێبەجێکردنی مادەی سیٚ لەدەستووری کاتیدا کێشە و ساردی کەوتە نێوان کورد و قاسمەوە.

لە هیچ دەستوورێکی عیراقدا ناوی تورکمان وەك نەتەوەیەکی دیار لە عیراقدا نەهاتووە, دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق بەگشتی تورکمانیان وەك میوانێك لە عیراق دەبینی لە بری ئەوەی وەك هاوڵاتییەکی عیراقیی تەماشا بکرێن.

کورد بۆ جێبەجێکردنی مادەی سیٚ بە هەموو وردەکارییەکانیەوە گوشاری دەخستە سەر زەعیم, بۆ ئەم مەبەستەش رۆژنامەی (خەبات) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان هێرشەکانی بۆ سەر دەسەڵاتی قاسم دەستپێکرد و بەردەوام داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی عورفی و لابردنی باری نائاسایی و ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکانی دەکرد, بەمەش قاسم زۆر سەغڵەت بوو و گەیشتە ئەو باوەڕەی کە کورد بەربەستە لەبەردەم دەسەڵاتی تاکڕەویانەی, بۆیە دەستیکرد بەگرتن و راودوونانی ئەندامەکانی و داخستنی رۆژنامەی خەبات. لە ساڵی 1961دا,کورد ناچار بوو بە دامەزراندنی کیانێکی کوردی سەربەخۆ لە کوردستان .ئەوکات لە تەموزی 1961 دا ناکۆکییەکانی نێوان قاسم و کورد گەیشتە ئەوپەڕی توندی, بۆیە قاسم سوپای رەوانەی ناوچەی کۆبوونەوەی چەکدارەکانی پارتی کرد بۆ لێدانی, بەڵام بارزانی نەیدەویست شەڕی قاسم بکات, بۆیە هەوڵیدا ناکۆکی نێوانیان هێوربکاتەوە و نەیەڵیٚ بگات بەشەڕی چەکداری , لە 20 تەمووزی 1961 دا راپۆرتێك پێشکەش بە قاسم دەکات و تێیدا ئیهمالکردنی ناوچە کوردییەکان دەخاتەڕوو و داواکارییەك بە سیازدە خاڵ دەخاتە بەر دەست قاسم, لە گرنگترینی ئەو داواکاریانە کشانەوەی هێزەکانی سوپای عیراق و ئەو فەرمانبەرانەبوو کە رۆڵی دیار و خراپیان لە رووداوەکانی ئەم دواییەی کەرکوك و کوردستان هەبووە و گەڕاندنەوەی ئەو کادر و فەرنانبەرە کوردانەی کە لە کوردستان دوورخراونەتەوە بۆ ناوچەکانی تری عیراق و جێبەجێکردنی مادەی سیٚ بەشێوەیەکی تەواو و بیٚ کەموکوڕی.

هاوکات بەم بارودۆخە و لە ئاکامی ئەو پێشکەوتنەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە دونیادا بە دەستیهێنا بە گشتی و پێشکەوتن و فراوانبوونی دەسەڵاتی شیوعییەکان لە عیراق بە تایبەتی, ترسی قاسم لە شیوعیەکان لە ترسی قەومییەکان زیاتر بوو, بۆیە رووداوەکەی کەرکوك بیانوویەکی باش بوو بۆ قاسم تا لە شیوعییەکان بدات, لە نێوان 19ی تەمووز و 12ی ئابی 1959 بە سەدان شیوعیان دەستگیرکرد و توانی بەتەواوەتی توانا و کاریگەری و هێزی گەلەری (المقاومه الشعبیه) ی

شیوعییەکان ئیفلیج بکات, هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا کەوتە کار بۆ هەڵوەشاندنەوەو لاوازکردنی (الشبیبة الدیمقراطیة) لە پارێزگاکانی عیراق و تەسریحکردنی زیاتر لە 17000 ئەفسەری ئیحتیاتی شیوعییەکان و داخستنی یەکێتی سەندیکای کرێکاران. شیوعییەکان رۆژ بە رۆژ شەعبیەتیان لە دابەزیندا بوو, بە گشتی زستانی 1959 – 1960 بە گرانترین رۆژ کەوت لەسەر شیوعییەکان.

لە دوای هاوینی 1961ەوە, دوای هەڵگیرسانی شەڕی دژ بە کورد شەعبیەتی قاسم زۆر لەدابەزیندا بوو, بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی خەڵك و گردکردنەوەی شەعبیەتەکانی بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ سەرجەم بەندکراوە سیاسییەکان دەرکرد, ئەمە جگە لەوەی بۆ راکێشانی سۆزی خەڵك بۆ لای خۆی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی نەوتی لەو ناوچانە وەرگرتەوە کە لە ژێر قەیدی وەبەرهێنانی نەوتیدا نەبووە ,ئەم سیاسەتەی قاسم بە بارێکی تردا واتا لە سەر ئاستی دەرەکی زۆر لەسەری کەوت ,تا ئەو ئاقارەی هەندێك گومانی ئەوەیان هەیە قاسم بە تەنیا لە سەر ئەم بڕیارە روخێندرابێ .بە بڕیاردان لە سەر یاسای ژمارە (80) لە 11ی کانونی یەکەمی 1961, کۆمپانیا بیانییە نەوتییەکان و وڵاتانی داگیرکەر زۆر سەغڵەت بوون, بۆیە لەمەڕ ئەم بڕیارە وتەیەکی قاسم هەیە کە لە کاتی داواکردنی مۆرکردن لەسەر بڕیاری ژمارە (80) دەڵێ بە وەزیرەکانی وەرن ئیمزا لەسەر مەرگی خۆمان بکەین. (29)

هاوکات بۆ سەرقاڵکردنی خەڵك و بنیاتنانی پشتگیری زیاتر بۆ خۆی, قاسم داوای (کویت)ی کردوو و بە بەشێك لە عیراق ناوی برد, بۆیە ئەمەریکا و بەریتانیا هێزەکانی خۆیان لە ناوچەی کەندا و زیاتر تەعزیزکرد و زیاتر کەوتنە خۆسازدان بۆ رووخانی رژێمەکەی.

زەعیم بە هەموو شێوەیەك کەوتبووە خۆی بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی جەماوەری خۆی و لاوازکردنی دوژمنانی لە ناو گەلدا ، بۆیە ئەو گوشارەی کە پێشتر کردبوویە سەر دەرەبەگ و دەوڵەمەندان لە ساڵی 1958 بە یاسای (قانون اصلاح الزراعی) لە رێگای بەرزکردنەوەی زۆری باج لەسەر دەوڵەمەند و خاوەن موڵکەکان کە تا 30ی حزیرانی 1959 گەیاندییە بەرزترین ئاست, لە دوای ئەم رووداوانەوە زۆرکەمی کردەوە و کەوتە موجامەلەی دەرەبەگ و خاوەن موڵك و دەوڵەمەندەکان کە بەشێکی زۆریان تا ئەوکاتە کەوتبوونە ئێرانەوە و سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوون بۆ دژایەتی زەعیم و دانانی پلان بۆ رووخانی رژێمەکەی.

لەگەڵ هەموو ئەو ناکۆکیانەی کەوتبووە نێوان قاسم و شیوعییەکان تا ئایاری 1962 هودنەی نێوان قاسم و شیوعییەکان هەر مابوو ,بارودۆخەکە نەگەیشتبووە ئێسك شکاندنی یەکتر, بەڵام لەو مێژووە بەدواوە بە هۆی ئەو خۆپیشاندانە مەزنەی کە شیوعییەکان ئەنجامیاندا و داوای ئاشتیان کرد لە زەعیم کە ئاشتی لەگەڵ کورددا ئەنجام بدات, قاسم بەم داوایە زۆر سەغڵەت بوو, بۆیە کەوتە دەستگیرکردن و راودوونانی شیوعییەکان و بە سەدان کەسی لێ بەندکرد, بەمەش شیوعییەکان هیچ هیوایەکیان بە زەعیم و رژێمی کۆماری نەما بۆیە لە 8ی تەمووزی 1962 دا حیزبی شیوعی بەیانێك دەردەکات و حکومەتەکەی زەعیم بە دەوڵەتێکی پۆلیسی و دیکتاتۆری ناوزەد دەکات. (30).

بەوەی شەڕ و ناکۆکی نێوان قەومیەت و شیوعیەت یەکێ لە سیما دیارەکانی ئەو سەردەمە بوو بۆیە رەنگدانەوەی ئەم شەڕ و ناکۆکییە لە زۆربەی وڵاتاندا رەنگی دابووەوە, ئەوکات یەکێتی سۆڤێت بە چاوگی شیوعیەت و سۆسیالیزم دەزانرا,

ئەمەریکا و جەمسەری سەرمایەرداری ببوون بە پاڵپشت و پەنای بزووتنەوە قەومییەکان لە دژی ویستی فراوانخوزای شیوعیەتدا.

لە وڵاتی میسر کە لە فەرهەنگی سیاسیدا بە خاڵی ئیرتیکاز دادەنرێت لەناوچەی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گرنگییەگی زۆری هەیە, جمال عبد الناصر کە پیاوێکی قەومیی و دژ بە شیوعیەت بوو, توانی جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست, ئەو هەر زوو دەستپێشخەری کردوو و گورزێکی بەهێزی لە 23 کانونی یەکەمی 1958دا لە شیوعییەکاندا و دەنگی ئەوەی بەرزکردەوە کە لە کۆی ناسرییەکان سەنگیان هەبێت دەبێ شیوعیەت نەمێنێ, بۆیە دواتر شاڵاوی گرتن و کوشتنی شیوعییەکان لە میسرەوە پەڕییەوە بۆ سوریا و بە دەیانیان لێ کوژرا و زیندانیکران.

بەڵام وەك عیراق کە بە دڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەناسرێت, گرنگی ئابووری و سیاسی و جوگرافیی زۆری هەیە, شەڕی قەومییەکان و شیوعییەکان گەیشتە ترسناکترین ئاست و تاڵترین ئاکامی هەبوو, زەعیم عبدالکریم قاسم بەوەی پیاوێکی نیشتیمانی و میول بە شیوعیەت بوو, شیوعییەکان توانیان رۆڵێکی دیاریان هەبێت لە ماوەی حوکمیدا.

هاوکات دژایەتیکردنی قاسم لە لایەن جمال عبدالناصرەوە کە بەموئامەرەیەك لەرێگای شەواف و هاوڕێکانییەوە دەستی پێکرد و ئاشکرا بوو,شیوعیەکانی لە رەشەبای ئەو ترس موئامەرەیە بە خەبەر هێنا کە لە سوریا و میسرەوە بۆیان ئامادە دەئەکرا, ئەمە بوو وایکردبوو کەشیوعیەکان رقێکی زۆر لە قەومییە موتەتەریفەکان و بەعسییەکان هەڵگرن, ئەمەش لە سەرەتادا بەقازانجی شیوعییەکان گەڕایەوە, بەڵام لە کۆتاییدا قاسم هاوسەنگییەکەی لێ تێکچوو و نەیدەزانی جیاوازی لە نێوان گورگ ومەڕدا بکات , وایلێهات لە شیوعییەکان دەترسا و بە ترسی راستەقینەی دەزانی, بەڵام بەعسییەکانی بە کارەکتەرێکی لاواز وبێشەعبیەت و بێبنە ما دەزانی و باوەڕی نە دەکرد بتوانن لە دژی ئەم بوەستنەوە , بۆیە هەوڵی بەعسیەکان بۆ کوشتنی بە هەوڵێکی یەئس و بەڵگەی لاوازی دەزانی, چەند ئاماژەیەکیشی لا دروستببوو بۆ راستکردنەوەو ساغکردنەوەی ئەم قەناعەتەی, لەوانە درووستبوونی ئینشیقاق لە نێوان بەعسییەکاندا و راکردنی فوئاد ئەلرکابی لە 1961دا کەئەمین سری بەعس بوو بۆلای عبد الناصر.

لەم بارودۆخەدا قەومییە موتەتەرفەکان و بەعسییەکان توانیان ئەم هەلە بقۆزنەوە و دەستی خۆیان بوەشێنن و خۆیان سازو ئامادە بکەن بۆ لێدانی زەعیم و رووخانی رژێمەکەی. بارودۆخی ئەوکاتەی عیراق و پێکهاتەی هەمەجۆری پیاوێکی دەویست زۆر وردبینانە عیراق بخوێنێتەوە و بزانێ چۆن هاوسەنگی لە نێوان ئەو هەموو نێواندژیانەدا دروستدەکات, ئەشێ هۆکاری رووخانی رژێمەکەی قاسم هەر ئەوە نەبێت کە زەعیم نەیتوانی هاوسەنگی راگرێت و حساباتەکانی بە هەڵە هەژمارکردبێ, بەڵکو پێکهاتەی عیراق بۆ خۆی هۆکارێکە و مێژووی خوێناوی شەڕ لەسەر دەسەڵات و شەڕی تایفەگەری و نەتەوایەتی وە ئاینیی و مەزهەبی هۆکارێکی تربێ.

(د. علی وردی) زانای کۆمەڵناسی بەناوبانگی عیراقی زۆر بە وردی و بەروونی باس لە پێکهاتە و سروشتی کەسایەتی عیراق و شەڕانگێزی تایفەکانی دەکات, بۆیە ئەمەش بۆخودی زەعیم کارەساتێکی تربوو کەنەیدەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی عیراقدا بکات, زەعیم لە ماوەی دەسەڵاتیدا کۆمەڵێ ئامانجی ناکۆکی لە خۆی کۆکردبۆوە و نەیدەویست لە رێگای لێدانی فەرمانگە داگیرکەرەکانەوە کە ئەوکات لە هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی و هەردوو ئیدارەی ئەمەریکیی و ئینگلیز و کۆمپانیای نەوتی عیراقدا چڕبووبوەوە, خۆی لە یەکێتی سۆڤێت نزیك کاتەوە و هاوپەیمانی لەگەڵدا بەهێزبکات,

ئەمە جگە لەوەی بۆ دژایەتیکردنی قەومییە موتتەریفەکانی عەرەب و بەعسییەکان و هاوکات زیاتر راکێشانی سۆزی یەکێتی سۆڤێت و ولاتە شیوعییەکان رێگای بە حیزبی شیوعی دەدا رۆلێکی دیار و کاریگەرییان لە عیراقدا هەبێت.بە واتایەکی تر زەعیم دەیویست لە نێوان هەردوو نەهەنگی سۆسیالستی و سەرمایەداریدا مەلە بکات ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە بە واتا ئینتیحار دەهات بەلام ئەو درکی پێنەدەکرد.

زەعیم لە رێگای دانانی بڕیاری ئیسلاحی زراعی و دانانی باجی زۆر لەسەر دەولەمەند و خاوەن مولکەکان و ئەو پشتگیری و یارمەتییەی هەژاران و نەداران و داواکردنەوەی (کویت) و راگەیاندنی بڕیاری (80) بۆ گەڕانەوەی بەشێکی سامانی نەوتی عیراق بۆ ژێردەستی عیراقییەکان, ئامانجی فراوانکردن و بەهێزکردنی شەعبیەتی ناوخۆ بۆ خۆیی و حکومەتەکەی ئەنجامدەدا, بەلام ئەم داوایانە هەندێکیان بۆ قاسم بە پێچەوانەی بەرژەوندییەکانییەوە گەڕانەوە, بە داواکردنی (کویت) ئەمەریکا و ئینگلیز رێگایان بۆ خۆشبوو بۆ ئەوەی زیاتر بێنە ناوچەی کەنداو هێزە سەربازییەکانیان لەو ناوچەیە تەعزیزکەن بۆ هەر شەڕێکی لە ناکاو هەروەها تەحەروشکردنی زەعیم بە بەرژەوندییەکانی دوژمنانی و راگەیاندنی بڕیاری (80) کە بە پێی ئەم مادەیە 90٪ی ناوچەی وەبەرهێنانی نەوتی دەگەڕایەوە بۆ حکومەتی عیراق زیانێکی زۆر گەورە بوو لە بازاڕی دارایی و نەوتی جیهانی نەدەکرا, زەعیم بە بیٚ سزا لێی دەرباز دەبێت, حەسەن عەلەوی دەگێڕێتەوە و دەلیٚ... (سید مورتەزا عەسکەری لە لەندەن لە 30 حوزەیرانی 1990 دا ئەوکات تەمەنی 87 سالٚ بوو بۆی گێڕامەوە کە یەکیٚ لە وەزیرەکانی زەعیم پێیوتم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی تایبەت بە گفتوگۆ لەسەر بڕیاردان لەسەر یاسای نەوتی ژمارە (80) وتی.... (وەرن مۆر لەسەر بڕیاری لە سێدارادانی خۆمان بکەین, ئەو ئیمزایکرد و ئێمەش بەدوایدا(31) بە واتا زەعیم درکی بە ترسناکی ئاکامی بەو بڕیارە کردبوو.

زەعیم دەیویست لەرێگای لێدانی شۆڕشی کورد و نەدانی مافی نەتەوەیی و جێبەجێکردنی مادەی سیٚ لە دەستوری کاتیی و هاوکات یارمەتیدانی هەندێك ولاتی عەرەبی و پشتگیری لە کێشەی فەلەستین بوونی خۆی لە بازنەی نەتەوەی عەرەبی بسەلمێنیٚ و شەعبیەت بۆ خۆی دروستبکات.

هەموو ئەمانە چەندێك سوودیان بۆ زەعیم هەبوو, بە بارێکی تردا بوونە فاکتەری بە هێز و چالاك بۆ رووخانی و دابینکردنی هەلی ئالتوونیی بۆ بەعسییەکان و عەرەبە قەومییە موتەریفەکان تا زەعیم و حکومەتەکەی پیٚ لە ناوبەرن.

ف11/

## 8ی شوبات سەرەتای دەستپێکردنی نەهامەتیەکان

لە 8ی شوباتی 1963دا بەرەی نەتەوەیی کە پێکهاتبوون لە قەومییەکان و بەعسییەکان بە سەرۆکایەتی موشیر عبدالسلام عارف بە کودەتایەك کۆتاییان بە دەسەلاتی عەبدالکریم قاسم هێنا و,هەر ئەوکات راستەوخۆ دادگایەکی سەربازییان دامەزراند و بە خێرای دادگاییەکی صورەیی زەعیمیان کرد و گوللە بارانکیان کرد ,بارو دۆخەکە زۆر ناسك بوو بۆ کودەتاچیەکان وهیچ دواخستنێکی نەدەگرتە خۆ ، چونکە قاسم لە ماوەی دەسەلاتیدا توانیبووی سۆزی بەشێکی بەرفراوان لە خەلك بۆ خۆی وەرگرێت,بەعسیەکان بەمەبەستی کوشتنی هەر هەولێکی خەلك بۆ گەڕانەوەی قاسم زۆر بە خێرای گولە باران کرا.

لە م گۆڕانکاریانەدا  عبدالسلام عارف  کە نوێنەری تەیاری هاوپەیمانی نەتەوەیی بوو,  بوو بە سەرۆك کۆماری عیراق و ئەحمە حەسەن بەکری  نوێنەری ڕەوتی بەعسییە قەومییەکان بوو بە سەرۆك وەزیران.

لە کۆتایی ئەم حەقبەیەدا قاسم و ناسر هەردووکیان مردن و ناسر لە حسابی خۆی تەنها 61 جونەهیی جێهێشت و قاسمیش تەنها مووچەی مانگانەکەی کە لە چەند دینارێك زیاتر نەبوو لە گیرفانیدا بە وراسە مایەوە بۆ کەس و کارەکەی.

بە بۆنەی ڕووخانی ڕژێمەکەی قاسمەوە, تورکمانەکان بە چەندین جۆر خۆشیی و شادی خۆیان دەربڕی, لە ئازاری 1963دا لە دوای یەك مانگ لە  کودەتاکە گەورەترین کۆبوونەوە و ڕێپێوانیان ئەنجامدا, ئەمەش  لە لایەك بۆ دەربڕینی خۆشیی و شادی خۆیان بە ڕووخانی قاسم و لە لایەکی تر بۆ پاڵپشتی کودەتاچییەکانی بەعس و قەومییە موتەتەریفەکان.

لە دوای چەند مانگێك تورکمانەکان بەمەبەستی کۆکردنەوەی بەرهەمی ئەو پێشوازییەی کە لە کودەتاچییەکان کردیان وەفدێکیان سەردانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕشیان لە بەغداد ئەنجامدا و داوایان لە حکومەتی نوێ کرد کە کە هاوبەشیان بکەنەوە لە دەسەلات, ئەگەر بە تەنها یەك وەزارەتیش بێت و ئەو وەزارەتەش وەزاەتی ئاوەڕۆ  و تەندروستی بێت.

لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا توێژ  و کەسایەتییە تورکمانەکان  چەندین چالاکیی  و جموجوڵیان دەستپێکرد, لەوانە کۆمەڵێ خوێندکاری تورکمانی بەرەی  نیشتیمانی  و ڕێکخراوی خوێندکارانی عەرەبی, بەڵام ئەم داوایانەی تورکمان جێگای ئیستفیزازکردنی دەسەلاتی نوێ بوو, بەڵام نەیاندەویست ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا ناڕەزایی خۆیان  دەربڕن.

هاوپەیمانی نێوان بەعسییەکان و عارفییەکان و لایەنگرانی جەمال عەبدلناسر هاوپەیمانێکی ئیسراتیژی نەبوو, بەڵکو هاوپەیمانێتیەکی تەکنیکی کاتی بوو, هەر لایەنێك لەوانە لە سێبەری ئەو هاوپەیمانیەدا دەیویست ئەویتر لەناوبەرێت و بە تەنها لەسەر کورسی دەسەلات دانیشێت.

لە لایەن بەعسییەکانەوە شێوازی کارکردنیان  زیاد لەوەی جەماوەری بێت بە ڕێگای کوشتن و ئینقلابات دەستیپێکرد, هەرئەوکات ملیشیایەکی چەکداریان دروستکرد بە ناوی (الحرس القومی) ئەم چەکدارانە لەوپەڕی دڕندایەتی و خوێنمژیندا بوون و هەر لە سەرەتای دروستبوونییانەوە بوون بە دووباڵ, باڵی نهێنی و باڵی ئاشکرا, ئەم سیاسەتە تا دواهەناسەی ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عیراقدا کاری لەسەر دەکرد, بەشێوەیەکی گشتی کاری ئەم ملیشایانە بە هەردووباڵەکەیەوە بە ئاشکرا و بەنهێنی لە ژێر چەتری بەرگری  لە نیشتیمان و ئومەی عەرەبی, کوشتن و لە سێدارەدانی خەڵك, سەرەتا بەعسییەکان  بە کوشتن و لە سێدارەدانی شیوعییەکان و لایەنگرانی قاسم دەستیان پێکردو دواتر کەوتنە کوشت و بڕکردنی کورد و هەموو ئەوانەی کە خۆشیان بە چارەی ڕژێمی نوێدا نەدەهات.

لە پاڵ ئەمەشدا بەعسییەکان سیاسەتێکی تریان پەیڕەوکرد بۆ سەرکوتکردنی نەیاران و گەلانی عیراق و دوای کوشتوبڕکردنیان دەکەوتنە موسادەرەکردنی ماڵ و موڵکیان,  ئەم کردەوانەی بەعسییەکان بیانوویەکی دا بە دەستەوە بۆ ئەوەی عارف و هەوادارانی بە پاڵپشتی ناسرییەکان کە بە بەرەی نەتەوەیی (الجبهه القومیه) ناسرابوون بکەونە لێدانی بەعسییەکان.

لە 18 نۆڤەمبەری  1963 عبدالسلام عارف بڕیاریدا بەبەندکردنی بەعسییەکان و هەوادارانیان تا ئەحمەد حەسەن بەکریشی کردە بەندیخانەی سەربازییەوە.

له 20 نۆڤەمبەری 1963 حکومەتێکی نوێی دامەزراند و کۆمەڵێ لە ئەفسەرە بەعسییە میانڕەوەکانیشی گرتەخۆی لەگەڵ ناسرییەکان و بێلایەنەکاندا.

عبدالسلام بۆ ماوەی نۆ مانگ لەسەر کورسی دەسەڵات مایەوە, مێژووی ئیستراتیژی بیرکردنەوەی عارف دەگەڕایەوە بۆ سەرەتای کودەتاکەی 14 تەمووزی ئەوکاتە لەگەڵ قاسمدا بە شەریکیی دەسەڵاتیان گرتەدەست.

عارف هەر لە سەرەتاوە ئەو گەمەیەی دەستپێکرد کە لەسەر بنەمای ویستەکانی خۆیی و تەماعەکانی بۆ دەسەڵات کاربکات, ئەوکات لەپشت قاسمەوە موبادەرەی یەکگرتنی لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا کردبوو, لە 18ی تەمووزی 1958 ئەوکات چاوی بەناسر دەکەویٚ و باسی مەوقفی خۆی بۆ دەکات بەڵام ناسر پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەم موبادەرەیەی دواخات  تا ئەرزیەتی بۆ دەخوڵقێنێ ,لە سەر رۆشنیای و رێنماییەکانی ناسر, عارف دوای گەڕاندنەوەی بۆ بەغداد لێدوانێك دەدات و باس  لە پەیوەندی نێوان کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و عیراق دەکات و دەڵێ...." ئەم یەکگرتنە لەسەر بنەمای یەك ئامانجیی و یەکێتیی گەلە " (32) بەڵام عارف لە سەرجەم  لێدوانەکانیدا هیچی لەسەر  یەکگرتنی عیراق و کۆماری یەکگرتووی عەرەبی ( میسر – سوریا) نەدەکرد, بەڵام جەولەیەکی بەسەرجەم پارێزگاکانی عیراقدا دەستپێکرد و لە هەموو لێدوانە جەماوەرییەکاندا خەڵکێکی زۆر هاوسۆزی رژێمی کۆماری بوون کۆدەبوونەوە و ئەمیش لە خوتبەکانیدا بە زۆری ناوی جەمال عبدالناسر و کۆماری یەکگرتووی  عەرەبی دەهێنا و وەك دۆستێك و پشتیوانێك باسی لێوەدەکرد  و ناوی ناسری دەبەست بە وشەی برا دڵسۆز و برای گەورە و رزگارکەری مەزن و پاڵەوانی رزگاری گەلی عەرەبی...هتد.

لە هەمانکاتدا عارف بۆ قایمکردنی جێپێی خۆی, وردە وردە لە بەعسییەکان نزیك دەبووەوە, ئەوکات بەعسییەکان هیچ سەنگێکی ئەوتۆیان نەبوو, بەڵام عارف نەیدەویست جگە لە قاسم و شیوعییەکان دژایەتی کەسی تربکات, هاوکات بە بارێکی تردا لەبەرئەوەی بەعسییەکانیش شیعاری رزگاری ئومەی عەرەبییان لە داگیرکەر و کۆمۆنیستەکان هەڵگرتبوو.بۆ عارف لە قاسم وشیوعییەکان نزیکتربوون.

ئەم سیاسەتەی عارف زۆر قاسمی ئیستفزازدەکرد, بەڵام قاسم نەیدەویست هیچ هەنگاوێکی لاوەکیی بۆ تەمێکردنی بنێ, بۆیە رێگای بۆخۆشکرد تا زیاتر  ویستە شاراوەکانی دەرکەوێت. لە 5ی ئابدا عارف بە نەغمەیەکی تر کە زۆر لە نەغمە کۆنەکەی فراوانتر و روونتر بوو بۆ داواکردن  لە یەکگرتنی لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە 17ی ئابدا بە سیفەیەکی زۆر روونتر و وردتر لە لێداوانەکانیدا ویستە شاراوەکانی خستەڕوو و بە ئاشگرا وتی... کۆماری عیراق بەشێکی دانەبڕاوە لە نەتەوەی عەرەبی و نەتەوەی عەرەب یەك گەلە.

بەشێوەیەکی گشتی ژیانی سیاسی عارف بە سێ قۆناغی یەك لەدوای یەکدا تێپەڕی کە لە (18)ی تشرینی دوەمی ساڵی 1963ەوە دەستیپێکرد تا 13ی نیسانی 1966.

قۆناغی یەکەم,  قۆناغی دروستکردنی هاوپەیمانی و بەستنی رێکەوتنامەیەك بوو لە نێوان عارفییەکان  و بەعسییە سەربازییەکان و  ناسرییەکان. لەم قۆناغەدا تەکەتولی عارفییەکان بە سەرۆکایەتی  عبدالسلام عارف بوو, بەڵام بەعسییەکان بەسەرۆکایەتی ئەفسەری بەعسیی حەردان تکریتیی بوو, لەگەڵ چەند کەسێکی تر لەوانە تاهیر یەحیا و ئەحمەد حەسەن بەکر . ناسرییەکان بە فەرماندەیی زەعیم محمد مجید  و زعیم عبدالکریم فرحان بوو. ئەم سێ لایەنە لەسەر بنەمای ململانێی یەکتر دروستبوون, نەك تەواوکەری یەکتر, بۆیە هەریەکەیان بەردەوام لە هەوڵی لێدان و رووخانی ئەوانیتر دابوون.

قۆناغی دووەم, ئەم قۆناغە بە کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی بەعسییەکان لە حکومەت دەستپێکرد, عارف لە دوای لێدانی بەعسییەکان و گرتنی رابەرەکانیان رێگای بۆ ناسرییەکان خۆشکرد بە ئازادیی زیاتر هەڵسوکەوت بکەن و زۆر جێگاو پلەی گرنگ بگرنەدەست.

ئەمەش رێگای بۆ ناسرییەکان خۆشکرد کە خۆیان بۆلێدانی عارف ئامادە بکەن, بۆیە قۆناغی سێیەمی ژیانی عارف بە هەوڵی ناسرییەکان بەگرتنەدەستی دەسەڵات لەعیراقدا دەست پێدەکات.

لە 15ی ئەیلوولدا ناسرییەکان هەوڵی ئەنجامدانی کودەتایەك لە عارف دەدەن و ئەوە بە هەل وەردەگرن لە کودەتاکەیان کە عارف سەردانی لوتکەی عەرەبی (الدار البیضاء) دەکات, و بە تاڵییەك جێ دێڵێ, بەڵام عەقید سەعید (صلیبی) کە فەرماندەی هێزەکانی پاراستنی بەغداد بوو و هاوکات کەسێکی زۆر نزیك بوو لە عارف فریای دەکەوێ و شکست بەکودەتاکەیان دێنێ و لێدانێکی بەهێز لە ئەفسەرە باڵاکان و سەرەکییەکانی ناسرییەکان دەدات.

لە راستیدا ئەمە یەکێ لەو هۆکارانە بوو وای لە سەدام حسین کردبوو کە هیچ کات کورسی دەسەڵات و بەغداد بەجێنەهێڵێ, چونکە ئەم سیاسەتە باوبوو لە ئەنجامدانی کودەتا بەم شێوەیە, لە جارێکدا کە ئەحمەد حەسەن بەکر سەفەردەکات بۆ دەرەوەی وڵات, لەگەڕانەوەیدا سەدام دەیەوێ کودتای لێبکات, بۆیە رێگانادات بەو ئەفسەرانەی کە نزیکبوون لە ئەحمەد حەسن بەکرەوە بچنە پێشوازی, بەخۆیان بەسوپاکەیانەوە, لەوانە ئەفسەری باڵا سەعدون غیدان کە بەیەکێ لەنزیکترین ئەوکەسانە دادەنرێت کە پشتیوانی لە ئەحمەد حەسەن بەکر دەکرد, ئەحمە حەسەن بەکر کە دەگاتە فڕۆکەخانەی بەغداد و تەماشا دەکات ئەو ئەفسەرانە لە پێشوازیدا نیین, لە فڕۆکەکە دانابەزێ و داوادەکات بەئامادەبوونیان و دوای هاتنیان دێتەخوارێ, لەدوای کوشتنی لە لایەن سەدامەوە لە ساڵی 1979 سەدام سەعدون غەیدانیش دەرمانخوارد دەکات و دەیکوژێت.

ف12

گەڕانەوەی کورد بۆ شاخ

ساڵی 1963 سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ بوو لە ژیانی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد, لەم ساڵەدا سەربازگەی مەشقی پێشمەرگە لەئێران و ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی عیراق بەدەرکەوت, لەم کاتەدا دسەڵاتی عیراق رووی لە هاوپەیمانانی لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکان کرد بۆ دژایەتیکردنی کورد و کێشەی نەتەوایەتی نێوان کورد وعەرەب.

دەسەڵاتی عبدالسلام عارف رووبەڕووی چەندین گرفت و کێشە بووەوە و نەیدەتوانی بەرگەی ئەو هەموو نەیارانە بگرێت, بۆیە چاکترین رێگا بۆ رزگاربوون لەو قەیرانانە روویکردە وڵاتانی میسر و سوریا و بە موبادەرەیەك داوای یەککگرتنی لێکردن, لە ئەبریلی 1963دا ئەم پرۆژەیە لە لایەن هەر سێ وڵاتەوە بڕیاری لەسەردرا و سەرۆکەکانی هەرسێلا ئیمزایان لەسەرکرد.

لە 8ی نیسانی 1964دا تورکمانەکان لە رێگای (یانەی برایەتی تورکمان)ەوە راپۆرتێکییان دایە سەرۆك عارف و تێیدا باسیان لە داواکارییەکانی تورکمان کرد , بە تایبەتی بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسیی نیشتیمانی عیراق, راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە لە عیراقدا ژمارەی تورکمان بە (500) هەزار هاوڵاتی مەزەندە دەکرێت و دەڵێ... ناوچەی جێنیشینیان لە ماوەی نێوان ناوچەکانی کورد و عەرەبدایە.

هەروەها لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە دەڵێ.. بەڕێز سەرۆك, تورکمان لە عیراقدا هیچیان ناوێ جگە لە دانانان بە بوونیان وەك یەکێ لە نەتەوە سەرەکییەکانی عیراق, (33) بەڵام دەسەڵاتی عارف ئەم داواییەی تورکمان بە ناڕەوا دەزانێ و تورکمان بە ژمارەیەکی زۆرکەم لە قەڵەم دەدات, بۆ دەمکوتکردنی تورکمانەکان لە 29ی ئەبریلی 1964دا حکومەت دەستوورێکی کاتی رادەگەیەنێ و لە یەکێ لە بڕگەکانیدا بە روونی و بێ پێچ و پەنا دەڵێ... عیراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و ئامانجی یەکگرتنی تەواوی نەتەوەی عەرەبە.

لە 16 نیسانی 1966 لە دوای ئەوەی عبدالسلام بە رووداوی فڕۆکە بەشێوەیەکی تەمومژاوی دەکوژرێت, عبدالرحمن عارفی برای دوای مشتومڕێکی زۆر دەچێتە جێگایی و بەردەوام دەبێت لەسەر هەمان رێبازی ئەو, بەڵام عبدالرحمن عارف لەسەر ئەوەی پیاوێکی لاواز دەبێت لە دەسەڵات و سیاسەت, بۆیە دەبێتە جێگای گاڵتەجاڕی سیاسەتمەداران و فەرماندە سەربازییەکان.

لە ئایاری ساڵی 1966دا جارێکی تر تورکمانەکان لە رێگای وەفدێکیانەوە خۆیان دەگەیەننە سەرۆکی نوێ لە کۆشکی کۆماری لەپاڵ پیرۆزبایی بەگرتنەدەستی دەسەڵات و دەربڕینی وەلائی خۆیان بۆ سەرۆك و حکومەتی نوێ, داوای دانانی حکومەت بە مافە رۆشنبیرییەکانی تورکمان دەکەن, بەڵام سەرۆکی نوێش هیچ سەنگێك بۆ ئەم داوایانەی تورکمانەکان دانانێت و وەڵامیشیان ناداتەوە.

سەردەمی دوای قاسم بارودۆخەکە زۆر بە خراپیی بەسەر تورکمانەکاندا شکایەوە, لە سەردەمی هەردوو عارفدا بارودۆخی تورکمان هەندێك هێمنی بەرچاوی بە خۆوە بینیی, بەڵام تورکمانەکان نەیانتوانی هیچ دەسکەوتێك لەم ماوەیەدا بۆ خۆیان بەدەستبێنن, بۆیە دواتر ئەم بارودۆخە زۆر بەخراپی بەسەر تورکماندا شکایەوە.

لە سەردەمی بەعسدا ژمارەیەك لە ئەفسەری تورکمان بە شێوەیەکی فعلیی بەشداری کودەتاکەی بەعسیان کرد لە هەمانکاتدا لایەنی مەدەنی تورکمانیش لە رێگای رێپێوان و رێکخستنی حەفلە و شایی پشتیوانی خۆیان بۆ بەعسییەکان خستەڕوو, تورکمانەکان لە شاری کەرکوك رێپێوانێکی زۆر فراوانیان ئەنجامدا و تێیدا جگە لە ستایشی بەعسییەکان دژایەتی خۆیان بۆ کوردیش دەربڕی و شاندێکیان بە قەبارەی زیاتر لە (2000)کەس پێکهێنا و هەناردەی بەغدادیان کرد بۆ بەشداریکردن لە رێپێوان و پشتگیری کودەتاکە, ئەمە لە دوای یەك مانگ لە ئەنجامدانی کودەتاکە, بەڵام هەموو ئەمانە هیچ سوودێکیان بۆ تورکمان نەبوو, بگرە رۆژ بە رۆژ بارودۆخی تورکمان وەك سەرجەم گەلانی تری عیراق رووە و خراپتر دەڕۆیشت و بەعسییەکان زیاتر سیمای خوێناوی دڕندانەیان دەردەکەوت.

لەگەڵ ئەوەی رژێمەکەی عارف نیەتی بەرامبەر بە کورد باش نەبوو, بەڵام نەیدەویست هەر لەسەرەتاوە شەڕی کورد بکات, بۆیە سیاسیەتی دواخستنی چارەسەکردنی کێشەی کوردی بەرپاکرد, ئەمەش سیاسەتێکی زۆر ئاشکرای رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقە, هەر لە سەرەتای دامەزراندنی عیراقەوە, بەردەوام هەرکەسێك هاتبێتە سەر کورسی دەسەڵات, سەرەتا کۆمەڵێ پەیمان و گفتی بە کورد داوە, تا جێگەی خۆی قایمکردووە و سوپا و دەزگا ئەمنییەکانی دروستکردووەتەوە و دواتر کەوتووەتە لێدان و کوشتوبڕکردنی کورد, سیاسەتمەدارانی کوردیش زۆر بەساویلکەیی ئەم موئامەرانەیان بەسەردا تێپەڕیوە و لە کۆتاییدا هیچی بۆنەماوەتەوە و رایکردووەتەوە شاخ و شۆڕشی پارتیزانی دەستپێکردووەتەوە.

عبدالسلام عارف لەیەکەم بەیانی کودەتاکەیدا ئاماژە بە یەکێتی گەلانی عیراق و برایەتی کورد و عەرەب دەکات, بە شێوەیەك کە لە بەرژەوەندی هەردوو نەتەوەدا بێت, عارف وەك سەرجەم سەرکردە عەرەبە شۆڤێنییەکانی تر پەیمانەکانی لەسەرەتاوە بە تەمومژاوی خستەڕوو, بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامی پەیامەکەی عارفی دایەوە و بە ڕەزامەندی و نامەیەکی پشتگیری بۆ ئەنجومەنی سەکردایەتی کوتادەی نوێ ناردو و تیایدا ئاماژەی بەوەکرد کە گەلی کورد چاوەڕوانی فەرمانڕەوا و سەرکردە نوێکانی عیراقە کە هێڵەکانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی دیاریبکەن.

لە ڕۆژی دواتریش بە شێوەیەکی فعلیی وەك دەربڕینی نیەتپاکیی کورد و وەستانی شەڕی لەسەرجەم بەرەکاندا ڕاگەیاندو و لە 19 فبرایەری 1963دا تاڵەبانی وەك نوێنەری تایبەتی بارزانی گەیشتە بەغداد بە مەبەستی ئەنجامدانی دانوستانی ئاشتبوونەوە . هاوکات ئەوەی کە حکومەتی نوێ دەبێ بە شێوەیەکی روون وبێ پێچ و پەنا ئەنجامی بدات داننان بوو بەمافەکانی کورد و بەخشینی ئۆتۆنۆمی و دوا وادەش بۆ ئەمە یەکی مارسی 1963 دیاریکرا, حکومەتی ناوەندی ئەوکات بەشێوەیەکی مەبدەئی لەسەر ئەم داواییەی کورد ڕازیبوو و دەستبەجێ حکومەت پرۆژەیەکی ئامادەکرد کە تێیدا عیراق دەکات بەشەش پارێزگاوە, کەیەکێکیان پارێزگای سلێمانی بوو لە ولایەتەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك پێکهاتبوو, ئەمەش بە واتای ئەوەدەهات کە حکومەتی نوێش کەرکوکی لە ناوچەی کوردی دەرهێنابوو, بۆیە بارزانی پرۆژەکەی زۆر بە توندی ڕەتکردەوە و سێ داوای سەرەکی خستە بەردەم حکومەت, وەك مەرجی ئاشتی و پێکەوە ژیان:

1. دامەزراندنی سوپایەکی کوردی کە جێگای یەکەکانی پۆلیس و سوپای عیراقی لە کوردستان بگرێتەوە.
2. دیاریکردنی بڕێك لە داهاتی نەوت بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردی.
3. ناوچەی کوردستان دەبێت هەردوو لیوای موسڵ و کەرکوك بگرێتە خۆی.

ئەم داوایانەی بارزانی لای دەسەڵاتی عیراق قبوڵ نەبوو, هاوکات نەشیاندەویست لەوکاتەدا کە ئەوان لە لاوازیدا بوون شەڕی کورد بکەن, بۆیە دانوستانیان دواخست تا ئاکامی دانوستانی یەکگرتنەوەی عەرەبی لە نێوان عیراق و میسر و سوریا دەردەکەوێ.

لە 18 ی ئبریلی 1963دا حکومەتی عیراقی لە لایەك بەمەبەستی زیاتر دواخستنی چارەسەری کێشەی کورد و لە لایەکی تر بۆ شەریککردنەوەی وڵاتە عەرەبییەکان لە ڕووبەڕبوونەوەی کوردەکان, ڕێگای دا بە شاندێکی کوردی بەسەرۆکایەتی مام جەلال سەفەربکەن بۆ وڵاتانی میسر و لەوێ گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ جمال عبدالناصر و سەرکردەکانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بکەن, بەڵام ناسر هیچ پەیمانێکی بە کورد نەدا و وەفدەکە گەڕایەوە, بۆیە لە یۆنیۆی ساڵی 1963دا دانوستانەکان شکستی هێنا و شەڕ دەستی پێکردەوە, لە ڕاستیدا ئەم شەڕە لە بەرژەوەندی میسر وسوریادا بوو, کە بەردەوام عیراقێکی لاوازیان پێباشتر بوو, وەك لە عیراقێکی ئارام و بەهێز, بۆ ئەوەی بتوانن سوود لە نەوت و داهاتی عیراق ببینن مەرج وسیاسەتەکانی خۆیانی بەسەریدا بسەپێنن..

بەدەستپێکردنەوەی شەڕ حکومەتی عیراق چەند ڕێوشوێنێکی گرتەبەر, لەوانە چەکدارکردنی عەشیرەتە کوردەکانی نەیار لەگەڵ بارزانیدا, لەوانە زێبارییەکان هێزێکی نانیزامیان لێدروستکرا, بە مەبەستی لێدانی شۆڕشی کورد, ئەمە جگە لە دامەزراندنی هێزی فورسانی سەلاحەیدن و هێزی فورسانی (خالد بن ولید) لە هەندێ عەشیرەتی عەرەبی لەدەوروبەری موسڵ و ڕاهێنانیان و چەکدارکردنیان بە شێوەیەکی باش بۆ لێدانی کورد.

بۆ پاڵپشتی حکومەتی عیراق و زیاتر خۆشکردنی ئاگری شەڕ, سوریا هێزێکی سەربازی گەورەی نارد بۆ هاوکاری سوپای عیراق لە لێدانی شۆڕشی کورد, بەڵام دوای ئەوەی کە دەرکەوت عیراق توانای لەناوبردنی شۆڕشی کوردی نییە و ئەم شەڕە عیراق و عەرەبەکان تووشی زیاتر نەهامەتی و وێرانکاریی دەبات, لە فبرایەری 1964دا جمال عبدالناصر هاتە کێشەکەوە و شەڕی راگرت و چەند دانیشتنێك لە نێوان کورد ودەسەڵاتی عیراقدا ئەنجامدرا و دواتر بەندکراوەکان ئاڵوگۆڕکران و گوشار لەسەر کوردستان هەڵگیرا و ئیداراتی حکومەتی عیراق گەڕانەوە ناوچە کوردییەکان و نەخشەیەکیش بۆ سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دانرا, ئەم هودنەیە بۆماوەی بیست مانگ ئاشتی لە عیراق و کوردستان بەرقەرارکرد.

بەڵام جارێکی تر لە کۆتایی 1965دا دانوستانەکان بە هۆی خۆ دزینەوەی حکومەتی عیراقی لە جێبەجێکردنی پەیمانەکانی شکستی هێنا و گەیشتە بەربەست, بۆیە لە ساڵی 1966 جارێکی تر شەڕ لە کوردستان دەستی پێکردەوە و ئەم شەڕە بەردەوام بوو تا 29ی یونیۆی 1966, لەدوای بەیانەکەی عبدالرحمن بەزاز سەرۆکی حکومەتی ئەوکاتە ئامادەی خۆی راگەیاند بە جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو بڕیارانەی کە لە دەستووردا هاتووە.

ئەوکات کورد نەك هەر دەیویست لەگەڵ حکومەتی عیراقیدا بە ئاشتی بژێت, بەڵکو مەبەستی بوو سەرجەم ساردی و ناکۆکییەکانی کە لە سەردەمی پێشوودا بە دەستی بێگانە و دوژمنانی کورد و تورکمان کەوتبووە نێوان هەر دوولایەنەوە چارەسەرکات, پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەری کورد بوو, لە رێگای ئەمەوە کوردەکان چەندین موبادەرەیان بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ تورکماندا خستەڕوو, کورد بەوەی کە زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانی کەرکوك و ناوچەکانی تری کوردستان پێك دێنێت, بەردەوام مەبەستی بووە ئاشتی لەم ناوچە سەقامگیر بێت, بۆیە زۆرجاریش نەك هەر دەستپێشخەر بووە بۆ ئاشتی, بگرە لێبووردنی خۆی لەوانەی کە زیانیان پێبەخشیوە و دژایەتیان کردووە راگەیاندووە و لە زۆر زوڵم و ناهەقی چاوپۆشی کردووە, ئەمەش لە پێناو دوورخستنەوەی شەڕ و نائارامیی و ماڵوێرانیی لە کوردستانەوە, بەڵام لایەنەکانی تر کە ئەم ناوچەیەیان بە وڵاتی خۆیان نەزانیوە, بەردەوام هەوڵی تێکدانی پەیوەندییەکان و بەرپاکردنی شەڕ و پشێوی و نائارامیان داوە.

لەوکاتەدا چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی بەسەرۆکایەتی شەهید ساڵح یوسفی هەوڵی هێوەرکردنەوە و چاککردنی پەیوەندی نێوان کورد و تورکمانیان دا, بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندییان بە چەندین کەسایەتی ناوداری تورکمانەوە کرد, لە وەڵامدانەوەدا تورکمانەکان بوون بەدوو بەشەوە, پیاوانی بەتەمەن و خاوەن ئەزموون تێڕوانینەکانیان ئیجابی بوو و داوایان لە خەڵك دەکرد کە پابەندی ئاشتی پێکەوە ژیان بن, لەگەڵ کوردەکاندا و ئەو راستیانەیان دەخستەڕوو کە ئێمە دوو گەلی چەوساوە و زوڵم لێکراوین لەعیراقدا و مێژوویەکی دوروو درێژی پێکەوە ژیانمان هەیە, بەڵام بەشێك لە لاوەکانی تورکمان تەنها گوێیان لە دەسەڵاتدارانی تورکیا دەگرت و لە بازنەی بەرژوەندییەکانی تورکیادا کاریاندەکرد, نەك لە بازنەی بەرژوەندییەکانی تورکمانی عیراقدا کە زۆربەیان نیشتەجێی کوردستانن.

هەندێك لە تورکمانەکان هۆکاری ئەو شکستە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە کورد ئەوکات و ئێستا داوای سەربەخۆیی نەکردووە و ئەوان باوەڕیان نییە کە کورد بتوانێ پارێزگاریان لێبکات.

ف13/

## رەشترین رۆژی عێراقیەکان

له 17-30 تەمووزی ساڵی 1968 بەعسییەکان توانیان بە دوو کوودەتای یەك لەدوای یەك کۆتایی بە تەواوی دەسەڵاتی عارفییەکان بێنن و بە تەنها بێنە سەر کورسی دەسەڵاتی عیراق.

حزبی بەعس هەر لە سەرەتاوە چەمکی رزگاری نەتەوایەتی کردبووە ناونیشانی بەرهەڵستکاری بۆ رژێمەکەی قاسم و هەر لە رۆژانی یەکەمەوە زیاتر نزیك بوو لە عبدالسلام عارف کە کەسایەتی دووەمی کودەتاکەی قاسم بوو, سیاسەتەکانی بەعس بۆ پشتگیری لە عارف بە مەبەستی دژایەتکردنی قاسم بوو, بەڵام عبدالکریم قاسم وەك حیزبێکی بچووك دەیبینی و پێیوابوو بەعس هیچ وابەستەیەکی نییە لەگەڵ کەلتووری نیشتمانی و گەلی عیراق, بۆیە هیچ سەنگێکی بۆیان دانەناو بۆ رووبەڕووبوونەوەی هێزی گەشەکردنی حزبی شیوعیی بەکاری دەهێنا.

بەعسییەکان هەژاریی خەڵك و سۆزی خەڵکیان ئیستغلالکرد و لە دژی عبدالکریم قاسم بەکاریان دەهێنا, دەرهێنانی یاسای (اصلاح الزراعی) وای لەدەرەبەگەکان کرد کە هەموویان لەدژی قاسم بچەنە پاڵ بەعسییەکان, لەراستیدا بەعسییەکان هیچ بیروباوەڕێکی رونیان نەبوو جگە لە کۆمەڵێ شیعاری دژبەیەك و ناکۆك نەبێت, ئەوان لەپەیامەکانیاندا لەوپەڕی چەپەوەبۆ ئەوپەڕی راستیان کۆدەکردەوە.

بەعسییەکان ببوون بەمەنجەڵێکی گەورە و سەرجەم بیر و ئایدیاکانیان لە خۆیان ئاڵاندبوو و تێکەڵەیەك لە جیاوازترین گوتارەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری...هتدیان لێکگرێدابوو, چونکە لە راستیدا بەعس نەك لەدواتەمەنیدا بگرە لەسەرەتای دروستبوونییەوە تا روخانی لە عێراق تەنها بەرگ و دیکۆر بووە و هیچ ناوەرۆك و ئامانجێکی نەبووە, جگە لە بەرژەوەندی چەند کەسێك و گرووپێکی مافیا نەبێت, ئەم سیاسەتەی بەعس لەبەر ئەوە بوو بەعسییەکان لە هەموو عیراقدا کەمینە بوون نەیان دەتوانی پێویستیەکانی کوشتن و برین و تەعزیب و لێدانی هێزەکانی حزبی شیوعی و هەوادارانی قاسم بکەن, بۆیە بەمەبەستی بەهێزکردنی خۆیان ئەم تێکەڵەیان دروستکرد تا هەموو نەیارەکانی قاسم و شیوعییەکان بگرنە خۆیان.

بۆ ئەم مەبەستەش وەك ئەوەی حەسەن عەلەوی باسی لێوەدەکات, بەعسییەکان کۆمەڵێ زمان و گوتاری جیاواز و ناکۆکیان بەکارهێنا بۆ فریودانی خەڵك, ئەمانە هەر لە سەرەتاوە خەڵکیان کرد بە چەند توێژێکەوە و هەر یەکێك لەوانەش گوتاری تایبەتیان بۆ دادەنا, لەوانە:

1. گوتاری ئاینی: بەم گوتارە بەعسییەکان بەرگی ئیسلامەتیی و خواپەرستیان لەبەرکردو عەقیدەی زۆرینەی خەڵکیان ئیستغلالکرد بۆ دژایەتیکردنی شیوعییەکان, ئەم گوتارەی بەعسییەکان هەر لە بنەماوە لەوێوە گاڵتەجاڕی بوو بە خەڵك کە لە لایەن کەسێکەوە ئایدیای بەعس دانرابوو, خۆی نەك هەر هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامەوە نەبوو, بەڵکو ئەو کەسە میشیل عەفلەق بووکە پیاوێکی جولەکەی دژ بە عەرەب بوو, خودی خۆی پیاوێکی دژ بە ئیسلامیش بوو, تەنانەت تا لە ژیانیشدا مابووبەعسییەکان نەیانتوانی هیچ قسەیەکی بەدەمەوە بکەن, بەڵام دوای مردنی دەیانوت عەفلەق بووە بەئیسلام.
2. گوتاری چینایەتی: لەم گوتارەدا بەعسییەکان بە روونی دووڕوویان هەبوو, لە لایەك بە هەڵگری بیری سۆسیالیستی سۆزی کرێکاران و جووتیاران و هەژارانیان بۆ لای خۆیان رادەکێشا, ئەمەش بۆ ئەوان چارەسەرێکی مام ناوەندی بوو لە نێوان بەرژەوەندییەکانیان و بیرو باوەڕی بە ئیسلامی بوونیان, بەعسییەکان ئەم بیرۆکەیەیان لە

جەمال عبدالناصرەوە وەرگرتبوو لە هەمانکاتدا بە رووبەکی تردا بەعسییەکان دژایەتی شیوعیەتی خۆیان ئاشکراکرد بۆ دڵنەوایی دانەوەی بۆرجوازییەکان و کەسانی خاوەن باوەڕ سۆسیالیستی بەعسیان بە شێوازێکی تایبەت دەخستەڕوو کە زۆر جیاوازە لە سۆشیالیزمی کۆمۆنیستەکان, سۆشیالیستێکی شێوەییان داڕشتبوو کە تەنها بنەمای سۆسیالیستی نەبێت هەمووشتێکی تیابوو.

3. گوتاری نەتەوایەتی: گوتاری نەتەوایەتی بەعسییەکان ئەوەندە گەورە و فراوانبوو دەچووە بازنەی خەیاڵەوە, بەڵام ئەمان بەباشی سۆز و بیری گەلی عەرەبی و پێویستییەکانیان خوێندەوە, بۆیە قسەیان لەسەر یەکێتی ئومەی عەرەبی و دەوڵەتی عەرەبی یەکگرتوو...هتد دەکرد, بەمە بەعسییەکان نەک هەر گەلی عەرەبی عیراقیان بە فریودابوو, بگرە یاریان بە سۆز و عەقڵی سەرجەم گەلانی عەرەبیش دەکرد, لەم بازنەیەدا بەعسییەکان لە نێوان ساڵی 1955 – 1961 کە سەرەتای دروستبوونیان بوو, خۆیان لە سێبەری جمال عبدالناسردا حەشاردا بوو و سۆزی جەماوەری ناسرییەکانیان بۆ خۆیان رادەکێشا.

4. گوتاری علمانی, بەعسییەکان بۆ فریودانی لاوان کە بزووێنەر و وزەی هەموو گۆڕان و پێشکەوتنەکان بوون و زۆرینەی هێزە زیندووەکانی گەلیان پێکدەهێنا, بە چەندین رێگا کاریان بۆ راکێشانیان دەکرد, گوتاری عیلمانی و تەئکید کردنەوە لەسەر تازەگەری و گۆڕان و کرانەوە و دژایەتیکردنی بەهای کۆن و بانگەشە بۆ ئازادیی و مافی ژنان و یەکسانی و جیاوازیی نەکردن لە نێوان گەلان و ئاین و تایەفەکاندا, ئامرازی سەرەکی پاوەنکردنی لاوان بوو لای بەعسیەکان, ئەمە جگە لە شێوازی رێکخستنی حیزبی, کە لای بەعسییەکان تەماعێکی دیاربوو بۆ لاوان, لە سیاسەتەکانی بەعسدا حزب پلەی سەرکردایەتی لە هەموو جێگا و شوێنێکدا پێشکەش دەکرد, تۆ لە هەر کوێیەکدا بوویت, گەر قوتابی بیت, یان کرێکار, یان جووتیار, یان شۆفێری ئۆتۆمبیل, تۆ دەتوانیت ببیت بە سەرکردەی گروپێك و خۆت خاوەنی هەموو بڕیار و رێنماییەك بیت بەمەرجێ لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژوەندییەکانی سەرانی بەعس و حیزبەکەیان دەرنەچێت, کەسێك کە دەبوو بە بەعسیی, بە چەند مانگێك و بەچەند خولێك کە رادەهێنرا لەسەر رەوشتەکانی بەعس دواتر دەبوو بە (نصیر), بە واتا سەرکردەی کۆمەڵێکی دیار, دواتر بە زیاتر تێکەڵبوون بە بەعسیی و دەربڕینی زیاتری وەلائی خۆی هەڵگرتنی رەوشت و بیروباوەڕیان لە ماوەیەکی کورتی تردا دەبێتە سەرۆکی (انصار), ئەمەش بە بارێکی تر خۆی دەبێتە ئەندامی فیرقە تا دەگەیتە ئەندامی (شعبە) بە واتا سەرۆکی (فرقە) و دواتر ئەندامی فرع و بەواتا سەرۆکی (شعبە) و ...هتد

لەحزبەکەی عەفلەقدا تۆ بەردەوام لە سەرکردایەتیدا دەبوویت و بەردەوام لەو ئارەزوو و تینوویەتیەی سەرکردایەتی کە نەخۆشیەکەی مودمنی گەلانی رۆژهەڵاتە تێر دەبووی, هاوکات تۆ لەم رێکخراوەدا جگە لە پلە و ناوەکەت هیچ ئازادیی و بۆچوون و رایەکی خۆت نەبوو.

بەعسییەکان بۆ زامنکردنی سەرکەوتن و بەردەوام بوونیان لە دەسەلات و حوکمی عیراق ببوون بە بەشێك لە دەزگا سیخوڕییەکانی داگیرکەران و هەموو ویست و ئارەزووەکانیان جێبەجێ دەکردن و بەرژوەندییەکانیان دەپاراست, پێش ساڵی 1972 لە عێراقدا تەنها چەند کۆمپانیایەکی بیانی کاریان دەکرد, بەڵام دوای بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوت و بە ناو

دەرکردنی کۆمپانیا بیانییەکان ژمارەی ئەو کۆمپانیا بیانیانە لە ساڵی 1980 گەیشتە زیاتر لە 350 کۆمپانیا و دواتریش لە دوای یەك ساڵ گەیشتە 1050 کۆمپانیا.(*)

لە راستیدا ئەوە زۆر ئاشکرایە کە بەعسییەکان و خودی سەدام حوسین خۆیان چۆن دروستکران لە لایەن داگیرکەران و دوژمنانی عیراقەوە بۆ کۆتایی هێنان و یەکلایکردنەوەی ئەم راستیەش تەنها و وتەکەی ساڵح سەعدی زەعیمی حیزب و بەشدار لە بزوتنەوەی شوبات و جێگری سەرۆك وەزیرانی ئەوکات کە دەڵێ... (اننا جئنا الی السلطة بقطار امیرکي). هەموو نهێنیەکان ئاشکرا دەکات.

بەعسییەکان بە قایمکردنی جێ پێی خۆیان بە کوشت و بڕی شیوعییەکان و هەوادارانی قاسم و راوەدوونانی نەیارەکانیانەوە نەوەستان, بەڵکو زۆر دڕاندانە کەوتنە ویزەی کورد و گەلانی عیراق, بەمەش کێشەی کورد چووە قۆناغێکی نوێوەو شۆڕشی رزگاری نیشتیمانی بە هۆی ئەو زوڵم و زۆر و کوشتن و بڕین و راوەدوونانەی خەڵکی بێ دیفاعی کورد ژمارەیکی زۆر لە هاوڵاتیانی لە کاسب و خوێندکار و فەرمانبەر و...هتد روویانکردە شاخەکانی کوردستان و پەیوەندییان کرد بە شۆڕشەوە و بەعسیش زۆر دڕندانەتر کەوتە وێزەی ئەوانەی لە شارەکاندا مابوونەوە,لێرەوە قۆناغی دووەمی تەعریب دەستپێیکرد, شاڵاوی تەعریب و تەبعیس و تەرحیل لە دوای 17ی تەمووزی ساڵی 1968دا زۆر رێکتر و بە بەرنامە تر و فراوانتر بوو لە پێشوو, ئەم سیاسەتەش لە شاری کەرکودا کە خاڵی ناکۆکی نێوان کورد و عەرەب بوو لە هەموو جێگایەك زیاتر چڕ ببووەوە.

سیاسەتی ترساندن و کوشتن و راگواستن لە کەرکودا گەیشتە ئاستێك سنوورەکانی هەموو عەقڵ و ویژدانێکی مرۆڤی بڕیبوو, بە شێوەیەك زۆر لەو زوڵمە گەورەتربوو کە پێشتر دەسەڵاتی عەرەبی لە عیراقدا لە جوولەکەکانی کردوو ودوای دەرکردن و راوەدوونانیان ماڵ و سەروەتەکانیشیان داگیردەکرد و بە تاڵان دەیانبرد, (ن.ج) کە پیاوێکی بە تەمەنی کوردە, دەگێڕێتەوە و دەڵێ... ئەوکات کە جوولەکەکان لە کەرکوك رایاندەکرد لە دەست زوڵم و زۆری عەرەبە موتەتەریفەکان, بە ئێمەیان دەوت... قوڕتان بەسەر ئێمە دەڕۆین ژن و منداڵەکانمان دەبەین, بەڵام ئێوە بێ پێن و خاوەنی نەك سەروەت و سامان نین, بەڵکو نابنە خاوەن ژن و منداڵ و ناموسیش. لەم قۆناغەدا نەك هەر کورد بەڵکو تورکمانیش لە کەرکوکدا کەوتەبەر لێشاوی زوڵم و زۆری بەعسییەکان و ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی و بازرگان و پیاوە ناودارەکانی تورکمان لە 6ی کانونی دووەمی 1969 بۆ چاوشکاندنی تورکمان دەستگیرکران, ئەمەش بۆخۆی نامەیەکی زۆر روون وئاشکرا بوو بۆ بۆ ئەو کەسانەی کە باسی مافی نەتەوایەوتی کەمینە بکەن لە عیراقدا.

لە ساڵی 1970دا عیراق لە ژێر گوشاری نەتەوەیەکگرتووەکان و جیهاندا بۆ پاراستنی کەمینە نەتەوەییەکان بڕیاری 89ی راگەیاند و رێگای دا بە تورکمانەکان کە هەندێك مافی رۆشنبیری و خوێندن بە زمانی دایك (تورکمان) لەو ناوچانەی کە تێیدا جێگیرن دابین بکرێت, بەڵام دواتر بۆ هۆی کەمی خوێندکاری تورکمانەوە خوێندن بە زمانی تورکی شکستی هێنا.

لە 24/ی کانونی دووەمی 1971 یانەی برایەتی تورکمان لە کەرکوك حەفلەیەکیان سازکرد لە سینما (صلاح الدین) و سەرجەم بەرپرسە حیزبی و حکومییەکانیان دەعواتکرد, بۆ راکێشانی سۆزیان و هاوکات داوای ئەوەشیان لێکردن کە پاڵپشتیان بکرێت بۆ دامەزراندنی دەرچووانی لاوە تورکمانەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکان.

دەسەڵاتی عیراق و بەعسییەکان کە ئەو کات لەگەڵ کوردا لەشەڕدا بوون, بۆ وەدەرنانی کورد لە کەرکوك و زیاتر سەپاندنی سیاسەتی تەعریب, هەندێك روویان بەلای تورکماندا وەرگێرا و دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان ئەوانی تورکمان بوون لە فەرمانگە و کارگە و کۆمپانیای نەوت ...هتد لە کەرکوك دامەزران.

لە ساڵی 1975دوای ئەوەی سەدام رازی نابێت بە دانی مافە رەواکانی کورد و هاوکات ئەوەش دەزانیٚ کە ئێران پاڵپشتی چەك و رێگای وەرگرتنی یارمەتییە دەرەکییەکانی کوردە و هاوکات بە یارمەتی ئێران نەبێت ناتوانیٚ هێزی پێشمەرگەی کورد لە ناوبەرێت, بۆیە پەنا دەباتە بەر ئێران و لە بەرامبەر توانەوەی شۆڕشی کورد ناوچەی (شط العرب)ی پێدەبەخشێت.

کوردەکانیش لە شاخدا بە بیٚ کەس بە موئامەرەیەکی چەند لایەنە لە نێوان عیراق و ئێران و ئەمەریکادا, کە لە وڵاتی جەزائیر پلانی بۆ دادەنرێت دەرووخیٚ و وڵاتی عیراقیش عەفو عامێکی بۆ دەردەکات, لە ئاکامدا هەندێکیان دەگەڕێنەوە عیراق و هەندێکشیان روو لە ئێران دەکەن و لەویٚ مافی مانەوە وەردەگرن.

کوردەکان جارێکی تر دەبنەوە قوربانی بەرژەوندییە سیاسیی ئابوورییەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی ناوچەکە, لەمەر ئەم کارەساتە کیسنجەر دەڵیٚ... (اننا سوف نتخلى عن الاكراد, لكي يتمكن العراق ان يتفرغوا للسوريين, لان هؤلاء يرفضون الدخول في مفاوضات من اجل المرحلة الثانية لفض الاشتباك), هەروەها دەڵێت... (لقد كانت سياستنا غير اخلاقية ازاء الاكراد, فلا نحن ساعدناهم, فلا نحن تركناهم يحلون مشاكلهم بالمفاوضات مع الحكومة العراقية, لقد حرجناهم, ثم تخلينا عنهم).(33)

لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەنووسیدا کە ئەوکات لە پەراوێزی شکستهێنانی شۆڕشی کورد لە کیسنجەر دەکرێت, ئایا پەیوەندی نێوان سیاسەت وئەخلاق چییە؟ لە وەڵامدا کیسنجەر دەڵێت... دووشتی تەواو جیاوازن و هیچ پەیوەستییەك لە نێوانیاندا نییە, هەروەها دەڵیٚ... (فەرمانڕەوایی عاقڵ ئەوەیە کە وەفا نەزانێت لە بەرامبەر زیان لە بەرژەوەندی وڵاتەکەت), وە زۆرجاریش ئەو وتەییەی هیتلەری دەوتەوە کە دەڵیٚ... (من باوەڕم بە یاساکانی ئەخلاق نییە لە سیاسەتدا).

لە 25ی ئازاری ساڵی 1979دا, واتا چەند مانگێگ بەر لە هەڵگیرسانی شەڕی عیراق – ئێران, بە مەبەستی چاوشکاندنی کورد و تورکمان رژێمی بەعس کەوتە گرتن و لە سێدارەدانی دەیان کورد و چەندین کەسایەتی تورکمان, شاڵاوی گرتن و کوشتنی کورد بە بەرنامە و بیٚ بەرنامە لە ئسیراتیژیەتی بەعسدابوو, بەڵام وەك تورکمان بەعسییەکان کەوتنە دەستگیرکردنی چەند کەسێکی دیاریکراو لە تورکمان, ئەوانەی کە بۆنی تورکمانچێتیان لێدەهات, وەك (دکتۆر نجدت نورالدین قوجاغ) و عەمیدی خانەنشین (عبداللە عبدالرحمن), هەروەها دەستگیرکردنی (د. رضا الدیمرجی) و بازرگان (عادل شریف) . لە بەروای 16ی کانونی یەکەمی 1980 لە سێدارەدران, بەمەش تورکمان بە تەواوەتی لە رووی سیاسییەوە کۆتایهات.

بە هاتنەسەر حوکمی سەدام یانەی برایەتی تورکمان جارێکی تر دەکەوێتە بەر شاڵاوی پاکسازیی, سەرەتا بە لە سێدارەدانی سەرۆکی یانەکە و چەند ئەندامێکی دەست پێدەکات, تا دواتر یەکیٚ لە پیاوەکانی خۆی دەکاتە سەرۆکی یانەکە و هاوکات فەرعی موسڵیش دادەخات.

لە ماوەی دەسەڵاتی سەدامدا, کورد و تورکمان لە هەمووسەردەمەکان زیاتر زوڵم و دەربەدەریی و کوشتوبڕیان چەشت, کورد بە گشتی و بەشێوەیەکی زۆر فراوان رووبەڕووی سیاسەتی جینۆساید و کوشتنی بە کۆمەڵ بوەوە, بەڵام وەك تورکمانەکان لەبەر ئەوەی لە سیاسەت دوورکەوتنەوە و روویان کردە کاری بازرگانی, کەمتر رووبەڕووی زوڵم و لەناوچوون بوونەوە, لە هەمانکاتدا دەسەڵاتی سەدام و داروودەستەکەی بوونی تورکمانیان لە عیراقدا وەك هاووڵاتی رەتدەکردەوە.

بۆ نموونە لە یەکێ لە سەردانەکانیدا کاتێ تاریق عەزیز سەردانی تورکیا دەکات, بەمەبەستی تەتبیعی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و عیراق و هاوکات بەستنی چەند رێکەوتنامەیەك, بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان, یەکێ لە بەرپرسانی تورکیا باس لە بوونی تورکمان دەکات لە عیراق, عەزیز لە وەڵامدانەوەدا راستەوخۆ دێتە گۆو دەڵێ... تورکمان لە عیراقدا نییە, هەندێك خێزان هەن, بەڵام ئەوانە میوانن لای ئێمە و ئەگەر زۆر بیریان دەکەن, دەتوانین بۆتانی بنێرینەوە, بەرپرسە تورکەکان دەزانن بەرپرسانی بەعس ئەو قسەیەیان زۆر بە راستە, بۆیە بێدەنگ دەبن و ئەو باسە جارێکی تر لە نێوان تورکەکان و حکومەتی بەعسدا دروست نابێتەوە.

حزبی بەعس و سەدام, دوای ئەوەی بە موئامەرەیەکی نێودەوڵەتی حەرەکەی کوردی لە ناودەبات و تا ساڵی 1979 کۆتایی بە پاشماوەی حزبی شیوعیش لە دەسەڵاتدا دێنێت.

لە ساڵی 1980 سەدام ترسی لە جەنراڵە سەربازییەکانی خۆی دەبێت, بۆیە برەو بە سوپا و هێزە تایبەتەکانی کۆماری و پاسەوانی خۆیدەدات و کۆمەڵێ کەسی بێ مستەوا ونا رۆشنبیرو و بێتوانا لە خۆی کۆدەکاتەوە و هاوکات بۆ دوورخستنەوەی سوپا لە خۆی و موئامەرەکردن لێی, وەك ئەوەی مێژووی سیاسیی و سەربازیی عیراق و گەڕاندنەوەی ناوچەی شەتولعەرەب شەڕی دژ بە ئێران رادەگەیەنێت, ئەم شەڕە هەشت ساڵ دەخایەنێ, تا ئابووری عیراق بە تەواوەتی وشکدەکات.

سەدام ئەم شەڕەی بە پاڵپشتی ئەمەریکا و رۆژئاوا حەسم کرد, لەم ماوەیەدا بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دەتوانێ گەشەکردنێکی بەرچاو بە خۆیەوە ببینێ, بەڵام سەدام بە کۆتایی شەڕ, شاڵاوی جینۆساید لە دژی کورد دەستپێدەکات, لە دوای لێدانی کورد بەچەکی کیمیایی لە چەندین ناوچە و شاری کوردستان, لە دوای هەڵەبجەی شەهید شاڵاوی ئەنفال دەستپێدەکات و زیاتر لە 180 هەزار کورد لە ژن و منداڵ و پیاو زیندەبەچاڵ دەکات و 5000 هەزار گوند خاپوور دەکات و بەسەدان هەزار مەڕوماڵات و بە ملیۆن پەلەوەر لەناودەبات.

لێدانی هەڵەبجە و ئەنفال کوردی بە تەواوەتی لە پەل و پۆخست , شێوازی ئەم تاوانە لە مێژوودا نموونەی زۆر ئەستەمە, بەڵام لە روی سیاسیەوە کوردی بردە قۆناغێکی نوێوە, ئەم گۆڕانەش هاوشانی گۆڕانێکی زۆرمەزن بوو لەبازنەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا, هەروەها هاوشانی داڕمانی سیستمی دووجەمسەری و رووخاندنی بلۆکی رۆهەڵات بوو.

تاوانەکانی ئەنفال و جینۆسایدی کورد, زۆر لەوە بڵندتر و مەزنترە, کە هیچ پێنووسێك بتوانێ گوزراشتی لێبکات, بگرە بە دەیان رۆمان و چیرۆك و شیعر و شانۆ و وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری... هتد. سەردێڕی رووداوەکانی ناگێڕدرێتەوە.

سەدام حوسێن لەدوای ئەوەی ئەم تاوانەی  بۆ چووەسەر, چاوی بە تەواوەتی رەشبوو و خۆی لێبوو بە یەزدان و کەس نەبوو بتوانێ پێی بڵێ تۆ تاوانباری, بۆیە فێری شەڕ و خوێنڕشتن، و خواردن بوو, نەیدەتوانی بێشەڕ بژی.

هاوکات درکی بەوەشکردبوو کە هەوڵەکانی ئیغتیالکردنی لە ئاشتیدا لە  زیادبووندایە, بۆیە وابیری دەکردەوە بۆ ئەو شەڕ لە ئاشتی چاکترە و هاوکات ئەوەی شەڕ نەیتوانی ئەنجامی بدات بۆ رووخاندن و لەناوبردنی سەدام سوپا بە موئامەرە لە ئاشتیدا ئەنجامی دەدات, بۆیە هەر کە شەڕێك تەواودەبوو ئەو راستەوخۆ, بیری لەشەڕێکی تر دەکردەوە.

لە دوای کۆتایهاتنی شەڕی  عیراق – ئێران, سەدام بە مەبەستی دوورخستنەوەی ترسی سوپا لە خۆی کەوتە دوورخستنەوە و لەناودانی ئەفسەرە پلەدارەکان, ئەوانەی خاوەنی تێڕوانین و کەسایەتی تایبەتی خۆیان بوون و لە جێگایان چەندین کەسیی ناشیا و  فاشلی  دادەمەزراند,  بێ ئەوەی هیچ سیفاتێکی مرۆڤایەتی و رەوشتی ئەفسەریان تیادابێت, بەڵکو زۆربەی ئەوکەسانە خەڵکانی بێ ڕەوشت و نەفس نزم بوون و سەدام  بەکەیفی خۆی دەیتوانی هەڵیانسووڕێنێ و سەدام حوسین لەدوای شەڕ گەیشتە ئەوپەڕی غروریەت و بەرزترین پلەی سەربازی لە شانی خۆی ناو لە گرنگترین و هەستیارترین باس و خواستە زانستی و ئەکادیمیاکان , قسەی دەکرد و کەسیش نەیدەتوانی رەخنەی لێبگرێ, تا کار گەیشتە ئەو ئاستەی گاڵتەی بە بیر و عەقڵی خەڵکی عیراق دەکرد,  سەدام بۆ پتەوکردنی هێزی بەرگری لە خۆی بە دەیان کەسیی عەشیرەتەکەی و بنەماڵەکەی هێنایە پێشەوە و گرنگترین پۆستە هەسیتارەکانی عیراقی دایە دەستیان. نموونەیەك لەوانە عەلی حەسەن مەجید بوو, کە سەدام لە هەر کوێ هەستی بە ترسی بەرهەڵستکاری بۆ رژێمەکەی هەبوایە, عەلی حەسەن مەجیدی ناسراو بە (عەلی کیمیایی) بۆی دەنارد تا رەش و سپی ئەو جێگایە بسووتێنێ, لە دوای شەڕ سەدام بۆ لەناودانی شۆڕشی کورد فەرمانی بە سوپاکەی دا کە چەندین هێرش بکەنە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان, بەڵام  دوای ئەوە سوپا ناتوانێ ویستەکانی سەدام بە جێبگەیەنێ, بۆیە سەدام ,عەلی حەسەن مەجید دەنێرێتە کەرکوك و هەموو دەسەڵاتێکی دەداتێ و فەرمان دەدات بە جینۆسایدکردن و ئەنفالکردنی سەرجەم  گوندەکانی کوردستان, و دواتر لەچاڵەکانی باشوور لە گۆڕی بە کۆمەڵدا بە زیندوویی دەیانشارێتەوە.

یەکێ لەو ئەرکەسەرەکیانەی عەلی, نەهێشتنی کورد بوو لە کەرکوك, بۆیە وەك گورگ ئاسا ئەکەوێتە گیان خەڵکی هەژار و بێ دەسەڵاتی ئەوشارە, شەلم کوێرم ناپارێزم, چۆن بۆی بگونجێ لە کوشتن و تەعریب و راگواستن ئەنجامی دەدات, ئەم راستییە عەلی کیمیایی خۆشی دانی پێدادەنێت و بە دەسکەوتێکی گەورەی دەزانێ.

لە یەکێ لە کۆبوونەوەکاندا لەگەڵ بەرپرسانی حزبی بەعس و سوپا و ئەمندا  کە لە بەرواری 15ی نیسانی 1989 رووداوەکانی لەسەر کاسێتێك تۆمارکراوە و لە راپەڕینەکەی ساڵی 1991دا دەکەوێتە دەست کوردە راپەڕیوەکان, لەو کاسێتەدا بە راشکاوی دەڵێ... دەمەوێ قسە لەسەر دووخاڵ بکەم, یەکەم تەعریبە و دووەم ئەو ناوچە هاوبەشانەیە کە دەکەوێتە نێوان زەویە عەرەبیەکان و ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان. ئەو خاڵەی کە گرنگە بەلامەوە و دەمەوێ جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوە خاڵی کەرکوکە کاتێ کە من هاتم بۆ کەرکوك ژمارەی عەرەب وتورکمان پێکەوە 51٪ کۆی دانیشتوانی کەرکوکی رەتنەدەکرد, لەگەڵ ئەوەشدا بڕی (60) ملیۆن دۆلار خەرجکرابوو بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بگەیەنین بەم ئاستە, بۆیە من بڕیارمدا  بە قەدەغەکردنی کارکردنی کوردی کەرکوك لەم شارە و ناوچەکانی دەورووبەری لە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

له ساڵی 1988 تا 1991 ڕژێمی بەعس ئەوەی بۆیکرا و بۆیلوا لە کوشتن و ڕاگواستن و لە ناودانی کورد ئەنجامیدا, لەو ماوەیەدا گەورەترین تاوان لەم ناوچەیەدا بەڕێوەدەچوو, بێ ئەوەی کەسێك هەبێت ڕەخنەی لێبگرێت و دژی بدوێت.

لە کۆتایی ساڵی 1991 عیراق لە مشتی سەدامدا جێگای دەبووەوە و سوپایەکی دڕندە و لە خۆبایی دروستکردبوو, بۆیە بڕیاری دا پەلاماری کوەیت بدات و توانی لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا داگیریبکات, بەڵام ئەم کارەی سەدام لێدانی بەرژەوندییە نەوتییەکانی کۆمپانیا بیانیەکان بوو, بۆیە زۆر بە خراپی بەسەریدا شکایەوە و سوپا مەزنەکەی لە بەرامبەر هێزی هاوپەیمانان نەك هەر چۆکیان دادا, بگرە بەشێوەیەك ریسوابوون کە ئابڕوی عیراقیان برد, بۆیە کاتێ ئەو سوپایە بە رووت و ڕەجاڵی و شڕوپەڕپووتی لە کویت دەرکرا, خەڵکی عیراق بەگشتی لە ناخەوە بۆ عیراق و ئەو بارەی بە دەست سەدامەوە تێکەوتبوو دەسووتان, گڕی ڕاپەڕین و ناڕەزایی سەرەتا لە باشوورەوە دەستیپێکرد و دواتریش لە کوردستانەوە ڕەشەبای ڕاپەڕین لە شاخەکانەوە هاتەخوارەوە و تاتوانی لە 21 ئازاردا شاری کەرکوکیش ڕزگاربکات, بەڵام سوپا بەزیوەکەی عیراق وەك پیشەی تایبەتی خۆی زۆر ئازاو جەربەزە بوو بۆ گیانی گەلانی عیراق و دوای ئەوەی گڵۆپی سەوزی لە لایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانانەوە بۆ هەڵکرا, کەوتە وێزەی گەلانی عیراق و کوشتوبڕێکی وای ئەنجامدا, کە تەنها لە ئەفسانەکاندا بیستراوە.

لە باشووری عیراق ژمارەیەکی زۆر لە شیعەکان لە ترسی کوشتنی ئەوانەی لە دەست جەلادەکانی بەعس ڕزگاریان بوو, خۆیان گەیاندە ئێران و لەوێ مانەوە, لە کوردستانیشەوە زیاتر لە یەك ملیۆن کەس ڕوویکردە شاخەکانی کوردستان و سنوورەکانی ئێران و لەوێ مانەوە, تا هێزەکانی هاوپەیمانان بڕیاری دامەزراندنی ناوچەیەکی ئەمنیان لە کوردستانداو کورد بە گشتی گەڕانەوە ئەو ناوچەیە, حکومەتی عیراقیش بۆ زیاتر گوشار و لێدانی کوردەکان سەرەتا ئیدارەکەی خۆی لەو ناوچانەی کورد تیادا باڵادەست بووکشانەوە و دواتریش گوشاری ئابووری زۆر بەتووندی بەسەردا سەپاند, بەڵام کورد توانی ئیدارەیەکی تایبەت بە خۆی لەوناوچانە دابمەزرێنێ و تا ئەمڕۆش دوای چەندین ساڵ لە ڕووخانی بەعس لە عیراقدا هەر بەردەوامە.

ف14/

دروستبوونەوەی سیاسیانەی تورکمان لەسێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

لە ساڵی 1992 حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا و لە پاڵ ئەم حکومەتە چەندین پارت و ڕێکخراوی سیاسیی تورکمانی بە یارمەتی و پاڵپشتی دارایی و سیاسی و مەعنەوی یەکێتی و پارتی دامەزران, کوردەکان ڕێگایان بۆ تورکمانەکان خۆشکرد تا کۆنفرانسێکی نەتەوەیی لە شارۆچکەی سەلاحەدین ئەنجامدەن, بە مەبەستی یەکسختنی تواناکانیان و ڕێکخستنەوە و یەکخستنی داوا و ئامانجەکانیان, کوردەکان هەر لەسەرەتاوە پاڵپشتی داوا ڕەواکانی تورکمانیان دەکردو بەوپەڕی ئازادییەوە ڕێگایان دا بەو حزبانە چالاکیی سیاسیی خۆیان ئەنجامدەن, هەرچەند هەندێك لەو حزبانە لە بەرامبەر هەندێك دەستکەوتی دارایی کەوتنە تۆڕی جاسوسیەتی تورکیاوە و لە دژی بەرژەوەندی کوردستان هەڵسوکەوتیان دەکرد, بەڵام حکومەتی هەرێم کە مانشێتی دیموکراسی و ئازادیی و مافی چارەی خۆنووسینی بۆ سەرجەم گەلانی عیراق بەرزکردبووەوە, بە هیچ شێوەیەك لە ڕووی چالاکییە سیاسیەکانی تورکمان نەوەستایەوە, لە کۆنفرانسی سەلاحەدین کە بە بەشداری پێنج ڕێکخراوی تورکمانی سازکرا, لەوانە پارتی تورکمانی

عیراقی به سەرۆکایەتی (مزەفەر ارسلان) و یەکێتی تورکمانە سەربەخۆکان به سەرۆکایەتی (عزیز قادر الصمانجی) و یەکێتی ئیسلامیی تورکمانەکانی عیراق, (عەباس بەیاتی) و دوو ڕێکخراوی تر که یەکێکیان بەسەرۆکایەتی (شکر صفر) و ئەویتر به سەرۆکایەتی (علی النجار) زۆر به ئازادی ڕەوش و ئامانج و ویستە کانی تورکمان له عێراقدا خرایه ژێر باس و لێکۆڵنەوەوە, جگه لەمانیش چەندین حزب و ڕێکخراوی تورکمانی له هەولێر و سلێمانی دروستبوون لەوانه پارتی برایەتی تورکمانی (ولید شریکه) وپارتی یەکێتی تورکمانی (ریاز صاری کهیه) وبزووتنەوەی سەربەخۆکانی تورکمان له هەولێر (فرید جلبی) و پارتی گەلی تورکمان (تورهان کەتانه). له ئازاری ساڵی 1995یش بەرەی تورکمانی بەسەرۆکایەتی دکتۆر احسان الدوغرجی دامەزرا.

هەر له سەرەتای دامەزراندنی کیانێکی کوردی له کوردستانی باشوور, تورکیا جارێکی تر کەوتەوە لێدانەوەی قەوانە کۆنەکەی و کەوتەداواکردنی ولایەتی موسڵ و جارێکی تر ئەو بیانووە مردووەی دەهێنایەوە که ولایەتی موسڵ ئینگلیزەکان بەزۆر داگیریان کردووە و تورکیا به ڕێکەوتننامە جێی نەهێشتووە, یەکێ لەو سەرکردانەی تورکیا که به ڕوونی و بێپەردە کەوتە لێدانی ئەم قەوانە سەرۆك تورغوت ئۆزال بوو, دواتریش له ئازاری ساڵی 1995 سەرۆکی تورکی سلیمان دیمریل بانگەشەی ئەوەی دەستپێکرد که ولایەتی موسڵ مافی تورکیایه و بەشەڕ ئەم ناوچەیەی جێنەهێشتووە, بەڵکو به هۆی لاوازی مەوقیفەوە له دانوستانەکانی ئەوکات دۆڕاندوویەتی, تورکیا بەم تەسریحاتانه بەردەوام گوشاری دەخستە سەر عیراق و کوردەکانیشی ئیستیفزاز دەکرد, بەڵام دوای ئەوەی که بەشداری شەڕی رووخانی سەدامی نەکرد, مەوقفی له لای ئەمەریکا و ڕۆژئاوا زۆر لاواز بوو و لەیاریەکه ڕۆڵی لاواز بوو, بۆیه پەنای بۆ هەندێك لایەن و حزبە سیاسیه تورکمانەکانی عیراق و کەرکوك برد, تا له ڕێگای ئەوانەوە کێشه و گرفت بۆ حکومەتی ئەمەریکا و عیراق دروستبکات و گوشارێك لەسەریان دروستبکات, و ئەو فەزایه بخوڵقێنێ جارێکی تر ڕۆڵێکی بدرێتێ و له گۆڕانکارییەکانی ئەم ناوچەیه دەستکەوتێك بۆخۆی بەدەستبێنێ, ئەوەی بەڕاستی نکۆڵی لێناکرێت تورکیا هەڵەیەکی زۆر گەورەی کرد که له بەرامبەر ویستەکانی ئەمەریکا وەستایەوە بۆ لێدانی عیراق, هاوکات گۆڕانی بارودۆخی دونیاو بیری سیاسیی گۆڕانی پێگەو فاکتەرەکانی بەرژەوەندی ئابووری ئەمەریکا و ڕۆژئاوا تورکیای خستۆته مەوقفێکی زۆر لاوازەوە که بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی تورکیی ئاوا لاواز و بێ دەسەڵات نەبووە.

---

1- عەرەفە: سیفەیەکی تەعریبکراوی هەمان ناوی (ارفا)یه.
2- تألیف ج.ب. اسمونس – استاذ الدراسات الایرانیة في جامعة کوبنهاکن – نقله الی العربیة وعلق علیه جرجیس فتح الله
3- منطقة کرکوك ومحاولات تغیر واقعها القومي. الدکتور نوري طالباني – لندن – 1990
4- احیاء کرکوك و معالمها- د. صبحي ساعتجي - اسطنبول – موسوعة مدائن العراقیة.
5- موسوعة المدائن العراقیة – اعداد - سلیم مطر - علي تبویني – نصرت مردان. ص -365 – کرکوك في تاریخ – د . مصطفی جواد.

6- د. جمال رشيد احمد. كركوك في العصور القديمة – اربيل – اراس للطباعة و النشر – 2002
* د.كمال مظهر- كركوك و توابعها حكم التاريخ و الضمير –الجزء الاول
7- الثورة العراقية – ص -180.
8- م. س. لازاريف 1989 ص 306 – 309
9- موسوعة مدائن العراقية – العشائرو العوائل العراقية التي احتضنتها كركوك عبر العصور - ابراهيم اوجى - كركوك
10 - كركوك في العصور القديمة – الدكتور جمال رشيد احمد – دار الاراس للطباعة و النشر.
11- كركوك و لعنة النفط مؤيد الراوي – موسعة المدائن العراقية.
12- ئەگەر چی ئەمە سەد لە سەد راست نییە, چونکە لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە تورکمان شیوعی بوون, بەڵام وەك ئاراستەی بیری شیوعیەت لە ناو تورکمان و لە تورکیاشدا وەك حزبیش هەبوون.
13- التاريخ السياسيى لتركمان العراق / شایەنی زانینە خیرالله حسن افندی باوکی هەردوو کوژراوەکەی شەڕی 1959دا عەتا خیرالله و ئیحسان خیرالله برا یەتی.
14- العراق في عهد قاسم – جرجيس فتح الله – ص736.
15- الدكتور نورى طالبانى – منطقة كركوك و محاولات تغير واقعها القومى ط 2 -1991 ص 79
16- حەسەن جاف - رۆمانی– عەلەبەستێ.
17- مذكرات طبقجلى ص93
18- = = ص 238
19- مامۆستا ئازاد یەکێ لە کوڕەکانی تاڵیب جەباری برای فاتح جەباری سەرچاوەی ئەم زانیارییانەیە, کە ئێستا خۆی ماوە و هەر خۆشی لەو ڕووداوەدا دەبێت.
20- کەمالی مەلا داود برای فاتح جەباری ئەو کات دوای تەواوکردنی کۆلێژی بازرگانی پەیوەندی دەکات بە حزبی شیوعیی عیراقەوە و دواتر دەکرێتە بەرپرسی هێڵی (ئەعزەمیە) لە ساڵی 1963 لە بەغداد هەڵدێت و خۆی دەگەیەنێتە کوردستان لە کلکە سماق جێگیر دەبێت, بەڵام دوای چەند ساڵێك بە نهێنی دەگەڕێتەوە بەغداد و لەوێ لە کارگەیەکی دروستکردنی شەربەت وەك کرێکار کاردەکات, ئەو کارگەیە موڵکی پیاوێکی نەجەفی بوو,دواتر لە ساڵی 19970 دا دوای ئەوەی بەعس روو لە شیوعیەکان دەکاتەوە و عەفویان بۆ دەردەکات هەندێکیان دەگەڕێنیەوە بۆ کار ئەمیش دەکرێت بە (مدير تمور الخارجيه) تا ساڵی 1975 خانەنشین دەکرێت.
21- مذكرات طبقجلي. – نازم طبقجلي – اعداد جاسم مخلص.
22- حنا بطاطو – العراق. الطبقات الاجتماعية و الحركات الثورية – الجزء الثالث – ترجمة عفيف الرزاز.
23- = = - ص202
24- = = = ص 203
25- نيورك تايمز في 29 نيسان ابريل 1959.
26- ارشد هرمزى- التركمان و الوطن العراقي – مؤسسة وقف كركوك. ل70.
27- عەلەبەستێ – حەسەن جاف – کورتە رۆمان –2006– کۆمەڵەی رووناکبیری کەرکوك.
28- مەلا جەمیل رۆژبەیانی. چەپکێ رەخنە لە کتێبی ئوستاد – کەرکوك – 2005 لە بڵاوکراوەکانی دەزگای (هەواڵ) بۆ ڕاگەیاندن و رۆژنامەوانی.
29- حسن علوي. العراق دولة منظمة السرية.
30- حنا بطاطو.
31- حسن علوى – العراق دولة منظمة السرية. ل26
32 – حنا بطاطو.
34– امين هويدي. هنري كيسنجر و ادارة الصراع الدولي.